# Adobe Dreamweaver CC 2014

# نەخشە سازیی
# ماڵپەر
## بە بەکارهێنانی دریمویڤەر سی سی 2014

## Website Design Using Dreamweaver cc 2014

نووسینی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی

کۆلێژی ئینفۆرماتیك و پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەر

ناوی کتێب : نەخشە سازیی ماڵپەڕ بە بەکارهێنانی دریویڤەر 2014

نوسینی : هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

پیتچنین و نەخشەسازی ناوەوە : هێمن کەریم ئەحمەد

تیراژ : 3000 دانە

نۆبەتی چاپ : یەکەم 2016

ساڵی چاپ : 2016

Mobile: 07701515582

E-Mail: hemnbarznji82@gmail.com

dr.hemn@yahoo.com

Personal Website(Weblog):

www.hemnbarznji.blogspot.com

Facebook:

facebook.com/hemn.melakarimbarznji

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

# نەخشەسازی

# ماڵپەڕ (هتملّ، سی ئێس ئێس)

Design of

# Web Site (HTML, CSS)

نووسینی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی

کۆلێژی ئینفۆرماتیك و پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەری سلێمانی

چاپـــــی یەکەم

2016

**پێشکەشە بە:-**

- **رۆحی پاکی مەرحومی باوکم ((حاجی بابا شێخی بەرزنجی)) رەزا و رەحمەتی خوای لیبێت، یەکەم مامۆستا و ڕێبەری ژیانم.**
- **دایکم و هەردوو براکەم.**
- **هەموو ئەو مرۆڤانەی بێوچان و بەردەوام لە هەوڵی فێربوون و، بەخشینی زانستدان.**
- **هەموو ئەو مامۆستایانەی لە حوجرەو قوتابخانەکانەوە، تا ئەمڕۆ، تەنها وشەیەك چییە لێیانەوە فێر بووبم.**
- **ئەو کچەی دەبێتە بە شێك لە ژیانم و خۆشم دەوێ و خۆشی دەوێم. ئەگەرچی نازانم کێ یە و، چۆن و، کەی ؟!!**

## پێشەکی :

**نەخشەسازیی و درووستکردنی ماڵپەڕ یەکێك لە گرنگترین بووارەکانی تەکنەلۆژیایە و، ناکرێت و ناگونجێت بمانەوێت سیستەمی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژی درووست بکەین، بێ ئەوەی گرنگی بە بواری نەخشەسازیی و درووستکردنی سایت بدەین. چونکە لە دونیای تەکنەلۆژی دا زیاتر زانیاری لەرێگەی ماڵپەرەوە دەگوێزرێتەوە و دەخرێتە روو،لە ئیستاشدا زیاتر جێگەی بایەخە بەهۆی بوونی بازرگانی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ئەلیکترۆنی و گۆرانی زۆربەی کایەکانی ژیان بۆ ئەلیکترۆنی وەکو ((پاشەکەوت کردنی زانیاری، ئالۆگۆری بانکی و .....)) ، بە پێچەوانەی شێوەی کۆنیش زوو بلاوکردنەوەی زانیاری لە تایبەتمەندییە باشەکانی ماڵپەرە، وەك لە دوونیای کۆن و کاغەز و ئەرشیفی مادی گەورەی فایل و مامەڵە و زانیاری سەر کاغەز ئەمە بەدی نەدەکرا.**

**بۆیە بە پێویستم زانی کتێبیکی تایبەت بە بوواری ((نەخشە سازی ماڵپەڕ/سایت بەبەکارهێنانی دریمویڤەر سی سی 2014 )) بنووسم و، تارادەکیش و بە گوێرەی توانا هەولبدەم گرنگی بە بوواری جوانکاری بدەم و ، نموونەی لە بارەوە بهینمەوە، بۆ ئەوەی فێر خواز وەرس نەبێت لە خویندنەوەی کتیبەکە و، بەکارهێنانی، هەروەها بە ئاسانتر لە مانا و مەبەستی بابەتەکان تێبگات.**

**جیگەی ئاماژەیە کە بەرهەمەکە ئەکادیمییە و بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی جیهانی و نیودەوڵەتی نووسراوە و، هەولیش دراوە وشە و زاراوەکان بە کوردی بکرێت و، بە ئینگلیزیش وەك خۆی بنووسرێتەوە، بۆئەوەی بەکاربەری ئەم کتیبە هەم وشە ئینگلیزییەکە بزانێت بۆ ئەوەی کە کتیبێکی ئینگلیزی بووارەکە دەخوێنێتەوە بە باشتر لێی تێبگات، هەروەها ماناکەشی بە زمانی کوردی نووسراوە و، ئەگەر پێویستی بە راڤە بووبێت ئەوا شیمان کردۆتەوە.**

**لە کۆتایدا هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك بە بواری زانستی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیایی زانیاری بکەم و، کەم تازۆر رۆڵمان هەبوویێت لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی کوردی دا، وەلێ نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە ئەم بەرهەمە ئەنجامی شەونخونی و هەوڵ و ماندوبونێکی زۆرەو لەگەڵ ئەوەشدا بێکەم و کوڕی نییە**

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

**کوردستان – سلێمانی**

2015/4/5

# بەشی یەکەم

# ناساندنی دریمویڤەر، دابەزاندن و چالاك كردنی

# Introduction to Dreamweaver, Installation and Activation

# دریمویڤەر چییە ؟

# What is Dreamweaver?

ئەدۆب دریمویڤەر ئامرازی تایبەتمەندی گەشەپێدان و درووستکردنی ماڵپەرە، درووستکراوە لەلایەن سیستەمەکانی ئەدۆبەوە Adobe System، دریموەیڤەر لە رابردوودا لە لایەن ماکرۆمیدیاوە درووستکرا لە ساڵی 1997ز، دا، بەردەوامی درا بەم بەرنامەیە هەتا ساڵی 2005، کۆمپانیای ئەدۆب ماکرۆمیدیای کرییەوە.

دریمویڤەر بۆ سیستەمەکانی کارپێکردنی ویندۆز و ماکنتۆش بەردەستە و درووستکراوە، لە ئیستادا زۆر گەشەی پێدراوە و، پاڵپشتی تەواوی سی ئێس ئیس و جاڤا سکریپت ئەکات، هەروەها پاڵپشتی زمانە سکریپتی یەکانی لای راژەکار Server – Side Script Languages دەکات، وەکو ئەی ئێس پی ASP ((ئەی ئیس پی جاڤا سکریپت ASP JavaScript، ئەی ئێس پی ڤی بی سکریپت ASP VBScript، ئەی ئێس پی دۆت نێت سی شارپ ASP.NET C#، ئەی ئێس پی دۆت نێت ڤی بی ASP.NET VB))، کۆڵدفیوژن ColdFusion، سکریپتلێت Scriptlet، و پهپ PHP.

# تایبەتمەندی و رووخسارەکانی دریمویڤەر

# Features of Dreamweaver

1. بنووسی ویزویگ WYSIWYG Editor و بنووسی Code Editor کۆدی هەیە، بە پێی پێوەرە جێگیرەکان.
2. بە ئاسانی نەخشە سازیی و سایت درووستکردن ئەنجام ئەدرێت بەهۆیەوە.
3. بەهۆیەوە توانای نەخشەسازی کردن هەیە لەرێگەی بینینی Visually و رووکاری وێنەی بەکاربەر GUI = Graphical User Interface، یان بەهۆی کۆدیشەوە Code. یاخوود بەبەکارهێنانی هەردوو شێوەکە.
4. لەگەڵ هەردوو شێوەی سیستەمی کارپێکردنی ویندۆز و ماکنتۆش کاردەکات و گونجاوە.
5. پاڵپشتی سیستەمی بەرێوەبردنی ناوەرۆك دەکات و توانای یەکپێگرتن هەیە لەگەڵیان Integrated CMS Support، ئەمە لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی دریمەوەیڤەرە، کە دریمەوەیڤەر رێگە بە

نووسین و تاقیکردنەوەی سیستەمەکانی بەریوەبردنی ناوەرۆك CMS=Content Management System، وەکو درۆپاڵ Drupal، ۆرد پرێس Word press و جوومله Joomla.

6. رێگە بە درووستکردن و نووسینی فایلی سی ئێس ئێس CSS Fileدەدات بەهەردوو شێوەی بینینی Visually واتە بێکۆد ، یان بە کۆد Code.
7. کارئاسانی تەواو کراوە بۆ بەکارهێنەری ئەکادیمی و نائەکادیمیش بۆ ئەوەی بێ گرفت کارەکانی بکات و ماڵپەڕ درووست بکات.
8. فێربوونی ئاسانە و تەنها بە دەست راهاتن و زانینی بنەماکانی نەخشەسازی سایت و هتمڵ و سی ئێس ئێس هەموو کارەکانی نەخشە سازی پێ ئەنجام دەدرێت.
9. بە کەمترین کۆد نووسی ماڵپەڕ درووست دەکرێت و بەمەش نەخشەساز Designer کەمتر ماندو و بێزار دەبێت.
10. کات و تەندرووستی بۆ بەکارهێنەر دابین دەکات.

# مێژووی نەوەکانی دریمویڤەر

# History of Dreamweaver

لە سەرەتای درووستکردنی دریمویڤەر لە لایەن کۆمپانیای ماکرۆمیدیاوە تا ئیستا چەند نەوەی لێبەرهەم هاتووە و، نەوە دووای نەوە وای لێکراوە کە پاڵپشتی نوێترین زمان و تەکنەلۆژیاکان بکات، هەروەها نەوە دووای نەوە کار ئاسانی زیاتر بۆ بەکارهێنەر کراوە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، پوختەی مێژووی دریمویڤەر خراوەتە روو:

| دابینکەر کۆمپانیا | نەوە | نوێکردنەوە و ناوی جێگرەوە | بەرواری بلاوکردنەوە | سەرنج |
|---|---|---|---|---|
| ماکرۆمیدیا | 1.0 | 1.0 | 1997 | تەنها بۆ ماك |
| | | 1.2 | 1998 | یەکەم نەوەی ویندۆز |
| | 2.0 | 2.0 | 1998 | |
| | 3.0 | 3.0 | 1999 | |
| | | ئەلترادیڤ1.0 | 2000 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 4.0 | 4.0 | 2000 | |
| | | ئەڵترا دیڤ 4.0 | 2000 | |
| | 6.0 | ئێم ئێکس | 2002 | |
| | 7.0 | ئێم ئێکس 2004 | 2003 | |
| | 8.0 | 8.0 | 2005 | دووا نەوەی ماکرۆمیدیا |
| سیستەمەکانی ئەدۆب | 9.0 | سی ئێس 3 | 2007 | |
| | 10.0 | سی ئیس 4 | 2008 | |
| | 11.0 | سی ئێس 5 | 2010 | |
| | 11.5 | سی ئێس 5.5 | 2011 | پاڵپشتی هتمڵ5 |
| | 12.0 | سی ئێس 6 | 2012 | |
| | 13.0 | Creative Cloud | 2013 | |
| | 14.0 | سی سی 2014 | 2014 | |
| | 14.1 | | | |

# سەرنجەکان پێش دابەزاندن

# Comments before Installation


1. پێش دابەزاندن پێویستە ئینتەرنێتەکەت رابگریت و کاری پێنەکەیت. بە پێچەوانەوە گرفت بۆ دابەزینەکە درووست دەبێت، بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداری ئەم خاڵەبیت.
2. لە هەنگاو و کاتی بەکارهێنانی ڤی پی ئێن VPN دا لە هەندێك لە بەرنامەکانی ئەدۆب سوود وەرناگیرێت و ناتوانرێت بەکاربێت.
3. لەهەر کاتێکدا بەرنامەکە داوای نویکردنەوە Updateکرد، پێویستە نوێنەکرێتەوە. یاخود خۆمان نویچی نەکەینەوە و زۆر ئاگادارین.

# دابەزاندنی دریمویڤەر سی سی 2014


# Dreamweaver CC 2014 Installation

1. دیڤیدی بەرنامەکە بکە ناو شوێنی دیڤیدی DVD-Room و چاوەڕیبە تا دەی خوینێتەوە.
2. پاشان دیڤیدییەکە بکەرەوە.
3. فولدەری دریمویڤەری سی سی 2014 بکەرەوە .
4. دووانە کلیك Double – Click لەسەر دابەزاندن Setup بکە.
5. لەو رووکارەی دەکریتەوە کلیك لەسەر دووگمەی OK بکە. چاوەڕیبە تاوەکو پاش کەمیك فولدەر و فایلەکان دادەبەزیتە ناو بەشی سی کۆمپیوتەرەکەت.


تیبینی :: دووای بە تەواوی دابەزینی بەرنامە دەتوانی ئەم فولدەرە و فایلەکانی ناوی بسریتەوە.




6. لەورووكارە نویّ یەی كراوەتەوە كە تایبەتە بە دابەزاندن، كلیك لەسەر هەولدان Try بكە :





7. لەو پەنجەرەیەی كراوەتەوە كلیك لەسەر Sign In بكە :




8. پاشان لەو رووكارەی كراوەتەوە كليك لەسەر  Sign In Later بكە :





9. واباشترە ئينگليزی بە پالپشتی عەرەبی (( Englishيدعم العربيه)) هەلبژيريت و پاشان كليك لەسەر رازی بوون  Accept بكە :




10.پاڵپشتی کردن و قبوولکردنی زمانی عەرەبی ((يدعم العربية)) هەلبژێرە و پاشان كليك لەسەر Install بکە :





11.دووای دابەزين ئم رووكارەی خوارەوە دەردەكەوێت و كليك لەسەر دووگمەی Launch Now بكە :




12. پاشان لەو رووكارەی كراوەتەوە كليك لەسەر Sign In Later بكە:





13.كليك لەسەر Start Trial بكە و بەرنامەكەش مەكەرەوە تا چالاكی ئەكەيت، ئەكەر خۆی كرايەوە داى بخەرەوە و چالاكی بكە:




# چالاك كردنی بەرنامەی دریموەیڤەر

# Dreamweaver CC 2014 Activation


1. ئەو دیڤیدییە بکەرەوە کە بەرنامەکەت لێوە دابەزاندن و پاشان فۆڵدەی دریمویڤەر 2014 بکەرەوە.
2. دووانە کلیك Double – Click لەسەر Patch بکە.
3. لەو رووکارە دەکرێتەوە ئەدۆب دریموەیڤەر سیسی 2014 (32بت) Adobe Dreamweaver CC 2014 (32 Bit) هەلبژێرە.





4. کلیك لەسەر دووگمەی پاچ Patch بکە :



5. چاوەڕێ بە پاش کەمێك پێت ئەلێت پینەکردنەکە رووی دا Patch Done:




6. ئیستا رووکاری پینەکردنەکە دابخەرەوە و بەرنامەکەت چالاکە و بیکەرەوە و بەکاری بهێنە :




# بەشی دووەم

# کردنەوەی  دریمویڤەر، رووکاری بەرنامەکە


# Open Dreamweaver and User Interface

## کردنەوەی بەرنامە Open the Program


1. کلیك لەسەر دووگمەی دەستپێکردن Start بکە.
2. کلیك لەسەر هەموو بەرنامەکان All Programs بکە.
3. کلیك لەسەر بەرنامەی دریمەوەیڤەر سی سی Adobe Dreamweaver CC 2014بکە.



4. پاشان ئەم رووکارە دەرەکەوێت:




5. پاش کەمێك بەرنامەکە دەکرێتەوە :



# رووكاری بەرنامەكە

# User Interface

دووای ئەوەی بەرنامەكەمان كردەوە، رووكارێكمان كەوتۆتە بەردەست كە بە هۆیەوە كارەكانمان ئەنجام دەدەین، ئەویش لە دوو بەشی شاشەی بەخێرهاتن Welcome Screen و شوێنی كاركردنەكە The Workspace دا روونی دەكەینەوە.

# شاشەی بەخێرهاتن

# The Welcome Screen

پێش ئەوەی هیچ فایلێك بكەینەوە، دریمەوێڤەر سنووقێكی سەوز لە ناوەراستی شاشەكەی دا پیشان دەدات، كە پێی دەڵێن شاشەی بەهێهاتن و، هەندێك لە فرمان و كارە گرنگەكانی تێدایە و بەهۆیەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە دابەش كراوە بۆ سێ بەش:

## 1.فایلە تازەكان Recent Files:


فایلە نوێیەكان Recent File واتە ئەو فایلانەی كە پێشتر كراونەتەوە و بەكارهاتوون و بەیەك كلیك لەسەر هەر كامیان دەكرێتەوە و چالاك دەبێت، هەروەها كردنەوە Openش هەیە بۆ كردنەوەی هەر فایلێك بمانەوێت.

## 2.درووستكردنی نوێ Create New :

كە بەهۆیەوە فایلێكی نوێ ی هتمڵ HTML یان سی ئێس ئێس CSS، جاڤا سكریپت JS، ئێس ڤی جی SVG، پهپ PHP، ئیكس ئێم ئێڵ XML، لیزLESS، ساس SASS، نەخشەی ماڵپەر Site Map، شێوەی شلەیی سایت Fluid Grid، پاڵێی سایت Site Template.

## 3.فێركردن Learn:

بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین فیری هەندێك بەش و پێكهاتە ببینین و، سوود لە فیركاری ڤیدیۆیی وەربگرین بۆ مەبەستی خۆ فیركردن.




# پیشان نەدانی شاشەی بەخێرهاتن


# Don’t Show Welcome Screen

ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ کردنەوەی دریمویڤەر سی سی 2014 دا، و دەرکەوتنی رووکارەکەی، یان لە کاتی داخستنەوەی هەموو فایلەکان، شاشەی بەخێرهاتن دەرنەکەوێت، ئەوا لای ببە:


1. کلیك لەسەر دووگمەی چاکسازی کردن Edit بکە.




2. سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Preference لە کۆتای لیستەکەدا و کلیکی لەسەر بکە:



3. پاشان رووكارێك دەكرێتەوە و بەهۆیەوە دەتوانین زۆر گۆرانكاری بكەین، لە بەشی گشتی General دا، یەكێك لە هەڵبژاردنەكانی دۆكۆمێنت Document Options، بریتییە پیشاندانی شاشەی بەخێرهاتن Welcome Screen و، ئەگەر كلیك لەناو سنووقی پشكنینی بەردەمی Check Box بكرێت پیشان دەدرێت و، ئەگەر كلیك نەكرێت لەناوی دا پیشان نادرێت.




4. پاشان كلیك لەسەر Apply دەكەین:



# شوێنی کارەکە

# The Workspace

شاشەی بەخێرهاتن Welcome Screen لە شوێنێکدا پیشان دەدرێت کە پێی ئەلێن، پەنجەرەی دۆکۆمێنت Document Window و، ئەم پەنجەرەی دۆکۆمێنتە لاپەرەی وێب Web Page پیشان دەدات ، بەو جۆر و شێوەیەی کە لە ویبگەر Web Browserدا، پیشان دەدرێت، کە لای راستییە وە هەندێك گرووپی تاب Tab Group و، پەنێڵ هەیە، هەروەها لەسەر و خواریی بەشەکانی تر، کە بە کورتی باسی پێکهاتەکانی شاشەی دریمەوەیڤەر دەکەین، دووای کردنەوەی فایلێك و لابردنی شاشەی بەخێهاتن.

## بەشەپێکهێنەرەکانی رووکاری دریمەوەیڤەر

## The Components of Dreamweaver Interface

### یەکەم: شریتی لیستەکان – Menu Bar //





ئەم شریتە بە شریتی لیستەکان ناسراوە . چونکە چەند لیستێك لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە فایل File، کاتیك کلیکی لەسەر دەکەین، لیستی فایل دەکریتەوە، هەروەها لیستی چاکسازی کردن Editکە بە کلیك کردن لەسەری لیستی چاکسازی دەکرێتەوە و، بەشە گرنگەکانی ئەو بوارە لە خۆ دەگرێت، هەروەها چەند لیستێکی ترسی تیایە، کە لە بابەتەکانی دوواتر دا، بە کورتی باسی پێکهاتە و بەشە گرنگەکانی هەر لیستێکیان ئەکەین، وەکو :

- پیشاندان View.
- خستنە ناو/زیاد کردن Insert.
- گۆرانکاری بچووك Modify.
- رێکخستن Format.
- فرمانەکان Commands.
- سایت Site.

- پەنجەرە Window.
- یارمەتی Help.


## دووەم: پەنجەرەی دۆکیۆمێنت Document Window//

پەنجەرەی دۆکۆمێنت بەشێکی تری رووکاری دریمویڤەرە، کە بەهۆیەوە کارەکەمان ئەنجام ئەدەین و، کە بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە گەورەیە و بە گەورەیی پیشان ئەدرێت، ناوی فایلی کراوە و هێمای داخستنەوە Close لە ژێر شریتی لیستەکان Menu Bar ی بەرنامەکەوە دەردەکەوێت:




## سێهەم: شریتی ئامرازەکان – Tool Bars//

لە ژێر ناوی فایل و پاشگری فایل و دووگمەی داخستنەوەدا، کە سەرەتای پەنجەرەی دۆکۆمێنتە، شریتی ئامرازەکان هەن، کە دوو شریتە و بەشێوەیەکی هەمیشەیی دانەیەکیان چالاکە و لەسەر شاشەیە، ئەویش شریتی ئامرازەکانی دۆکۆمێنتە، کە پێکهاتووە لە چەند دووگمەیەکی زۆر گرنگ و پێویست، کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە:





بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی دووگمەکانی ئەم شریتە گۆرینی شێوەی پیشاندانەکانە، کە هەر شێوە و بۆ مەبەستیك بەکاردێت، بە گشتی و بە کورتی لە خوارەوە رووئمان کردۆتەوە.

هەرچی شریتی دووەمە، شریتی ئامرازە پێوانەییەکانە Standard Tool Bar، کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەسەر شاشە نی یە و، ئەگەر ویستمان بەردەست بێت، ئەبێت خۆمان زیادی بکەین.

## 1.شریتی ئامرازەكانی دۆكۆمینت Document Tool Bar

دووای ئەوەی لاپەرەكەمان كردەوە، دەتوانین بەچەند جۆرێك لاپەرەكان پیشانبدەین، كە هەر پیشاندانە و بۆ مەبەستێك بەكاردێت و، جیاوازیش لە شێوەی پیشاندانەكان دا هەیە:





- كۆد Code: پیشاندان بە شێوەی كۆد، ئەم پیشاندانە بۆ ئەوەیە راستەوخۆ كۆد بنووسین، یان كۆدەكان ببینین.
- جیا (دووانی)) Split: پیشاندانی دووانی بۆ ئەوەیە هەم كۆد پیشان بدات و هەم شێوەی نەخشە سازی و بەمەش ئەو كارەی بە كۆد نووسین دەیكەین لە نەخشە سازی دەیبینین.
- نەخشە سازی Design: پیشاندانی شێوەی نەخشە سازی بۆ ئەوەیە كە لە رێگەی هەلگرتن و گواستنەوە ((راكێشان)) ی بەشەكانەوە كار بكەین و كۆد نەنووسین. واتە بێ كۆد نووسین نەخشەسازی بكەین.
- راستەوخۆ Live: پیشاندانی راستەو خۆ بۆ ئەوەیە كە بزانین كاتی بلاوكردەوەی سایتەكەمان چۆن دەردەچێت لە ناو وێبگەر Web Browser و بەشێوەی راستەو خۆ، كاتێك كلیك لەسەر ئەم شێوەیە دەكەین دوو شێوەی تر، چالاك دەبێت، ئەوانیش كۆدی راستەو خۆ Live Code و Inspect، هەروەها دووگمەكانی بۆ پێشەوە Forward و بۆ دوواوە Back و نوێكردنەوەش Refresh زیاد دەبێت.
- پیشاندان لە وێبگەر Preview/debug in Browser: ئەم جۆرەی پیشان دان سوودی لێوەر دەگیرێت بۆ ئەوەی كارەكەمان لە وێبگەری گووگڵ كرۆم Google Chrome یان هەر وێبگەرێكی تر Web Browser پیشان بدەین.
- ناونیشان Title : بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین ناونیشانی سایتەكەمان دابنێین، یان بیگۆرین ئەگەر دامان نابوو، كە راستەوخۆ لە ناو كۆدەكەدا دای دەنێت لە تاگی سەرە Headدا و، لە شریتی ناونیشانی Title Bar وێبگەر Web Browser دەردەكەوێت.

• بەڕیوەبردنی فایل File Management: ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ کردنەوەی چەند بەشێکی تایبەت بە بەڕیوەبردنی فایل.


## پیشاندان و شاردنەوەی شریتی ئامرازەکانی دۆکۆمینت

## Show/Hide Document Tool Bar

1. کلیك لەسەر Viewدەکەین:




2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر شریتی ئامرازەکان Tool Bar و لیستێکی بچووك دەکرێتەوە و لەو لیستەی دەکرێتەوە، کلیك لەسەر دۆکۆمێنت Document دەکەین، بەمەش هێمای سەحێك ((نیشانەی ڕاست)) لە تەنیشتی زیاد دەبێت و شریتەکە دێتە سەر شاشەکە.




3. بۆ شاردنەوەی هەنگاوی 1 و 2 دووبارە بکەرەوە و، دەبینیت سەحەکە لا دەچێت و شریتەکەش دەشارێتەوە.


## 2.شریتی ئامرازەی پێوانەییەکان Standard Tool Bar

ئەم شریتە چەند دووگمەیەکی زۆر گرنگ و پێویستی تیایە و، بە هێنانە سەر شاشەی کارئاسانی تەواومان بۆ ئەکات و، لەجیاتی ئەوەی فرمانەکان لە لیستەکانەوە بەکاربهێنین، لەم شریتەوە بەکاری دەهێنین. بەلام وەك وتمان هەمیشەیی و بەردەست نی یە و، پێویستە زیادی بکەین، یاخود لای بەرین ئەگەر پێویستمان نەبێت.


## پیشاندان و شاردنەوەی ئامرازە پێوانەییەکان

## Show/Hide Standard Tool Bar

4. کلیك لەسەر Viewدەکەین:




5. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر شریتی ئامرازەکان Tool Bar و لیستێکی بچووك دەکرێتەوە و لەو لیستەی دەکرێتەوە، کلیك لەسەر پێوانەیی Standard دەکەین، بەمەش هێمای سەحێك ((نیشانەی راست)) لە تەنیشتی زیاد دەبێت و شریتەکە دێتە سەر شاشەکە.





6. بۆ شاردنەوەی هەنگاوی 1 و 2 دووبارە بکەرەوە و، دەبینیت سەحەکە لا دەچێت و شریتەکەش دەشارێتەوە.

## دووگمەکانی شریتی ئامرازە پێوانەییەکان


## Buttons of Standard Tool Bar

ئەم شریتە لە چەند دەگمەیەکی گرنگ پێکهاتووە کە لەچەپەوە بۆ راست بە کورتی کاری هەر یەکێکیان باس دەکەین، بۆ زانینی ناوی هەر دووگمەیەکیش سەهمی ماوسەکەی لیَ نزیك دەکەینەوە و ناوەکەیمان بۆ دەنووسێت.



1. نوێ New: بەکاردێت بۆ کردنەوەی فایلێکی نوێ، کە بەکلیك کردن لەسەری رووکاری تایبەت بە دۆکۆمێنتی نوێ دەکرێتەوە و، بەهۆیەوە فایلی نوێ دەکرێتەوە:


- ئەم رووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە و لە ستوونی جۆری لاپەرە Page Type جۆری ئەو لاپەرەیە دیاری بکە ((هتمڵ HTML)) کە دەتەوێت.
- لە ستوونی لاکان Layoutدا، یەکێك لە جۆرەکان هەلبژێرە، یان کلیك لەسەر None بکە و هیچ هەلمەبژێرە.
- لە بەشی دۆك تایپ DocTypeدا، نەوەی هتمڵ HTML دیاری بکە، بۆ نموونە هتمڵی پێنج HTML5.
- لە بەشی لاکانی سی ئیس ئێس CSS Layoutدا، ئەو فایلی سی ئێس ئێسەی CSSدرووستمان کردووە زیادی بکە بۆ سەرە Add to Head یان فایلێکی نوێ Create New Fileدروست دەکەین، یاخود لینکی دەکەین بەو فایلەوە کە ئیستا هەیە Link to Existing File.
- لە بەشی هاوپێچکردنی فایلی سی ئێس ئێس Attach CSS File دا، دووگمەی هاوپێچکردنی سی ئێس ئێس هەیە کە وینەی زنجیریکە و بەهۆیەوە ئەو فایلەی دەمانەوێت لینکی دەکەین لەگەڵ ئەو فایلە هتمڵHTML ـــەی درووستی دەکەین.
- لە کۆتای دا کلیك لەسەر دووگمەی درووستکردن Createدەکەین.



تێبینی: چۆنێتی درووستکردنی سی ئێس ئێس لە بابەتەکانی دوواتر دا، باس دەکرێت و روون دەکرێتەوە.

2. کردنەوە Open: ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ کردنەوەی فایلی خەزن کراو، کە پێشتر پاشەکەوتمان Save کردووە:

- کلیك لەر دووگمەی کردنەوە Openدەکەین.
- ئەم رووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، کە رووکاری کردنەوەیە:
- بەهۆیەوە شوێنی ئەو فایلە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت بیکەینەوە و، پاشان کلیك لەسەر فایلەکە دەکەین و، دوواتر کلیك لەسەر دووگمەی کردنەوە Open دەکەین:





3. پاشەکەوت کردن Save: ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ پاشەکەوت کردنی کارەکانمان و گۆرانکارییەکانی کردوومانە. بە کلیك کردن لەسەری هەموو گۆرانکارییەکان زیاد و پاشەکەوت دەبێت بۆ فایلی هتملّ یان ..... کە پێشتر درووستمان کردووە.

4. پاشەکەوتکردنی هەمووی Save All: ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ پاشەکەوت کردنی هەموو کارەکانمان و هەموو گۆرانکارییەکانی کردوومانە. بە کلیك کردن لەسەری هەموو گۆرانکارییەکان زیاد

و پاشەکەوت دەبێت بۆ بۆ هەموو فایلی هتملْ یان ..... کە پێشتر دروستمان کردووە و کراوەتەوە و چالاکە.

5. چاپکردنی کۆد Print Code: بە کلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەش و رووکاری تایبەت بە چاپکردنی کۆد دەکرێتەوە و بەهۆیەوە دەتوانین کۆدێك چاپ بکەین کە پێویستمان بێت و بمانەوێت:





- ناو Name: بۆ دیاری کردنی ناوی چاپکەر ((پرنتەر)) بەکاردێت.
- بەشی ماوە ی چاپکردن Print Range: بەکاردێت بۆ دیاری کردنی ماوەی چاپەکە واتە هەموو All، بۆ چاپکردنی هەموو لاپەرەکان، لاپەرەکان Pages بۆ دیاری کردنی ماوەی لاپەرەکان بە ژمارە، بۆ نموونە لاپەرە 2 بۆ4، و بەوجۆرە. دیاری کراو Selection بەکاردێت بۆ چاپکردنی بەشێکی دیاری کراو، ژمارەی نووسخەکانیش Number of Copies بەکاردێت بۆ دیاری کردنی ژمارەی نووسخەی پێویست تا چاپ بکرێت.


6. برین Cut: بەکاردێت بۆ برینی دانە و بەشێکی دیاری کراو.
7. لەبەر گرتنەوە Copy: بەکاردێت بۆ لەبەر گرتنەوەی بەشێك یان دانەیەکی دیاری کراو.
8. پاشگەزبوونەوە undo: بەکاردێت بۆ پاشگەزبوونەوە لە کردارێك کە ئەنجام دراوە.
9. کردنەوە Redo: بەکاردێت بۆ کردنەوەی کارێك کە پاشگەزبووینەوە لێی.

## چوارەم: شریتی دۆخەکان (زانیاری یەکان) Status Bar//

ئەم شریتە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی بەرنامەکە و، لەلای دەستە چەپەوە هەموو ئەو تاگ و بەشانەی زیاد کراوە هەیە و، بەکلیك کردن لەسەر هەر کامێکیان لەبەشی پەنجەری دۆکومێنت Document Window دا ئەو بەشە دیاری دەکرێت Select، هەروەها لە لای دەستە راستەوە چەند بە شێك بۆ دیاری کردن و هەڵبژاردنی حەجم وەکو :





- حەجمی مۆبایل Mobile Size.
- حەجمی تابلێت Tablet Size.
- حەجمی دیسکتۆپ ((کۆمپیوتەری روو مێزیی/سەر مێز)) Desk top Size.
- حەجمی پەنجەرە Windows Size:




## پێنجەم: پشکنەری تایبەتمەندی Property Inspector:


ئەم بەشە زۆر گرنگە و بەهۆیەوە دەتوانین گۆرانکاری لەو بەشەدا بکەین کە دیاریمان کردووە و پێکهێنەرەکانی بە گویرەیی ئەو بەشەی دیاری دەکەین و هەلی دەبژێرین Select دەگۆرێت:

بۆ نموونە : ئەگەر دیڤیك چالاك بیت ئەوا پشکنەری تایبەتمەندی هەموو ئەوانەی تیا دەرەکەویت کە تایبەتە بەو دیڤە وەك لە وینەکەدا دەیبینین :





وەك دەبینن پشکنەرەکە پیکهاتووە لە دوو بەشی سەرەکی، بەشی هتمل HTML و بەشی سی ئێس ئێس و، لە وینەکەی سەرەوەدا بەشی سی ئیس ئیس چالاکە و دەتوانین بەهۆیەوە گۆرانکاری لە یاساکانی سی ئیس ئیس CSS Rule بکەین یان بەهۆی نەخشە سازی سی ئیس ئیسەوە CSS Design گۆرانکاری بکەین ، هەروەها تایبەتمەندییەکانی لاپەرە بگۆرین Page Properties، وەکو رەنگی نووسین و رەنگی پشتەوە و وینە ی پشتەوە و ...... بەو جۆرە.

بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کلیك لەسەر بەشی هتمڵ HTML بکەین ئەوا رووکاری پشکنەرەکە دەگۆڕیت :



## شەشەم: لیستەکانی نووسین Context Menus//

بێگوومان لە دریمویڤەر و زۆرێك لەبەرنامەکانی تریش بەچەند ریگەیەك دەتوانین کارەکانمان بکەین و، بەکارهێنەر بە حەزی خۆیی باشترین و کورت ترین و خیراترین ریگە هەڵەبژێرێت، بە کلیکی راست کردن لەسەر رووکاری پەنجەرەی دۆکۆمێنت، لیستێك دەکرێتەوە و لەم لیستەوە دەتوانین کارەکان بە ئاسانی بکەین، وەکو برین Cut، لەبەر گرتنەوە Copy، دانانەوە Paste، و دانانەوەی تایبەت Paste Special و ...... زۆر کاری تر.




## حەوتەم: پەنێڵەکانی تەنیشت Side Bar Panels//

لە لای دەستە راستی بەرنامەکەوە چەند پەنێلێك هەیە و هەر پەنێلێك و چەند بەکارهێنان و گرنگییەکی خۆی هەیە، کە لێرەدا بەکورتی باسی دەکەین و لە بابەتەکانی تر و بە گوێرەی پێویست بەکارهێنانەکانیان دەخەینە روو:


## 1.پەنێلی تیادانان ((خستنە ناو)) Insert:

ئەم پەنێلە بەکاردێت بۆ دانانی دانەکانی هتملّ HTML بۆ ناو ئەو فایلەی کردوومانەتەوە. پێکهاتووە لە چەندین بەش وەکو باوەکان Common، پێکهینەرەکان Structures، میدیا Media، فۆرم Form، جەی کیوری و قالبَ و هیوایەت .





## 2. پەنێلی فایل File Panel:

ئەم پەنێلە تایبەتە بە پیشندانی فایلەکانی پرۆژەکە و هاوکات بە هۆیەوە دەتوانین فایل و فولدەر و .... دروست بکەین و دای بنێین تیایدا و، بە هۆیەوە پێکهاتەی سایتەکەمان رێك بخەین.





## 3.پەنیلەکانی سی ئێس ئێس CSS Panels:

بەهۆی ئەم پەنیلانەوە دەتوانین سی ئێس ئێسێکی نوێ زیاد بکەین، یان سی ئێس ئێسێکی درووستکراو هاوپێچ بکەین و، پاشان دیاری کەری بۆ هەلبژێرین کە پێشتر لە کۆدەکەدا نووسیوومانە.



## 4پەنیلی تایبەتمەندی Properties:

بەهۆی ئەم پەنیلەوە تایبەتمەندی بۆ ئەو ئای دی ID یان پۆلە Class دەنووسین کە دەمانەوێت تایبەتمەندی بۆ دیاری بکەین،وەکو پانی Width، بەرزی Height، رەنگ Color، رەنگی پشتەوە Background-color، وینەی پشتەوە Background-image و ....... .



# بەشی سێهەم


# شریتی لیستەکان

# Menu Bar

لەم بەشەدا، بە کورتی و لەچەند خشتەیەکدا، باس لە شریتی لیستەکان دەکەین، بۆ ئەوەی ناوی هەریەکێك لە دووگمەکان و بەکارهێنانەکەی بزانرێت لە لایەن بەکارهێنەری بەرنامەکەوە.

## لیستی فایل

## File List




لەم لیستەدا هەموو ئەو دووگمە و بەشانەی تایبەتن بە فایل هەیە، کە بە کورتی و لە خشتەیەکدا هەر یەکێك لە دووگمەکان دەنووسین و زۆر بەکورتی و پوختی ئاماژە بەبەکارهێنانی هەر یەکێکیان دەکەین:

| ناوی فرمان و دووگمە | بەکارهێنان |
|---|---|
| نوێ New | بەکاردێت بۆ کردنەوەی فایلێکی نوێی ((هتملHTML، سی ئێس ئێس CSS، ....))کە لاپەرەی بەتاڵن، هەروەها شێوەولای شلەی Fluid Grid Layout و قاڵبی دەستپێکەر Starter Template و قاڵبی سایت Site Template. |
| کردنەوە Open | کردنەوەی فایلە پاشەکەوتکراوەکان |
| کردنەوەی بەکارهاتووەکان Open Recent | کردنەوەی ئەو فایلانەی پێشتر بەکارمان هێناوە کە لە لیستێکی بچووکدا پیشانمان ئەدات. |
| داخستن Close | داخستنی فایلی کراوە و چالاك. |
| پاشەکەوت کردن Save | پاشەکەوتکردنی ئەو فایلەی دروستمان کردووە، یان ئەو گۆرانکارییانەی کردوومانە. |
| پاشکەوتکردن وەکو Save As | پاشەکەوتکردنی فایلی کراوە و چالاك بەناوێکی ترە، یان بەهەمان ناوە و لە شوێنێکی تردا. |
| پاشەکەوتکردنی هەمووی Save All | پاشەکەوتکردنی هەموو کارەکان. |
| پاشەکەوتکردنی فایلە پەیوەندی دارەکان Save All Related Files | پاشەکەوتکردنی هەموو ئەو فالانەی پەیوەندییان بەکارەکەوە هەیە و چالاکن. |
| پاشەکەوتکردن وەکو قاڵب Save As Template | پاشەکەوتکردنی کارەکەمان وەکو قاڵب. بۆ ئاسانی بەکارهێنانەوە. |
| گەراندنەوەRevert | گەراندنەوە و پێچەوانە کردنەوە بۆ حالەتەکانی پێشتر. |
| چاپکردنی کۆدPrint Code | چاپکردنی کۆد. |
| هینانە ناوەوەImport | هێنانە ناوەوەی فایل |
| ناردنەدەرەوەExport | بردنە دەرەوەی فایلی چالاك و ئامادە کراو. |
| پیشاندان لە ویبگەر دا Preview in Browser | پیشاندانی فایلی کراوە و چالاك لە ویبگەر دا. وەکو لە گووگڵ کرۆم دا. |
| پشتراستکردنەوە Validation | بەکاردێت بۆ هەڵسەنگاندن و پشت راست کردنەوە. |

| | |
|---|---|
| بەراورد کردن لەگەڵ ڕاژەکارێك لە دوورەوە Compare with Remote Server | بۆ بەراورد کردنی کارەکەمان لەگەڵ ڕاژەکارێك Server لە دوورەوە بەکاردێت. |
| سەرنجەکانی نەخشە سازی Design Notes ... | سەرنج و تێبینی نەخشە ساز ی بە هۆیەوە دەنووسرێت. |
| دەرچوون Exit | دەرچوون لە بەرنامەکە و داخستنەوە. |

# لیستی چاکسازی

# Edit List




| ناوی فرمان و دووگمە | بەکارهێنان |
|---|---|
| پاشگەزبوونەوە Undo | بەکاردێت بۆ پەشیمان بوونەوە لە کارێکی ئەنجام دراو. |
| کردنەوە Redo | بەکاردێت بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی کارێك کە پاشگەز بووینەوە لێی. |
| برین Cut | بەکاردێت بۆ برینی دانە، کۆد و بەشی دیاری کراو. |
| لەبەر گرتنەوە Copy | بەکاردێت بۆ لەبەر گرتنەوەی بەش، دانە و کۆدی دیاری کراو. |
| دانانەوە (لکاندن) Paste | بۆ لکاندن و دانانەوەی شتێکی بردراو یان لەبەر گیراوە بەکاردێت. |
| دانانەوەی تایبەت Paste Special | بۆ لکاندن و دانانەوەی تایبەتی شتێکی بردراو یان لەبەر گیراوە بەکاردێت. |
| سرینەوە (پاککردنەوە) Clear | بەکاردێت بۆ سرینەوە و لابردنی دانە و کۆدی دیاری کراو. |
| دیاری کردنی هەموو Select All | بەکاردێت بۆ دیاری کردنی هەموو، جا کۆد بێت یان دانەکان و .... . |
| دیاری کردنی تاگی باوان Select Parent Tag | بۆ دیاری کردنی تاگی سەرەکی و باوان بەکاردێت کە بۆتە باوك بۆ تاگی تر. |
| دیاری کردنی نەوە Select Child | بۆ دیاری کردنی تاگ و دانەی ناو باوان بەکاردێت کە بۆتە نەوە. |
| دۆزینەوە و لەجیاتی دانان Find and Replace | بۆ دۆزینەوەی وشە، ..... و لەجیاتر دانانی وشە، ..... تر لە جێگەی بەکاردێت. |
| دۆزینەوەی داهاتوو Find Next | بۆ دۆزینەوەی ئایندە و داهاتوویەکی دیاری کراو بەکاردێت. |
| ڕۆیشتن بۆ دیرێك Go to Line | بۆ ڕۆیشتن و گواستنەوەی هیمای ماوسەکە بۆ دیرێك کە بمانەوێت. |
| پیشاندانی ئیشارەکانی کۆد Show Code Hints | بۆ پیشاندانی ئیشارەتەکانی کۆد بەکاردێت. |
| نوێکردنەوەی ئیشارەکانی کۆد Refresh Code Hints | بۆ نوێکردنەوەی ئیشارەتەکانی کۆد بەکاردێت. |
| ئامرازەکانی ئیشارەی کۆد Code Hint Tools | کۆمەلێك ئامرازە و بۆ ئارەتی کۆد سوودی لیوەردەگیرێت. |
| ماوەی ((بۆشایی)) کۆد Indent Code | بۆ دانانی بۆشایی و ماوەی کۆد بەکاردێت. |
| لابردنی ماوەی کۆد Outdent Code | بۆ لابردنی ئەو ماوە و بۆشایی کۆدەی بەهۆی فرمانی ماوەوە دامانناوە بەکاردێت. |

| | |
|---|---|
| هاوئاستکردنی کەوانەکان Balance Braces | سوودی لیوەر دەگرین بۆ هاوئاستکردنی کەوانەکان ئەگەر بیرمان چوویێت لەکاتی نووسینا. |
| دووبارە کردنەوە ی داغڵکەرەکان Repeats Entries | بەهۆیەوە دەتوانین داغڵکەرەکان دووبارە بکەینەوە بۆ کار ئاسانی و زوو جیبەجێکردنی کارەکان. |
| کۆلاپیسی کۆد Code Collapse | بەهۆیەوە چەند کارێك ئەنجام دەدرێت وەکو فراوان کردن یان کۆکردنەوەی کۆد و ..... . |
| رێکخستنەکانی سینك Sync Setting | بە هۆیەوە چەند رێکخستنێك ئەنجام دەدرێت. |
| کتیبخانەی تاگەکان Tag Libraries | هەموو تاگەکانی تیادایە و چۆنێتی نووسینیان بە نموونەوە روونکراوەتەوە. |
| کورتکراوەکانی تەختەکلیك Keyboard Shortcut | کوراتکراوەکان لە خۆ دەگرێت، هاوکات خۆشمان دەتوانین کورتەکلیل درووست بکەین. |
| رێکخستنەکان Preferences | ئەم بەشە بەکاردێت بۆ رێکخستن و گۆران لە ئەرك پێدانەکان دا، بۆ نموونە رەنگی کۆد، پیشاندان و شاردنەوەی شاشەی بەخێرهاتن و ..... . |

# لیستی پیشاندان

# View List


ئەم لیستە تەنها تایبەتە بە پیشاندان و، پیشاندان و لابردنەوەی دانە و پێکهاتەکانی سەر رووکاری بەرنامەکە، بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها جۆر و چۆنێتی پیشاندانی پەنجەرەی دۆکۆمێنت Document Window کە پێشتر روونمان کردەوە و باسمان لە جۆرەکانی پیشاندان کرد، لە شریتی ئامرازەکانی دۆکۆمێنت Document Window Tool Barدا، بۆیە لیرە دووبارەی ناکەینەوە، هەروەها بە گویرەی پێویست و زۆر و کەمی بەکارهێنانەکان، لە وانەکان دا، جۆر و شێوەی پیشاندانەکان دەخەینە روو.



# لیستی خستنە ناو

# Insert

ئەم لیستە زۆر زۆر گرنگە و بەکارهێنەر و نەخشە ساز پێویستە بتوانێت بە وردی بەکاری بهێنێت و زانیاری لە بارەی هەر یەکێکیانەوە هەبێت، بەهەمان شێوەی لیستەکانی پێشوو لە خشتەیەك دا هەر یەکێك لە فرمانەکان/ دووگمەکان و بەکارهێنانەکەی دەخەینە روو، لە نموونەکانیش دا جێبەجێکردنی هەر یەکێکیان دەخەینە روو.



| ناوی فرمان و دووگمە | بەکارهێنان |
|---|---|
| دیڤ div | بۆ هێنان و دانانی تاگی دیڤ بەکاردەهێنرێت. |
| هتملْ5ڤیدیۆ HTML5 Video | بۆ هێنانی تاگ و تایبەتمەندی تایبەت بە دانانی ڤیدیۆ |
| کانڤاس Canvas | بۆ درووستکردنی کانڤاس |
| وێنە Image | بۆ دانانی وێنەکان، بەشێوەی وینە Image ی ئاسایی، وینەیەك کاتێك سەهمی ماوسەکەی ببەینە سەر ببێتە وێنەیەکی تر Rollover Image و وینە لە ئەدۆب فایەرۆرکس هتملْ Fireworks HTML |
| خشتە Table | بۆ کێشان و درووستکردنی خشتە بەکاردێت. |
| سەرە Head | بۆ دانان و هێنانی تاگ و تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە سەرە بەکاردێت وەکو وەسف Description، مێتا Meta و ..... . |
| سکریپت Script | بۆ دانانی سکریپت بەکاردێت. |
| گرێدانی بەرزەدەق Hyperlink | بۆ مەبەستی درووستکردنی هایپەر لینك بەکاردێت. |
| پێکەوە بەستنی ئیمەیلْ E-Mail Hyperlink | بۆ مەبەستی پێکەوەبەستن و گرێدانی ئیمەیلْ بەکاردێت. |
| خەتی ئاسۆیی Horizontal Rule | بۆ دانانی خەتی ئاسۆیی بەکاردێت. |
| بەروار Date | بۆ هێنان و دانانی بەروار بەکاردێت. |
| فرەیم IFrame | بۆ هێنانی فرەیم بەکاردێت. |
| کارەکتەر Character | بۆ دانانی کارەکتەرەکان بە گوێرەی پێویست بەکاردەهێنرێت وەکو هیماکانی دراوی یۆرۆ و .... . |
| پێکهاتە Structure | بەکاردێت بۆ دانانی تاگەکانی پێکهاتەکان و لە گرنگترین بەشەکانە و بەوردی باسی هەموویان دەکەین لە وانەکانی داهاتوودا. |
| میدیا Media | بەکاردێت بۆ هێنان و دانانی دانەکان و تاگەکانی تایبەت بە میدیا. وەکو ڤیدیۆ، دەنگ و .....، لەبەر گرنگی یەکەی بە وردی باسی دەکەین لە وانەکانی داهاتوو دا. |
| فۆرم Form | بەکاردێت بۆ هێنان و دانانی هەموو تاگ و دانەکانی فۆرم، لەبەر گرنگی یەکەی لە وانەکانی دوواتر دا بە وردی باسی دەکەین. |
| جەی کیوری مۆبایل IQuery Mobile | بۆ دانانی جەی کیوری مۆبایل – لەم کتیبەدا گرنگی پێنادەین. |
| جەی کیوری روکاری بەکارهێنەر | جەی کیوری رووکاری بەکارهێنەر دادەنرێت بەهۆیەوە و لەم کتیبەدا |


| | |
|---|---|
| JQuery UI | گرنگی پێنادەین. |
| قالب Template | بۆ زۆر بواری تایبەت بە قالب بەکاردێت وەکو درووستکردنی قالب و، دانانی قالب لەناو قالبدا. |
| حەزەکان Favorites | بۆ دیاری کردن و سوود وەرگرتن لەو تاگانەی زۆر بەکاردێن و حەزیان پێ ئەکەین. |

ڕوونکردنەوە :

لەبەر ئەوەی ئەم کتیبەی بەردەستت تایبەت بە نەخشە سازی ماڵپەڕ Website Design نووسراوە بۆ خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی نێتۆرك لە کۆلێژی ئینفۆرماتیك، بۆیە تەنها گرنگیمان بە هتمڵ HTML و سی ئێس ئێس CSS داوە و بە وردی ڕوونمان کردۆتەوە.

## گۆڕانکاری بچوك

## Modify




**بەهۆی ئەم لیستەوە هەندێك گۆرانكاری بچووك ئەكرێت كە بەكورتی لەم خشتەیەی خوارەوەدا، دەیان خەینە روو، هەروەها بەگویرەی گرنگێتی و پێویست بوونی بەكارهێنانیان لەوانەكانی تر، زیاتر روونیان دەكەینەوە:**

| فرمان و دووگمە | بەكارهێنانی |
|---|---|
| تایبەتمەندی لاپەرە Page Properties | بەهۆیەوە دەتوانین تایبەتمەندی لاپەرە وەك رەنگ، رەنگی پشتەوە و ..... دیاری بكەین و بیگۆرین. |
| تایبەتمەندی قالب Template Properties | بەهۆیەوە تایبەتمەندی قالب دەگۆرین. |
| بەریوەبردنی فۆنت Font Manager | بەهۆیەوە بەریوەبردنی فۆنت ئەنجام دەدەین. |
| پیشاندەری خیرای تاگەكان Quick Tag Editor | بەهۆیەوە بەشێك دەكرێتەوە كە بەخیرای كارەكان دەكەین بە هۆیەوە بە پیشاندانی تاگەكان. |
| دروستكردنی لینك Make Link | بە هۆیەوە لینك درووست دەكەین بۆ ئەو نووسینەی دیاری دەكەین. یان هەر دانەیەك كە دیاری دەكەین. |
| لابردنی لینك Remove Link | بە هۆیەوە لینكی دانراو لادەبەینەوە. |
| كردنەوەی لاپەرەی لینك كراو Open Linked Page | بەهۆیەوە لاپەرەی لینك كراو دەكەینەوە. |
| خشتە Table | بەهۆیەوە گۆرانكاری لە خشتەی درووستكراو دا دەكەین وەكو زیادكردنی ریز، ستوون و ....... . |
| وێنەی Image | بە هۆیەوە گۆرانكاری لە وێنەدا دەكەین لە رووی رەنگ و رووناكی و .... یان برینی وێنە و ..... . |
| رێككردن Arrange | بەهۆیەوە دانەكان رێكدەخەین و پاش و پێشكردنی دانەكان دیاری دەكەین. |
| كتێبخانە Library | بەهۆیەوە گۆرانكاری لە كتیبخانەی تایبەتی دەكەین بە زیادكردن و نویكردنەوە و ..... . |
| قالبەكان Templates | ئەم بەشە تایبەتە بە قالبەكان و گۆرانكاری بچووك تیایاندا . |

# ڕێکخستن

# Format

**بەهۆی ئەم لیستەوە دەتوانین کارەکانی تایبەت بە ڕێکخستن و ڕێککاری ئەنجام بدەین، کە وەك لیستەکانی تر لە خشتەیەکدا فرمانەکان روونەکەینەوە و، ل وانەکانی تریش دا، بە گوێرەی پێویست بوون،بەکاریان دەهێنین.**




| فرمان و دووگمە | بەکارهێنان |
|---|---|
| ماوە Indent | بەکاردێت بۆ دانانی ماوە و بۆشایی لەسەرەتای پەرەگراف یان ..... . |
| لابردنی ماوە Out indent | بەکاردێت بۆ لابردنەوەی ماوە و بۆشایی دانراو. |
| ڕێکخستنی پەرەگراف Paragraph Format | بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی پەرەگراف، وەکو بەکارهێنانی سەرە Heading لە H1 بۆ H6. |
| دانان لە لاکان دا Align | بەکاردێت بۆ گواستنەوە و دانان بە گوێرەی لاکان وەکو لای چەپ Left یان لای ڕاست Right، یان ...... . |
| لیستەکان Lists | بۆ دانان و درووستکردنی جۆرەکانی لیست بەکاردێت واتە لیستی ڕێکخراو، لیستی ڕێکنەخراو و لیستی پێناسە ، هەروەها گۆرانکاری لە تایبەتمەندی لیست و ..... . |
| شێوازی هتمل HTML Style | بەکاردێت بۆ پێدانی شێوازەکانی هتمل HTML بە دانەی دیاری کراو Select، وەك تۆخ Bold، لار Italic، هیلی ژێرە Underline و .... . |
| شێوازی سی ئێس ئێس CSS Style | بەکاردێت بۆ پێدان و گۆرانکاری شێواز لە ڕیگەی سی ئێس ئێسەوە. |

# فرمانەکان


# Commands

ئەم لیستە تایبەتە بە فرمانەکان و، بەهۆیەوە ریکخستن و گۆرانکاری لە فرمانەکان دا، دەکرێت، کە بە گویرەی پێویست و گرنگی بەشەکانی لە وانەکانی داهاتوودا بەکاریان دەهێنین.

# سایت

# Site


بەهۆی ئەم لیستەشەوە دەتوانین سایتێکی نویٚ درووست بکەین، یاخود سایتی نویٚ ی کاروباری بازرگانی و بەریوەبردنی سایت و ....... کە بە گویرەی پێویست بوونی ئەم کتیبە لە وانەکانی تر دا بەکاریان دەهینین و بۆتان روونەکەینەوە.



# لیستی پەنجەرە

# Window

ئەم لیستە بەکاردیت بۆ چالاك کردن و ناچالاك کردنەوەی هەریەکیك لە بەش و پیکهاتەکانی سەر رووی شاشەکە ، وەکو پەنیلەکانی تەنیشتی .




لیستی یارمەتیش Help دووالیستە کە بۆ یارمەتی دانی بەکار هێنەر سوودی لیوەر دەگیریت و لە لایەن کۆمپانیای ئەدۆبەوە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە .

# بەشی چوارەم

# نەخشەسازی و

# دروستکردنی سایت

# Design & Creation of Website

# هەنگاوەکانی دروستکردنی سایت

# The Website Creation Steps

ئێستا ئەگەر بریارت داوە، سایتێك دروست بکەیت، ئەوا پێویستە پرۆسەکانی دروستکردنی سایت جێبەجێبکەیت ، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم 3 هەنگاوەی خوارەوە دەگرێتەوە، زۆر بە کورتی باسیان دەکەین:

| هەنگاوی یەکەم >> | هەنگاوی دووەم >> | هەنگاوی سێهەم>> |
|---|---|---|
| تۆمارکردنی بوار (پاوان)<br><br>Register a Domain Name | خانە خوێی وێب<br><br>Web Host | دروستکردنی سایت<br><br>Build Website |
| ناوی بوار (پاوان): ناونیشانی ئەو ماڵپەرەیە کە دەمانەوێت دروستی بکەین، وەکو :<br><br>www.mysite.com<br><br>www.hemnbarznji.co<br><br>بۆیە پێویستە لەسەر شێوە و بنەمای ساڵانە تۆماری بکەین | وەك پێشتریش باسمان کرد، کە خانە خوێی وێب ئەو کۆمپانیایەیە کە شوێن و بۆشایی دابین دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو سایتەی دروستی دەکەین. | هەنگاوی سێهەم دروست کردنی وێب سایتە، کە دەتوانی خۆت دروستی بکەیت، یان دروستکەری وێب سایت Website Builder بەکاربهێنیت.<br><br>وانەکانی تر تایبەتە بە دروستکردنی سایت. |

# پێکهینەرەکانی سایت

# Content of Website

لە راستی دا، ژمارەیەکی زۆر پێکهێنەرمان هەیە، کە سایتەکان پێکدەهێنن، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو پێکهێنەرانە لە هەموو سایتێکدا هەبن، بەڵکو دەگونجێت لە هەندێك سایت دا ، هەموویان هەبێت و، لە هەندێك سایتی تردا، هەندێکیان هەبێت و هەندێکیان نەبێت، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها گرنگترین و باوترینیان دەنووسین:

1. لۆگۆ Logo: لۆگۆ وەك رەمز و هێمایەکی تایبەت بەو سایتە، یان تایبەت بەو کۆمپانیا یان حیزب یان رێکخراوەی سایتەکەی بۆ دروست کراوە، دادەنرێت کە یەکێکە لە ناسەرەوە و پێکهێنەرە گرنگەکان.
2. پێکهاتەی شریتی دووگمە و تابەکان: ئەو شریتەیە، کە هەموو ئەو دووگمە یان تابە گرنگانە لە خۆ دەگرێت کە بوونەتە پێکهێنەری سایتەکە و، لە شوێنێکی دیار و بەرچاودا، دادەنرێت و دەکرێت لە شەێنی دیکەشدا دووبارە

بکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی (ماڵەوە – پەیوەندی – ئەرشیف و .... ) لە خۆدەگرێت و، ئەمەش بە پێی جۆری سایتەکە و ، داواکاری خاوەنەکەی دەگۆرێت.


3. وێنەکان Images: وێنەکان، گرافیکس، شریتی دووگمە و تابەکان و دووگمە و تابەکانیش، هێڵەکان، زەخرەفە و وێنەیی جولاو، کە دەتوانرێت هەموویان لەناو ویب سایت دا، دابنرێت.
4. ناوەرۆك Content.
5. نەخشەسازیی گرافیك Graphic Design.
6. سیستەمی بەریوەبردنی ناوەرۆك Content Management System.
7. بازرگانی ئەلکترۆنی E-Commerce.
8. گەرانی سایت Site Search: بەدوو شێوە دادەنرێت لەناو ئەو سایتەی کە دروستی دەکەین، یەکەم بە جۆرێك ، کە گەران ئەنجام بدات، لەناو خودی سایتەکە خۆی دا، وە جۆری دووەم ئەوەیە کە گەران ئەنجام بدات، لەناو تۆری جیهانی International Network (Internet) دا.
9. ژوورەکانی گفتوگۆ و چات CHAT Room.
10. فۆرمی پەیوەندی کردن بە سایتەکەوە Contact Form، هەروەها زانیاری پێویست بۆ پەیوەندی کردن، وەك ئیمەڵ و .... . چونکە لەوانەیە خەڵکانێك هەبن تاقەتی بەکارهێنانی فۆرمی پەیوەندی کردنیان نەبێت.
11. بنکەی زانیاری راستەو خۆ و تایبەت بە ویب سایتەکە Online Database.
12. مۆلتی میدیا : نووسین و ڤیدیۆ و دەنگ و وێنەی جولاو پێکەوە.
13. ئاسایشی و پراستنی ویب سایت Website Security.
14. نەخشەیی سایت Website Map.

جگە لەو 13 خاڵەی سەرەوە پێکهینەری دیکەشمان هەیە، کە باسمان نەکردووە. چونکە وەك ئاماژەمان پێدا، گرنگترین و باوترین پێکهێنەرەکانمان خستۆتە روو .

## گرافیکسی وێب

## Web Graphics

ئەگەر بمانەوێت زیاتر سایتەکەمان برازێنینەوە و جوانکاری تیابکەین، ئەوا بێ بەکارهێنانی وێنە و وێنەی جولاو و دووگمە و شریتی دووگمە و تابەکان ناگونجێت و ناتوانین ئەو کارە بکەین، بۆیە واباشترە کەمێك شارەزایت لە وێنەسازی و جۆر و پێکهێنەرەکانی وێنەی سایتەکان هەبێت، کە لێرەدا نمونەی هەندێکیان دەخەینە روو:

| | |
|---|---|
| لۆگۆ | iddesign |
| بانەر |  |
| وێنە |  |
| ئایکۆن |  |
| وێنەی دیکۆری |  |
| کلیپ ئارت |  |

| | |
|---|---|
| دووگمەکان Buttons<br><br>یان پۆلێنکردن Categories |  |

## لاپەڕەکانی وێب

## Web Pages

لاپەڕەکانی وێب Web Pages، فایلە کە بە پاشگری htm. یان html. پاشەکەوت کراوە و، تاگەکانی ئێچ تی ئێم ئێل و نووسین HTML & Text تیایە، بەڵام لەوانەیە کۆدی تری تیابێت، هەروەها خەزن کراوە لەسەر ڕاژەکار Server.

## پێکهاتەی لاپەرەکان و شێوەی نەخشەسازی


## Webpage Structure & Design

پێکهاتەی لاپەرەکانی وێب Webpage فاکتەر و هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە سایت، کاتێك نەخشە سازی Design لاپەرەکانی ویب دەکەین، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر توانای بەکارهێنان و ، ڕووکاری گشتی هەموو لاپەرەکانی وێب دەبێت.

چەچەندین شێوە دەتوانین پێکهاتەی لاپەرەکانی وێب بخەینە ڕوو، کە نەخشە ساز Designer دەتوانێت یەکێك لە شێوەکان هەلبژێرێت بۆ نەخشەسازی لاپەرەکانی وێب و ڕووکاری سایتەکە.


## شێوەی یەکەم:

لەم شێوەیە رووکاری لاپەرەکانی وێب دابەش دەکەین بۆ 4 بەش، وەك لە وێنەکەی خوارەوە دا، دیارە، بەشی سەرەوە لۆگۆ و سەرەی سایتەکەیە، کە بانەرێك دەبێت تیایدا ناوی سایتەکە و روونکردنەوە لەباری سایتەکە و وێنە و ..... تیادا دەبێت، بەشی لای راست و لای چەپیش دوو شریت Slidebar کە بەشێوەیەکی گشتی خشتەی ناوەرۆك و .... تیادەبێت و، هەرچی بەشی ناوەراستیشە تایبەتە بە ناوەرۆك Content.





## شێوەی دووەم:

لەم شێوەیە یاندا، لاپەرەی وێب دابەش دەکەین بۆ 3 بەش، وەك لە وێنەکەدا دیارە، ئەویش بەشی سەرەوە کە بانەرێکە و لۆگۆ و زانیاری روونکردنەوەی لەباری سایتەکە و وێنە و .... تیایە و، بە دوو‌ایدا بەشی دووەم دێت کە شریتی ناڤیگەیشنە و تیایدا دووگمە و تابەکان هەیە و، بە دوو‌ایدا بەشی سێهەم دێت کە تایبەتە بە ناوەرۆك Content، لەم شێوەیەدا هەرسێ بەشەکە بە دووای یەکدا، دێن، بروانە وێنەکە:




## شێوەی سێهەم:

ئەم شێوەیەش دابەش دەکرێت بۆ 3 بەش، بەهەمان جۆری شێوەی دووەم، بەلاّم لە رووی دیاری کردن و دانانی جێگەی بەشەکانەوە، جیاوازی هەیە، وەك لە وێنەکەدا، دیارە:





## شێوەی چوارەم:

ئەم شێوەیەش دابەش دەکرێت بۆ 4 بەش، وەك لە وێنەکەدا، دیارە، بەشی یەکەم، سەرەیە کە لۆگۆ و زانیاری روونکردنەوەی وێنە و .... تێدایە و، لەباری ئاسۆیی پراو پڕی لاپەرەکە بە پێی ئەو حەجمەی دەمانەوێت، بە دووای دا، بەشیّ دووەم دێت، کە شریتی دووگمە و تابەکانە و، ئەمیش هەر لەباری درێژییە، بە دووای بەشەکەی یەکەم دا، دێت و، لە درێژیدا یەکسانن، بەلاّم لە بەرزی دا جیاوازن، هەرچی بەشی سێهەمە وەك شریتی سلاّید Slidebar لەلای چەپی لاپەرەکەدایە، کە ئەمیش بەشێوەیەکی گشتی خشتەی ناوەرۆك و دووگمە و تابەکان لەخۆ دەگرێت، بەشی کۆتایس بۆ ناوەرۆکە Content، کە لە ژێر شریتی دووگمە و تابەکانە لای راست و لە تەنیشت شریتی دووەمی دووگمە و تابەکان.




## شێوەی پێنجەم:

لە شێوەی پێنجەم دا، لاپەرەکانی وێب دابەش دەکەین بۆ 5 بەش، وەك لە وێنەکەدا، دیارە:





## شێوەی شەشەم:

ئەم شێوە تەنها دووبەشە، ئەوانیش بەشی شریتی تاب و دووگمەکان و، بەشی ناوەڕۆك Content ی لاپەرەکانی وێب، کە شێوەیەکی زۆر زۆر سادە و ساکارە و ، لە کاتی نەخشە سازی و نووسینی کۆدیش دا، بە ئاسانی جێبەجێدەکرێت:



## شێوەی حەوتەم:

ئم شێوەیە پێکهاتووە، لە 5 بەش، کەبەشی سەرەوە هێدەرە (سەرەیە) و لۆگۆ و وێنە و ناوی سایت و زانیاری ڕوونکردنەوەی تیایە و، دوو شریتی سلآید Slide Barیش دەکەوێتەلای ڕاست و لای چەپ، کە بەشێوەیەکی گشتی خشتەی ناوەڕۆك و ..... تیایە و، بەشی ناوەڕۆك Contentیش دەکەوێتە نێوان هەردوو شریتی سلآیدی لای ڕاست و لایچەپەوە و، لە کۆتاییەکەشیدا بەشی ژێرە Footerهەیە.




دیارە جگە لەو 7 شێوەیەی باسمان کرد، شێوەی دیکەمان هەیە، و بەپێویستی نازانم هەموو شێوەکان باس بکەم و نمونە و وێنەیان بۆ بهێنمەوە. چونکە ئەم حەوت شێوەیەی باسمان کرد، باوترین و دیارترین شێوەکانن کە لە جیهاندا، بەکاردەهێنرێت و، نەخشە ساز و داڕێژەری وێبیش دەتوانێت بە خواستی خاوەن ماڵپەڕ شێوەی تر هەلبژێرێت و بۆی دروست بکات.

تـــــــێـــــــبینی:

لەهەریەکێك لە شێوەکانی (یەکەم، دووەم، سێهەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم) دا، دەتوانرێت ژێرە Footer زیاد بکرێت، بەلآم ئەوە بەخواستی ئەو کەسەیە کە سایتەکەی بۆ دروست دەکەیت.

# نەخشەسازی سایت لە 4 هەنگاو دا

# Design Website in 4 Steps

نەخشەسازی و دارِشتنی سایت، وەکو درووست کردنی مەتبەخێك وایە، پێویستە هێڵکاری و نەخشەکێشی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بزانین چ رووخسار و تایبەتمەندی و لێهاتووییەکمان پێویستە، هەروەها چۆن ئەمانە بەکاربهێنین پێش ئەوەی نەخشەسازی بکەین و شێوە و لاکانی سایت درووست بکەین، هەروەها پێداویستی و بەشەکان دیاری بکەین و بە وردی و جوانی بیان زانین.

نەخشەسازی باش بۆ سایتەکان، ئەو نەخشە سازییەیە کە تەلارسازی بۆ بکەین لەسەر بنچینەی کار و ئامانجەکانی سایتەکە، بۆ ئەوەی ماڵپەرەکە بێ کەم و کورتی بێت.


بۆ ئەنجامدانی نەخشەسازییەکی درووست و شیاو ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە جیبەجێدەکەین، کە بەهۆیەوە قۆناغەکانی سەرەتایی درووست کردنی سایت دەستپێدەکەین و، لە هەنگاوەکانی تریش دا، سایتەکە درووست دەکەین.

1. پوختەی ناوەرۆك Content Outline.

کۆ کردنەوە و پۆلێنکردنی مادە و بابەتەکانی ماڵپەڕ، کە بۆ راژە خواز Client پێویستە، هەروەها درووست کردنی لیستی ناوەرۆك کە پێویستە بۆ ماڵپەرەکە درووست بکرێت، چاو خشاندنەوە بە ناوەرۆك دا و، لابردنی ئەوانەی زیادەن و ، ئامانج ناپێکن، هەروەها بە کۆمەڵکردنی ناوەرۆك لە رێگەی پۆلێن Classification کردنەوە.

2. هێڵکاری ماڵپەڕ Site Diagram.

دووای ئەوەی پوختەی ناوەرۆك ئامادەکرا و کۆتایی پێهات پێویستە نەخشەی ماڵپەڕ Sitemap (( هێڵکاری ماڵپەڕ Site Diagram، هەیکەلی ماڵپەڕ)) درووست بکەین، هێڵکاری ماڵپەر Site Diagram تەنها پیشاندانی وێنەیی پوختەی ناوەرۆك Content Outline و پێکهاتە و هەیکەلی سایتە Structure.




3. هێلکارییەکانی وەسفی لاپەرە Page Description Diagram:

زۆر زانیاری تەلارسازیی هەیە کە بۆ ڕێنوێنی و بەرچاو ڕونی یەکەی ، هێڵکاری وەسفی لاپەرە بەکاردەهێنرێت وەکو ڕێبەرێك و ڕێکخەر و بیرخەرەوەیەك ، بۆ هەنگاوی پێش وایەر فرەیم Wire Frame بەکاردەهێنرێت، هەندێك جاریش وەك جێگرەوەی وایەر فرەیم Wire Frame بەکاردەهێنرێت.

بەتایبەتی گرنگی دەخاتە سەر ئەم خالانە:

1. چ ناوەرۆکێك سەر بەم لاپەرەیەیە و، لێرەدا دادەنرێت ..؟


2. چ ناوەرۆکێك لەبەر ترە بۆ ئەوەی لە پێشتر دابنرێت و کاری لەسەر بکرێت؟

هێڵکاری وەسفی لاپەرە PDD لە سێ ستوون 3 Columns دا، دابەش دەکرێت و دادەنرێت، ستوونی یەکەم بۆ ئەو ناوەرۆك و بابەتانەی زۆرترین و بەرزترین پێشرەوی و گرنگییان هەیە، ستوونی دووەم بۆ ئەوانەی ناوەندین لە گرنگی و پێشرەوی دا، بەڵام ستوونی سێهەم بۆ ئەوانەی کەمترین و نزمترین پێشرەوی و گرنگییان هەیە.




### 4. وایەر فرەیم Wire Frame:

وایەر فرەیم Wire Frameرێکخستن و لاکانی لاپەرەی وێبە لە شێوەیەکدا کە گرافیك Graphic نی یە، ئەمەش کێشانی بەشەکانی هەر لاپەرەیەکە، لە سایتەکەدا. وایەر فرەیم هەڵگری تیادایە بۆ دانان و رێکخستنی بەشەکان.




# پیرۆکەی وێب سایت

# Conceptual Web Site

مەبەست لە هێلکاری پیرۆکەی ((چەمکی)) ماڵپەڕ ، هێلکاری مەبەستی گشتی General Purpose Diagram یە، بۆ سیستەم و، وەرگرتنی شێوەیەکی هونەرییە بۆ کرداری نەخشە سازی ماڵپەڕ.


هەموو کەسێك دەیەوێت ماڵپەڕ دروست بکات بە ئاسانی و، خزمەتگوزاری بەهێز، بەڵام بێ هێلکاری پیرۆکەی ماڵپەڕ لە ئاستێکی بەرزی تەلارسازی High – Level Architectureدا، کارەکە بە ئەنجام ناگات و، هەڵە تیپەردەبێت بەسەر نەخشەساز و دروستکەری ماڵپەڕ دا.



# هێماکانی بیرۆکەی ماڵپەڕ

## Conceptual Web Site Symbols

هێماکان یان شێوەکانی بیرۆکەی ماڵپەڕ، هەموو بەش و پێکهاتەکان دەگرێتەوە، کۆمەڵە Group، تەنی سەرەکی Main Object، لاپەرەی وێب Web Page، کۆمەڵەی لاپەرە Page Group، دانەی لاپەرە Page Element، کۆمەڵەی دانەی لاپەرە Page Element Group، پۆپ-ئەپ Pop-Up، گرێی نەخشەی سایتی بچووك Small Site Map Node، گرێی نەخشەی سایتی گەورە Large Site Map Node، سەرەکی ((ماڵەوە)) Home، لاپەرەی سەرەکی Home Page، فۆرم Form، گەیتوەیی Gate Way، بازەری ((گرێدەری)) لاپەرە Page Jump، گرێدەری زانیاری دوولا 1-Way Data Connection، گرێدەری خۆکار Dynamic Connection، گرێدەری چەماوەیی – هێڵی – Line Curve Connector، هەور Cloud، گرێدەری زانیاری یەك لا 1 – Way Data Connection




- لاپەرەی سەرەکی ماڵپەڕ Main Page، ئەو لاپەرەیەیە کە زانیاری ورد دابین دەکات لە بارەی خاوەنی ماڵپەڕ و، هەروەها گرێدان و پێکەوەبەستن Link دابین دەکات بۆ هەموو بەشەکانی تر. بەشێوەیەکی باو یەکەم لاپەرەیە کە دەبینرێت لەلایەن سەردانکەری Visitor ماڵپەڕەوە.


- پەنجەرەو لیستە خێراکان Popups کە لەپڕ دەردەکەون، لە شێوەی راگەیەنراوێکن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بەمەبەشتی راکێشانی تۆڕی فراوانی جیهانی World Wide Web لە سەر تۆرکە، یان ناونیشانی ئیمەیڵ.

- لاپەرەی ماڵەوە Home Page، لاپەرەی ناساندنی سایتە،بەشێوەیەکی تایبەتی خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکات وەکو خشتەی ناوەرۆك Table of Contents ی ماڵپەرەکە.

- دەروازەی پێکەوەبەستن Gateway، ئامیرێکە بەکاردێت بۆ پێکەوەبەستنی دوو رایەڵە ((تۆر – Network)) ی جیاواز، بەتایبەتی پێکەوەبەستن بۆ ئینتەرنێت.

## وایەر فرەیم Wire Framing


وایەر فرەیم Wire Frame، هەنگاوێکی گرنگە، لە پرۆسەی نەخشە سازی Design هەر شاشەیەك Screen، بەشێوەیەکی سەرەتایی رێگە بە ناساندن و پێناسەکردنی هەرەمی زانیاری Information Hierarchyدەدەت بۆ نەخشەساری Design کردن. درووستکردنی وایەفرەیم Wire Frameئاسانە بۆ دارشتنی پلانی نەخشەساز Designer، بۆ ئەوەی رووکاری تایبەت بە بەکارهێنەر دیاری بکات و نەخشە سازی بۆ بکات بەهۆیەوە.





**ئەم وایەر فرەیمە Wire Frame وەکو نەخشەی تەلار سازی وایە، پێویستە بەشێوە دوو رەهەندی 2 Dimentional ببیبنیت، وەکو رەش و سپی، پێش ئەوەی لەوە تێبگەیت کە چۆن بینایەك بەتەواوی درووست دەکرێت، بۆ نەخشە سازی شاشەش Screen Design بەهەمان**

**شێوەیە، ناتوانیت دەست بکەیت بە دیزاینێکی تەواو و راست لە فۆتۆشۆپدا، یان ناتوانی کۆدی درووست سایتێك بنووسیت بە تەواوی و رێکی و بێهەڵەیی بێ ئەوەی نەخشەی تەلار سازی بۆ بکەی.**

**لە ئاستی پێشکەوتوو و ورکار دا، وایەر فرەیم Wire Frameزۆر بەسوود و گرنگە لە دیاری کردنی چۆنێتی بەکارهێنان و هەڵسوکەوتکردنی بەکارهێنەر User لەگەڵ رووکار Interface دا.بۆ نموونە وایەر فرەیم Wire Frame گونجاوە بۆ ئەوەی دووگمە Button و شریتی Menu جۆراو و جۆر و جیاوازی پێدرووست بکرێت لە دۆخ و شێوەی جیاواز دا.**




**وایەر فرەیم Wire Frame زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی نەخشە ساز Desinger، بۆ ئەوەی پلانی رێکخستن و نەخشەسازی لاکان و بەشەکانی تر دابرێژێت بێ ئەوەی پێویستی بە شارەزایی هەبێت لە رەنگ سازی دا، یاخود لە وێنەسازی و گرافیك دا.**


SET EDITION
U.S.
INTERNATIONAL
MÉXICO
ARABIC
Sign up
Log in
CNN en Español
SEARCH
Home
TV & Video
NewsPulse
U.S.
World
Politics
Justice
Entertainment
Tech
Health
Living
Travel
Opinion
iReport
Money
Sports
Make CNN Your Homepage
Breaking news
Source: Porn actor suspected in killing, mailing of body parts
Suspect in Seattle killings shoots self
Presenting another way to shop on-the-go
Seattle police say the same suspect was behind fatal shootings Wednesday that left a total of four people dead and two critically wounded. The suspect shot himself as police closed in. FULL STORY
SPORTS FROM SI
Team-by-team NBA lottery outlook
Top NBA prospects
The gambles
Live: Stanley Cup finals Game 1
Live analysis: U.S. vs. Brazil soccer
Celtics try to pull another surprise
Like Serena, Venus ousted in Paris
MLB's least appreciated star
Scores
LATEST NEWS
China, Russia oppose force in Syria
U.S. sticking with 'Plan A' for Syria
Taxiing 747 clips commuter jet at O'Hare
FEATURED
Prove Mitt's not a unicorn, group says
6-year-old wins hearts at spelling bee
Irate lawmaker curses, throws paper
WEATHER
GO
Atlanta, GA
Cloudy
10-day
MARKETS
Markets Closed
CNNMoney.com
Indexes
Dow
Nasdaq
S&P
cnn.com via wirify

# نموونەی نەخشەسازی بە هیلکاری

# Example of Design Using Diagram

بێگومان پێش ئەوەی ماڵپەڕێك دروست بكەین پێویستە بەشێوەی هیلکاری و بەسوود وەرکرتن لە جۆرە جیاوازەکانی هێڵکاری نەخشە سازی هیلکارییانە بکەین، پاشان لەسەر ئەو هێڵکارییانە دەست بە کۆد نووسین بکەین و سایتەکە دروست بکەین. ئەمەش بە دوورمان دەخاتەوە لە هەڵە و، شێواوی و تێکەڵ و پێکەڵی لە کارکردن دا.

بۆ نموونە // دەمانەوێت ماڵپەڕێك بۆ کۆمپانیای ئێچ بی HB Company بۆ تەکنەلۆژیای زانیاری For IT Solutions دروست بکەین، دەمانەوێت بەشێکی ماڵپەڕەکە تایبەت بکەین بۆ خۆ فێرکردن Tutorial و، هەروەها ئەلبووم Album بۆ کار و چالاکییەکان دروست بکەین و، ڤیدیۆ ی فیرکاری و کار و چالاکی بخەینە روو، هەروەها لەبەشێك دا باس لە خزمەتگوزارییەکانمان بکەین و، بیان خەینە روو، تا میوانەکانی سایتەکە بتوانن کارەکانمان ببینن و بزانن چ خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش دەکەین، هەروەها نموونەی کارەکانمان ببین و، بەهۆیەوە توانا و لێهاتووی و رابردوومان بزانن.

هەروەها لەبەشی ریکلام دا، وینەیەك دەربکەوێت و کاتێك سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر بیێتە وێنەیەکی تر، واتە Rollover Image ، هەروەها رۆژ ژمێر و ..... لە سایتەکەدا بەکاربهێنرێت.

وەڵام//

بۆ ئەوەی ئەم ماڵپەرە دروست بکەین، پێویستە پێکاهاتەی سایتەکە Structure رێکبخەین، بۆ ئەوەی دوواتر لەسەر ئەو رێکخستنە سایتەکە دروست بکەین:

1. پێویستە رەگی سایتەکە Root دروست بکەین، کە بوخچەی Folder سەرەکی یە و، هەموو فولدەر و پێکهاتە و بەشەکانی تر لە خۆ دەگرێت.
2. لە ناو رەگی سایتەکەدا Root Of Website ، پێویستە بەشەکانی تر ، دروست بکەین و، دای بنێت، بۆ نموونەی هەموو لاپەرەکان دەبنە بەشێك لەم سایتە:


- فایلی هتملّ ی سەرەکی Main HTML File، واتە index.html
- لاپەرەی دەربارە about.html

- لاپەرەی پەیوەندی contact.html
- لاپەرەی خۆ فێرکردن tutorials.html

3. هەروەها لەناو لاپەرەی خۆ فێرکردن Tutorials دا، چەند لاپەرەی تر هەیە، بۆیە دەکرێت لاپەرەکانی تر ، کورتە لیست Sub – List بن، لە خۆفێرکردن Tutorial جیا ببنەوە:
   - لاپەرەی جاڤا java.html
   - لاپەرەی سی شارپ csharp.html
   - لاپەرەی بنکەی زانیاری database.html
   - لاپەرەی ماڵپەر دروستکردن webbulding.html
4. هەروەها فوڵدەری تایبەت بە سی ئێس ئێس CSS Folder بۆ دانانی فایلەکانی سی ئێس ئێس CSS File تیایدا. چەند فایلی سی ئێس ئێس CSSمان هەبێت لەم فوڵدەرەدا دای دەنێین.
5. فوڵدەری وێنە Image Folder بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنی هەموو وێنەکان و، دانانی فوڵدەرەکانی تری وێنە لەم فوڵدەرەدا.
6. لە ناو فوڵدەری وێنە Image Folderدا، فوڵدەری تایبەت بە ئەلبووم درووست دەکەین و، لەناو ئەم فولدەرەدا Album Folder هەموو وێنەکانی ئەلبووم دادەنێین.
7. فوڵدەری تایبەت بە ڤیدیۆ Video Folder درووست دەکەین و، هەموو فوڵدەر ی ڤیدیۆ و ڤیدیۆ پێویستەکانی تیا دادەنێن.


ئەم خالانەی سەرەوە هیلکاری پێکهاتەی سایتەکەیە و، بە هۆیەوە دەتوانین بە رێك و پێکی کارەکەمان بکەین.


بروانە هیلکارییە سادەکەی خوارەوە کە بە شێوەی درەخت Tree هەموو پێکهاتەکان روون کراوەتەوە و ، لەم درەختەشەوە دەتوانین هیلکارییەکانی تر، بکێشین، یاخوود رووکاری ماڵپەر درووست بکەین، بەو جۆرەی کە دەمانەوێت.



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Site - HBCompany (E:... | | Folder | 10/04/2015 04:2... | - |
| css | | Folder | 05/04/2015 10:28 م | - |
| stylesheet.css | 1KB | Cascadin... | 05/04/2015 10:28 م | |
| images | | Folder | 10/04/2015 04:2... | - |
| logo.jpg | 45KB | JPEG image | 06/04/2015 12:09 م | |
| Album | | Folder | 10/04/2015 04:2... | - |
| index.html | 1KB | HTML File | 07/04/2015 08:4... | |
| About.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| Contact.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| Tutorials.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| C#.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| Java.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| Database.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| WebDesign.html | 1KB | HTML File | 10/04/2015 04:2... | |
| Vedios | | Folder | 10/04/2015 04:2... | - |
| hemid.webm | 17.9... | WEBM Vi... | 05/12/2014 10:0... | |

هێڵکارییەکە بە دایەگرامی بیرۆکەیی سایت Conceptual of Web Site:




Feedback
Html
CSS
Contact form
Graphic
About
Contact
Tutorials
Tutorials
C#
Java
Database
Web
Images
Album
image01
Images02
Image03
Logo
Header
Vedios
Video Album
Video 01
Video 01
Video 01
Video


# بەشی پێنجەم

# دروستکردنی سایتێکی نوێ و بەشە پێکهێنەرەکان


# Create New Website and all Components

# دروستکردنی ماڵپەڕێکی نوێ Create New Site


1. کلیك لەسەر ماڵپەڕ Site بکە.
2. کلیك لەسەر ماڵپەڕی نوێ New Site بکە.




3. پاشان لەو ڕووکارە نوێ یەی کراوەتەوە، لە خانەی ناوی ماڵپەڕ Site Name دا، ناوێك بۆ سایتەکەت بنووسە و، لە خانەی فۆلدەی شوێنی سایت Local Site Folder ئەو شوێن و فۆلدەرە دیاری بکە، کە دەتەوێت سایتەکەی تیا دابنێیت.




4. كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت Save بكە. بەمەش لە لای راستی بەرنامەكەوە، ناوی فولّدەرەكەی درووستمان كرد، لە بەشی فایلەكان دەردەكەوێت.





## دروستكردنی فولّدەرەكان و فایلەكان

1. لە بەشی فایلەكان Filesدا، كلیكی راست لەسەر فولّدەری سەرەكی سایتەكە بكە.



2. پاشان ئەگەر دەتەوێت، فۆڵدەر Folder درووست بکەی، کلیك لەسەر فۆڵدەری نوێ New Folder بکە، ئەم فۆڵدەرە ناو بنێرەوە بۆ وێنەکان images، تا هەموو وێنەکانی سایتەکەی تیا دابنێین.




3. فۆڵدەرێکی تر بۆ سی ئیس ئیس CSS درووست دەکەین. هەروەها بە گوێرەی پێویست فۆڵدەری تر درووست دەکەین بە هەمان رێگە.

4. کلیکی راست لەسەر فۆڵدەی سی ئێس ئێس css folder کە دروستمان کردووە، بکە و پاشان کلیك لەسەر فایلی نوێ New File و ناو و پاشگرەکەی بکە بە styls.css و پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەر دا، بۆ جێگیر کردنی ناوەکەی .


5. پاشان کلیك لەسەر HTML بکە، لەو رووکارەی بەردەست تە بۆ دروستکردنی لاپەرەی سەرەکی و پاشان کلیك لەسەر فایل File بکە و دواتر کلیك لەسەر Save بکە و بە ناوی index.html پاشەکەوتی بکە:




تیبینی :: ئەگەر ئەو رووکارەی سەرەوەت لابردبوو، بەردەست نەبوو، بە دوو ریگەی تر دەتوانین لاپەرەی سەرەکی index.html و فایلی تری هتمل HTML درووست بکەین:

## ریگەی یەکەم::

1. کلیك لەسەر دووگمەی فایل File دەکەین، پاشان کلیك لەسەر ...New دەکەین:





2. ئەم رووکارەی خوارەوە دەکریتەوە و لە ستوونی جۆری لاپەرە Page Type جۆری ئەو لاپەرەیە دیاری بکە ((هتملٚ HTML)) کە دەتەویٚت.
3. لە ستوونی لاکان Layoutدا، یەکیٚك لە جۆرەکان هەلبژیٚرە، یان کلیك لەسەر None بکە و هیچ هەلمەبژیٚرە.
4. لە بەشی دۆك تایپ DocTypeدا، نەوەی هتملٚ HTML دیاری بکە، بۆ نموونە هتملٚی پیٚنج HTML5.
5. لە بەشی لاکانی سی ئیس ئیٚس CSS Layoutدا، ئەو فایلی سی ئیٚس ئیٚسەی CSSدرووستمان کردووە زیادی بکە بۆ سەرە Add to Head یان فایلیٚکی نویٚ Create New Fileدرووست دەکەین، یاخود لینکی دەکەین بەو فایلەوە کە ئیستا هەیە Link to Existing File.
6. لە بەشی هاوپیٚچکردنی فایلی سی ئیٚس ئیٚس Attach CSS File دا، دووگمەی هاوپیٚچکردنی سی ئیٚس ئیٚس هەیە کە وینەی زنجیریکە و بەهۆیەوە ئەو فایلەی دەمانەویٚت لینکی دەکەین لەگەلٚ ئەو فایلە هتملٚHTML ـــەی درووستی دەکەین.
7. لە کۆتای دا کلیك لەسەر دووگمەی درووستکردن Createدەکەین.





## ڕێگەی دووەم::

1. لە بەشی فایلەکان Files لە لای چەپ بەرنامەکە و لە سەرەوە ، کلیکی ڕاست لەسەر ناوی سایتەکە بکە .



2. كليك لەسەر فایلی نوێ New File بکە.




3. ناوی فایلە درووست بووەکە بگۆرە بە insex.html و پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەر Enterدا.

تێبینی::

کاتێك ئەم ریگەیە بەکار ئەهێنین ئەوا پێویست بە پاشەکەوت کردنی سەرەتایی Save ناکات و خۆی پاشەکەوتی دەکات.


# کردنەوەو پیشاندانەکان

# Open and Previews


## یەکەم// کردنەوە Open:

دووای ئەوەی فایلی هتملێ index.html مان درووستکرد ئەگەر داماں خستبیتەوە، ئەوا بە یەکێك لەم دوو ریگەیە دەیکەینەوە :

ریگەی یەکەم:: لە بەشی فایلەکان Filesدا، دووانە کلیك لەسەر هتملێ index.htmlدەکەین:




ریگەی دووەم:: كليك لەسەر لیستی فایل File دەکەین پاشان كليك لەسەر کردنەوە Open دەکەین:




پاشان بەهۆیەی بەشی کردنەوە وە ئەو فایلەی دەمانەوێ دیاری دەکەین و دوواتر کلیك لەسەر دووگمەی کردنەوە Open دەکەین.

تیبینی::

دەتوانین کە کلیکمان لەسەر فایل file کرد، پاشان کلیك لەسەر کردنەوەی فایلە تازەکان Open recent بکەین و پاشان کلیك لەسەر فایلە تازەکە بکەین تا بکریتەوە.

# فوڵدەر و فایلەکانی تر

# Other Folders and Files

هەمان ریگەکانی سەرەوە بەکاردەهینین بۆ درووستکردنی هەموو فولدەر و لاپەرە پێویستەکان کە مالپەرەکەمان پێکدەهینن. بۆیە هەنگاوەکانی درووستکردنی هەموو لاپەرەو فوڵدەرەکان نانووسین.


دووای درووستکردنی فوڵدەرەکان پێویستە ناوەرۆکە پێویستەکان بهێنینە ناو فوڵدەرەکان، بۆ نموونە هەموو ئەو وێنانەی دەمانەوێت بیکەین بە ئەلبووم بهینینە ناو فولدەرەی ئەلبوومەوە Album و دای بنێین تیایدا، هەروەها ئەو وێنانەی دەمانەوێت لە سایتەکەدا بەکاری بهێنین وەکو لۆگۆ، سەرەی ماڵپەر و ..... ، بۆ فوڵدەری ڤیدیۆش بە هەمان شێوە.

لە کۆتایدا و بە گوێرەی هیلکارییەکەی سەرەوە، پێکهاتەکانی سایتەکە درووست دەبێت.


## لیستی کورتکراوە

## Shortcut List

دووای ئەوەی هەموو فایل و فۆڵدەرەکانمان درووستکرد بە هۆی کلیکی راست Right Click لەسەر هەریەکیکیان لیستیك دەکریتەوە و بەهۆیەوە زۆر کاری گرنگ ئەکریت کە بە کورتی و لە خشتەدا گرنگترینەکانیان باس دەکەین:



1. فایلی نوێ New File: بۆ درووستکردنی فایلیکی نوێ.
2. فۆڵدەری نوێ New Folder: بۆ درووستکردنی فولدەریکی نوێ.
3. کردنەوە Open: بۆ کردنەوە بەکاردێت.
4. کردنەوە بە Open With: بۆ کردنەوەی ئەوەی کلیکی راستت لەسەر کردووە بە دریمویڤەر Dreamweaver یان بگەڕ Browser.
5. چاکسازی Edit: بۆ چەند بواریکی تایبەت بە چاکسازی بەکاردێت ، کاتیك سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر کورتە لیستیك دەکریتەوە کە ئەمانەی تیایە:




- بڕین Cut: بەکاردێت بۆ بڕینی ئەوەی کلیکی راستمان لەسەر کردووە.
- لە بەرگرتنەوە Copy: بەکاردێت بۆ لەبەر گرتنەوەی ئەوەی کلیکی راستمان لەسەر کردووە.
- دانانەوە ((لکاندن)) Paste: بەکاردێت بۆ دانانەوەی ئەوەی بڕیوومانە یان لەبەرمان گرتۆتەوە.
- سڕینەوە Delete: بەکاردێت بۆ سڕینەوەی ئەوەی دیاریمان کردووە.
- دوو هێندە کردن Duplicate: بەکاردێت بۆ ئەوەی ئەوەی کلیکمان لەسەر کردووە بکەین بە دووان.
- ناونانەوە Rename: بەکاردێت بۆ گۆڕینی ناو و ناونانەوەی ئەوەی کلیکی راستمان لەسەر کردووە.

6. هەڵبژاردن ((دیاری کردن)) Select: بۆ دیاری کردن بە چەند شێوەیەك بەکاردێت وەکو دیاری کردنی هەمووی All، یان ....... .

# بەشی شەشەم

# هتمڵ

# HTML

# ناساندنی زمانی ئێچ تی ئێم ئێڵ

# HTML Introduction

ئێچ.تی.ئێم.ئێڵHTML:کورتکراوەی وشەکانی Hyper Text Markup Language و،یەکێکە لەزمانە مارکەپە باو، و بڵاوەکانی بوواری وێب و ، بۆ دروست کردنی لاپەڕەی وێب Web Page و وێب سایت Web Site بەکاردێت و،دەتوانین بڵێین زمانێکی مارکەپی سادەیە و، بەئاسانی دەتوانین فێری ببین، بەلاّم زمانێکی بەهێزە و دەتوانین بەهۆیەوە جوانترین نەخشەسازی ئەنجام بدەین و،زمانێکە خاوەنی تایبەتمەندییەکی زۆرەو،دەتوانین بەجوانترین شێوە وێب سایتەکانمانی پێ دروست بکەین، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك زمانی دیکەی وەك (زمانی بەرنامە سازی جاڤا)ی (کۆمپانیای سەن) ئەم زمانە قبوولّ دەکات و ، پاڵپشتی دەکات و،بۆهەندێك کاری تایبەتی تیایدا بەکاردەهێنرێت. ئەم زمانە لە ئاستێکدا نەوەستاوەو،بەردەوام بەرەو پێشدەبرێت و،گۆرانکاری زۆر زۆری تیا دەکرێت و،نەوەو ،جۆری نویّ ی لیّ بەرهەم دەهێنرێت،یەکێك لەو نەوەو جۆرە نوێیانە (ئیکس ئێچ.تی.ئێم.ئێڵ XHTML)ە،کەلەسەر بنەماکانی (ئێچ.تی.ئیم.ئیل)ەو،کورتکراوەی وشەکانی Extensible Hyper Text Markup Language، بە دووای ئەم نەوەیەدا، نەوەیەکی نوێتر بەرهەم هات کە ئێچ تی ئێم ئێڵی پێنجە HTML 5 و هەنووکەش سەرقاڵی XHTML 5 ن

دەتوانین بەهۆی ئەم زمانەوە لاپەرەکانی وێب Web Page و وێب سایتەکان Web Sitesبەهەر جۆرێك رێکبخەین کە خۆمان دەمانەوێت و،گۆڕانکاری و جوانکاریش لە ڕەنگ Color وباکگراوەند Background و فایل Fileودۆکۆمینت Documentو خشتە Tableوهەموو پێکهاتەکانی تردا،ئەنجام بدەین، بەلاّم لاپەرە و ویبسایتە نەگۆڕەکان Static Web Pagesی پێدروست دەکەین، نەك گۆراوەکان و بزۆکەکان Dynamic Web Pages.

- هایپەر تێکست HyperText: دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لاپەرەکانی ویب Web Pages (دۆکۆمێنتەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵ HTML Documents) گرێدراون و پێکەوە بەستراون. کاتێك کلیك لەسەر ئەو بەستەرانە دەکەین لە لاپەرەی وێب دا، ئەو هایپەرتێکستانە (بەرزە دەقانە) بەکاردێت.
- زمانی مارکەپ Markup Language: وەسفی ئەوە دەکات، کە چۆن ئێچ تی ئێم ئێڵ HTML کاردەکات، دەتوانین بلێێن مارکەپ Mark up نووسینە Text لەگەڵ تاگەکان Tags کە بە وێبگەر Web Browser دەلێت چۆن پێکهاتووە بۆ پیشاندان.

# مێژووی ئێچ تی ئێم ئێڵ

# HTML History

مێژووی ئێچ تی ئێم ئێڵ نوێنییە و، دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان و، تا هەنووکە چەندین نەوەی لێدەرچووە، کە بە پێی نەوەکان گۆڕانکاری بەسەر دا، هاتووە و، بەرەو پێش براوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم نەوە و شێوانەی هەیە کە لە خوارەوە ناویان و ساڵەکانیان نووسراوە:

| | |
|---|---|
| HTML | 1991 |
| HTML + | 1993 |
| HTML 2.0 | 1995 |
| HTML 3.2 | 1997 |
| HTML 4.01 | 1999 |
| XHTML | 2000 |
| HTML 5.0 | 2012 |
| XHTML 5.0 | 2013 بریاربوو لەم سالەدا بلاو بکریتەوە، بەلام تا ئیستا بلاو نەکراوەتەوە. |

## تایبەتمەندییەکانی زمانی ئیچ.تی.ئیم.ئیل

## HTML Properties

1-زمانێکی سادەو ساکارە و بەئاسانی فێری دەبین.

2-زمانی HTMLزمانێکی وردکار Case Sensitive نییە، واتە گەورە Capital Letter و بچوکی Small Letterپیتەکان جێگەی بایەخ نین و،هەرچۆنێك بنووسرێت نابن بەهەڵە و،قبوڵی دەکات.

3-پێویستی بەبەرنامەی تایبەتی نییە بۆ نووسین و دارشتنی وێب سایت و لاپەڕەکانی وێب.

4-لەڕوی رستەساز(ڕێزمان)ی بەرنامەسازییەوە Syntax of programming ئاسانە و، هیچ ئالۆزییەکی تێدانییە.

5-دەتوانین هەر کارێك بەچەند ڕێگە و شێوەیەکی جیاواز ئەنجام بدەین.

## پێکهاتەو ڕستەسازی لە زمانی ئیچ تی ئیم ئیل

## HTML Syntax

ئەو لاپەرانەی وێب Web Pageو وێب سایتانەی Web Siteکە دروستی دەکەین تا لە ئینتەرنێت و لە ماڵپەڕێکدا دایبەزێنین و بڵاوی بکەینەوە،بەشێوەیەکی گشتی پێکدێت لە ناوەڕۆك و ڕستەکانی بەرنامە سازی HTML . ناوەرۆکیش ئەو بەشەیە کە بینەری سایتەکان دەیبینێت و، بەشی دووەم تایبەتە بە ڕستەکانی بەرنامە سازی و ئەندازیاری بەرنامە سازی دەینووسێت بۆ پێکهێنانی ناوەرۆك و دروستکردنی وێب سایت Web Site.

ڕستەکان (دەربڕینەکان) Statementsلە زمانی HTMLدا،پێکدێت لە دوو تاگ Tagو،یەکەمیان پێی دەوترێت تاگی دەستپێکردن (سەرەتا) Start Tag یان تاگی کردنەوە Open Tag، و بەدووەمیان دەگوترێت تاگی کۆتایی End Tag ،یان تاگی داخستن Close Tag .

تاگی کردنەوە بەهێمای بچوکترە (>)دەستپێدەکات و بەهێمای(<)کۆتای دێت و،ناوی تاگەکەش لە نێوان هەردوو هێماکەدا <Tag>دەنووسرێت.بۆنمونە تاگی Htmlبەم شێوەیە دەنووسرێت:

<Html>

هەرچی تاگی کۆتایشە بە هێمای (>)دەستپێدەکات و،پاشان هێمای باکسلاش (/)و،ناوی تاگەکە و ،هێمای (<)کە تاگەکەی پێدادەخەینەوە،بۆنموونە تاگی داخستنەوەی Htmlبەم شێوەیە دەنووسرێت:

</html>

هەردوو تاگەکە بەم شێوەیە دەبێت:

<tagname>content</tagname>

## تاگەکان

## Tags

هەمیشە نووسین و،کردارەکان لە نێوان تاگەکاندا دەنووسین ،و بەشێوەیەکی گشتی سەرەتاو کۆتای تاگەکان،بەم شێوەیەی خوارەوەیە،وەکو لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە،و وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا کاتێك تاگێك دەکەینەوە ،ئەوا دەبێت داشی بخەینەوە،بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەم قسەیە بڕوانە نمونەکان:

| تاگی سەرەتا(کردنەوە) | تاگی کۆتای(داخستنەوە) | مەبەستی تاگ |
|---|---|---|
| <html> | </html> | واتە فایلەکەHTMLە |
| <body> | </body> | لاشەی بەرنامەکە |
| <head> | </head> | سەرەتای بەرنامەکە |
| <title> | </title> | ناونیشانی سایتەکە |
| <font> | </font> | فۆنت |

| | | |
|---|---|---|
| هیدەر | </h1> | <h1> |
| پەرەگراف | </p> | <p> |
| تۆخکردنی نووسین | </b> | <b> |
| لارکردنی نووسین | </i> | <i> |

بێگومان ژمارەیەکی زۆر تاگمان هەیەو ئەم تاگانەی ناو خشتەکە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیەو،لە کاتی باسکردنی هەر بەشێك دا تاگەکانی تر ڕوون دەکەینەوەو،شیبیان دەکەینەوە.

## تاگە سەرەکییەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵ

## HTML Basic Tags

1. تاگی کردنەوە و سەرەتای ئێچ تی ئێم ئێڵ <html> و تاگی داخستنەوەو کۆتای ئێچ تی ئێم ئێڵ </html>، کە هەموو تاگەکانی تر لە نێوان ئەم دوو تاگەدا دەنووسرێت.
2. تاگی کردنەوەو سەرەتای سەرە (هێدەر) <header> و تاگی کۆتایی و داخستنەوەی سەرە </header>، کە زانیارییەکانی سەرە Header Information ی لاپەرە لە خۆدەگرێت و لە نێوان ئەم دوو تاگە دا دەنووسرێت.
3. تاگی کردنەوە و سەرەتای ناونیشان <title> و تاگی کۆتای و داخستنەوەی ناونیشان </title> ، ناونیشانی لاپەرەکە لە نێوانی دا، دەنووسرێت.
4. تاگی سەرەتا و کردنەوەی لاشە (بۆدی) <body> و تاگی کۆتای و داخستنەوەی لاشە </body>، کە لاشەی سەرەکی لاپەرەکەیە و زۆربەی تاگەکان لەناویدا دەنووسرێت، وەکو تاگی پەرەگراف و فۆنت و وێنە و نووسینی جولاّو و فرەیم و لیست و خشتە و ........ .

```
<html>


<head>
<title>HTML Basic tags</title>
</head>

<body>
   <p>This is a paragraph tag.</p>
</body>



</html>
```

# ناونیشان


## The Title

تاگی ناونیشان Title Tag بەکاردێت بۆ نووسینی ناونیشانێك،یان هەر زانیارییەك،كە لەكاتی كردنەوەی سایتەكەدا و،لەبەشی شریتی ناونیشانی Title Barی بەرنامەی بگەڕ و پیشاندەری وێب Web Browserدا،پیشان دەدرێت،جا براوسەرەكەمان Web Browserهەر بەرنامەیەك بێت،واتە:Internet Explorerبێت،یان Netscapeیان fire foxیان هەر بەرنامەیەكی تر.

كە فایلی هتملّ HTMLدەكەینەوە كە دروستمان كردووە، لە شریتی ئامرازەكانی دۆكۆمێنت Document Tool Bar دا سنووقی تایبەت بە نووسینی ناونیشان هەیە و كە نووسیمان، بەرنامەكە خۆی دەیخاتە نێوان تاگی ناونیشانەوە:




ئێستا بڕوانە وێب سایتەكە، و سەرنجی شریتی ناونیشان بدە،دەبینن نوسراوە ( About Us)كاتێك لە بەرنامەكانی وەك گووگڵ كرۆم یان ئینتەرنێت ئیكسپلۆرەر ، یان .... كراوەتەوە:



## سیفەتە تایبەتییەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵ

## HTML Attribute

سیفەتی تایبەتی (تایبەت بەخۆ): بە شێکی دیکەیی گرنگی تاگەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵە، کە بەکاردێت بۆ پێناسەکردن و دانانی سیفەتی تایبەتی و تایبەتمەندی پێویست بۆ هەر تاگێك بە گوێرەی ئەو کارەی ئەنجام دەدرێت و، لە تاگی کردنەوە و سەرەتادا <open tag> دەنووسرێت.

هەموو سیفەتێکی تایبەتی لە دوو بەش پێك دێت، ئەوانیش:

1. ناو Name: ئەو تایبەتمەندییە یە کە دەمانەوێ بیدەین بە تاگەکە، بۆ نمونە لە تاگی فۆنت دا، ناوی face مان بەکارهێناوە، تابەهۆیەوە تایبەتمەندی جۆری فۆنت دیاری بکەین، کە بە دووای دا هێمای یەکسان (=) و پاشان دووانە کۆمای سەرەوە.
2. نرخ Value: بەهۆیەوە ئەو نرخە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت بیدەین بە تایبەتمەندییەکە، هەر لە نمونەی فۆنتەکەدا، دووای نووسینی دووانە کۆمای سەرەوە نرخی فۆنتەکە دیاری دەکەین، کە دەمانەوێت لە جۆری ئاریەل بێت و پاشان دووانە کۆمای سەرەوە دادەخەینەوە.

```
<font face="arial" color="#CC0000">
```

لە نمونەکەوە بۆمان روونبویەوە کە هەر سیفەتێکی تایبەتی Attribute پێکدێت لە ناوی سیفەتە تایبەتییەکە کە پێی دەڵێن ناو Name و تایبەتمەندییە و، هێمای = و دووانە کۆمای سەرەوە و ، نرخی سیفەتە تایبەتی یەکە و، داخستنەوەی دووانە کۆمای سەرەوە.

هەروەها دەتوانین چەند Attribute یـــك پێکەوە بنووسین و بۆشای Space لە نێوانیان دا، دابنێین، وەکو لەنمونەکەی پێشەوەدا دەیبینین.

## نووسینی سەرنج و تێبینی لە ئێچ تی ئێم ئێڵ دا

## Comment in HTML

بێگومان یەکێك لەو کارە گرنگانەی لە بەرنامە سازیدا، بەرنامە ساز و،ئەندازیاری بەرنامە سازی ئەنجامی دەدات ،نووسینی سەرنج و تێبینییە لەناو ئەو کۆدەی بۆ نووسینی بەرنامەیەك نووسیویەتی جا بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی بە شێکی کۆدەکە بێت،یان سەرنج و تێبینی بۆهەر ئەندازیارێکی تر،یان نووسینی ناوی ئەندازیار و بەرواری دروستکردنی بەرنامەکە، یان بۆهەر مەبەستێکی تر،کە بێگومان لە دروست کردنی فایلی ئێچ تی ئێم ئێلیشدا، بەهەمان شێوەی بەرنامە سازی گرنگ و پێویستە و بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسرێت:

```
<!--Comment -->
```

واتە بۆ نووسینی سەرنج و تیبینییەکە ئەو شێوەیەی سەرەوە دەکەینەوە کە پێك دێت لە هێمای < و پاشان هێمای ! و کە بە دووای دا دوو داش --دادەنێین و،دوواتر ئەو سەرنج و تێبینییە دەنووسین کە دەمانەوێت و لە کۆتای سەرنج و تێبینییەکە دا دوو داشی دیکە -- دادەنێین و،بەهێمای > ڕستەی نووسینی سەرنج و تێبینییەکە Comment Statement کۆتای پێدەهێنین.

بڕوانە ڕستەی سەرنج و تێبینی لە کۆدەکە دا :

```
1  <!-- Create By: Hemn Barznji's Sftware Engineer -->
2  <!--  Date of Creation : 21/7/2010-->
3  <html>
4  <title>
5  Hemn - Barznji's Web Site
6  </title>
7  <body text="black" bgcolor="ffffaa"><a name="k"></a>
8  <!--Hemn Barznji's E-Mail-->
9  <a href="mailto:hemnymla@yahoo.com">Hemn's Email 1</a>
10 <br><a href="mailto:dr.hemn@yahoo.com">Hemn's Email  2</a>
11 <br><a href="mailto:dr.hemnbarznji@yahoo.com">Hemn's Email  3</a>
12 </body>
13 </html>
14
```

خاڵەکانی 1 و 2 و 8 سێ ڕستەی سەرنج و تێبینین Comment Statement.

## چەند سەرنج و تیبینییەك پێکەوە

## Multiple Comments

بێگومان هەندێك جار پێویست دەکات چەند سەرنج و تیبینییەك پێکەوە بنووسین و بۆ ئەم مەبەستەش ئەم شێوازەی خوارەوە بەکاردەهێنین:

```
<!--
This is a multiline comment <br />
and can span through as many as lines you like.
-->
```

# تاگ لەناو تاگ دا

# Nested Tag

دەتوانرێت زۆربەی تاگەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵ لەناو یەکتردا بنووسرێت، وەکو لەم کۆدەی خوارەوەدا دەبینرێت:


```
<!DOCTYPE html>
<html>
<body>
<p>Sllaw … Em Katetan Bash</p>
</body>
</html>
```

# تایبەتمەندییەکانی لاپەڕە


# Page Properties

دووای ئەوەی هەموو لاپەڕەکانمان درووست کرد ، دەتوانین تایبەتمەندی هەر یەکێك لە لاپەڕەکان دیاری بکەین، بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە.

1. ئەو لاپەڕەیە بکەرەوە کە دەتەوێت تایبەتمەندییەکانی Page Properties دیاری بکەیت.
2. کلیك لەسەر گۆرانکاری بچووك Modify بکە.
3. کلیك لەسەر تایبەتمەندییەکانی لاپەڕە Page Properties بکە:




4. رووکاری تایبەت بە ڕێکخستنی لاپەرە دەکرێتەوە:





5. لە لای دەستە چەپی ئەو رووکارەی کراوەتەوە، ستوونێك هەیە بەناوی پۆلێن Category و، بە گویرەی هەلبژاردنی پۆلێنێك دەتوانین تایبەتمەندی دیاری بکەین بەلام لەم بەشەدا تەنها باس لە تایبەتمەندی پۆلێنی هتمڵ HTMLدەکەم لەبەشی داهاتوو دا باس سی ئێس ئێس دەکەم:

- رووکاری دەرەوە ((سی ئێس ئێس)) Appearance (CSS)
- رووکاری دەرەوە ((هتمڵ)) Appearance(HTML)




- وێنەی پشتەوە Background Image: بەهۆی ئەم بەشەوە و بەسوود وەرگرتن لە دووگمەی گەران Browse وێنەیەك دەهێنین تا بیکەینە وێنەی پشتەوەی لاپەرەکە.
- پشتەوە Background: بەهۆی ئەم بەشەوە رەنگێك دیاری دەکەین تا ببێتە رەنگی پشتەوەی لاپەرەکە.
- نووسین Text: بەهۆیەوە رەنگی نووسین Text دیاری دەکەین، واتە ئەو نووسینانەی لەناو ئەم لاپەرەیەدا دەینووسین چ رەنگێك بێت.
- لینکەکان Links: بەهۆیەوە رەنگێك هەڵەبژێرین تا ببێتە رەنگی هەموو ئەو لینکانەی لەم لاپەرەدا درووستی دەکەین.
- لینکە بینراوەکان Visited Link: بەهۆیەوە رەنگێگ دیاری دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە رەنگی ئەو لینکانەی لەم لاپەرەیەدا هەن، دووای ئەوەی سەردانیان کرا، واتە دووای ئەوەی کلیکیان لەسەر کرا.
- لینکی چالاك Active Link: بەهۆیەوە رەنگێك هەڵەبژێرین تا ببێتە رەنگی هەموو لینکەکان و، لەو کاتەدا دەربکەون کە سەهمی ماوسەکەیان دەبەینە سەر و چالاکیان دەکەین.
- دیاری کردنی چوار دەوری لاپەرە Margin بۆ لای چەپی لاپەرەکە Left Margin، یان سەرەوەی لاپەرەکە Top Margin، هەروەها پانی چوار دەور Margin Width و بەرزی چوار دەور Height Margin.



- لینکەکان ((سی ئێس ئێس)) Links(CSS)
- سەرەکان Headings(CSS):
6. دووای هەلبژاردنەکان کلیك لەسەر Okدەکەین.

## نووسین Text


نووسین لە دریمویڤەر دا ، ئاسانتر و خۆشترە وەك لە نووسین لە ڕێگەی کۆدی هتملّ HTML Code، ئەو لاپەرەیەی درووستت کردووە بیکەرەوە و لە شێوەی دیزاین Design دا، پیشانی بدە و، کلیك بکە لەناو لاپەرەکەدا بۆ ئەوەی بنووسیت:




## تایبەتمەندییەکانی نووسین


## Text Properties

بەهۆی بەشی تایبەتمەندییەکانەوە Properties، دەتوانین تایبەتمەندییەکانی نووسین دیاری بکەین و ، بە گۆڕەی پێویست هەڵی بژێرین:




له لای دەستە چەپەوە دوو هەڵبژاردن هەیە ، ئەوانیش <>HTML و CSS، پێویستە هتمل HTML هەڵبژێریت، پاشان :

- ڕێکخستن Format: بەهۆی بەشی ڕێکخستنەوە یەکێك لە هەڵبژاردنە گرنگەکانی تایبەت بە ڕێکخستن ئەنجام دەدەین، وەکو :
  - هیچ None: واتە هیچ هەڵبژاردنێکمان نی یە بۆ ڕێکخستن و ، ئاسایی بێت نووسین.
  - پەرەگراف Paragraph: نووسینەکە بە شێوەی پەرەگراف بێت.
  - سەرە Heading لە 1 تا 6: بۆ نووسینی ناونیشان بە یەکێك لە تاگ و شێوەکانی سەرە.
  - نووسین وەك خۆیی Preformatted: ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەو کاتەیە کە نووسینەکە وەك خۆیی بێت، واتە چۆن دەینووسین بەهەمان شێوە پیشان بدرێت.




- تۆخ کردن Bold (B): بە کاردێت بۆ تۆخ کردن و زەق کردنەوەی نووسین.
- لارکردنەوە Italic: بەکاردێت بۆ لارکردنەوەی نووسین.
- لیستی ڕێکنەخراو Unordered List: بەکاردێت بۆ درووستکردنی لیستی ڕێکنەخراو. بە کلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە هێمایەك دادەنێت و خالی یەکەمی بابەتەکە دەنووسین و پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بەمەش دەچێتە سەر دێری تازە و هێمایەکی تر دادەنێت بۆ خاڵی دووەم، و بەو جۆرە.
- لیستی ڕێکخراو Ordered List: بەکاردێت بۆ درووستکردنی لیستی ڕێکخراو، بە کلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە ژمارە یەك دادەنێت و خالی یەکەمی بابەتەکە دەنووسین و پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بەمەش دەچێتە سەر دێری تازە و ژمارە دوو دادەنێت بۆ خاڵی دووەم، بەو جۆرە.



- بەکۆمەڵکردن ((پارچە نووسین)) Blockquote : ئەم تاگە بە کاردەهێنرێت بۆ پارچە نووسین، بەکلیك کردن لە سەر دووگمەی block quote+ پارچە نووسینەکە چالاك دەبێت و دادەنرێت و بە کلیك کردن لەسەر Block quote – لادەبرێتەوە، بەلام :

ئەگەر کورتە نووسین بێت، ئەوا دەکرێت بێ تاگی پەرەگراف بێت:

<blockquote>This is a short block quote — look Ma, no paragraph tags!</blockquote>

بەلام ئەگەر نووسینەکە درێژبێت، ئەوا تاگی پەرەگراف بەکاردەهێنرێت لەگەڵی دا:

<blockquote><p>This is a longer block quote.</p>

<p>It uses paragraph elements.</p>


</blockquote>

هەروەها ئەگەر زیاتر لە پەرەگرافیشمان هەبوو، وەکو تاگەکانی سەرە Heading ئەوا ئەتوانین بەکاری بهێنین لەگەڵ تاگی پارچە نووسین دا:

<blockquote><h1>OMG a heading!</h1>


<ul><li>Block quotes can contain more than just paragraphs…</li></ul>

</blockquote>




- لینك Link: بەکاردێت بۆ گرێدان و پێکەوە بەستنی نووسینێك بە لاپەرەیەکەوە، سەرەتا نووسینەکە دیاری دەکەین و، پاشان کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی لیستەکە دەکەین و دەبینین ناوی هەموو ئەو

لاپەرانەی تیایە کە درووستمان کردووە و، بە هەلبژاردنی هەر لاپەرەیەك لینك دەبێت بە نووسینە دیاری کراوەکەوە:





کاتێك لینکێك درووست دەکەین، ئەوا خانەکانی نانیشان Title و ئامانج ((هەدەف)) Target چالاك دەبێت، ئەگەر بمانەوێت کاتێك سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر لینکەکە نووسینێکمان بۆ بنووسێت ئەوا لە خانەی ناونیشان Titleدا، نووسینەکە دەنووسین.

هەروەها لەبەشی ئامانج Targetدا، دیاری دەکەین، کە لینکەکە لە کوێدا بکرێتەوە.




- راکێشان و بردن بۆ فایلێك Point to File: بەکاردێت بۆ بردن و راکێشانی خالێك بۆ فایلێك.
- گەران بۆ فایل Browse to File: بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین بە شوێن ئەو فایلە دا بگەرێین کە دەمانەوێت، لینکی بکەین بە نووسینە دیاری کراوەکەوە.



## کۆد نووسی Writing Code::

شێوەی پیشاندانی کۆد  Code، یان دووانی Split چالاك دەكەین بۆ ئەوەی بتوانین کۆد بنووسین، بۆ نموونە دیڤێك <div id="header"> دەنووسین:




بەرنامەکە کار ئاسانی تەواو ئەکات بۆ کۆد نوسین و، کاتێك دەمانەوێت تاگی دیڤ بنووسین، ئەوا دووای نووسینی < و پاشان خۆی هەموو تاگەگانمان بۆ دەخاتە روو، کاتێك پیتی دی d دەنووسین هەموو ئەو تاگانە دەهێلێتەوە لە پیشاندانەکەدا،کە بە دی d دەستپێدەکات، پاشان ئای دی ID یان کلاسێکی دەدەینێ، و دای دەخەینەوە >، هەروەها کە هێمای  >دەنووسین بۆ داخستنەوەی تاگەکە و پاشان هێمای / ئەوا بەرنامەکە خۆی تەواو کەرەکەی div> دەنووسێت.

بەلاَم ئەگەر نەمانەوێت لەرێگەی کۆد نووسییەوە نەخشەسازییەکەمان ئەنجام بدەین، ئەوا سوود وەردەگرین لە لیستی دانان  Insert و لیستەکانی تر ، هەروەها پانێڵی دانان ((خستنە ناو))  Insert Panel بۆ ئەوەی هەر دانە و تاگێکی هتملَ HTMLمان ویست لە رێگەیەوە داینێین و بەکاری بهێنین.

# دانان و بەکارهێنانی هتمڵ

# Insert and Uses HTML

هەموو دانە و تاگەکانی هتمڵ لە ڕێگەی هەڵگرتن و ڕاکێشانەوە Drag and Drop بەکاردەهێنرێت و ئەمەش کۆد نووسی کەم ئەکاتەوە، بە جۆرێك کە دەتوینین بەبێ نووسینی کۆد، نەخشە سازی بکەین، بۆیە بە گوێرەی پێویست ڕوونی دەکەینەوە و، ئاماژە بە هەموو تاگ و دانەکانی تایبەت بە نەخشە سازی دەدەین و، لەبەشی داهاتوودا، باس لە سی ئیس ئێس-یش دەکەین بە هەمان ڕێگە و شێوە.

## یەکەم// نەخشەسازی و ڕێکخستنی ماڵپەڕ:

## Website Layout

نەخشە سازی و ڕێکخستنی ماڵپەڕ، زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ڕووکار و شێوەیەکی جوان بۆ بینینی ماڵپەڕەکەت دابین بکەیت، بۆیە دەبێت ئەم کارە بەوردی و وریاییەوە ئەنجامبدرێت، زۆرینەی ماڵپەڕەکان، ناوەڕۆکەکانیان لە چەند ستوونێکدا دادەنرێن، وەکو شێوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەم کارەش بە بەکارهێنانی دابەشکردنی ڕووکارەکە بەهۆی تاگی دابەشکردنەوە <div> ، و تاگی سپان <span> و خشتەوە Tableدەبێت، بە بەکارهێنانی سی ئیس ئێس بۆ ڕێکخستن و جوانکاری زیاتر.

### تاگەکانی قاڵب (داڕشتگە)و بەریزی ئێچ تی ئێم ئێڵ

### HTML Block & Inline Tags

زۆربەی تاگەکانی ئێچ تی ئێم ئێڵ پێناسە دەکرێت وەکو ئاستی قاڵب Block Level یان وەکو تاگەکانی بەریز و ڕێك Inline.

هەرچی تاگەکانی قاڵبە Block بە شێوەیەکی دەست پێدەکەن و کۆتاییان دێت لەگەڵ دێری تازە New Line کاتێك پیشاندراوە لە وێبگەڕ Web Browserدا.

وەکو تاگەکانی ناونیشانی نووسین <h1>و پەرەگراف <p> و لیستی ڕێزنەکراو <ul> وخشتە <table> و ....... .

هەرچی تاگەکانی بەریز و ڕێکیشە Inline Tags بەشێوەیەکی ئاسایی پیشاندراون بەبێ دەستپێکردنی دێری تازە Without New Line.

وەکو تاگی تۆخ کردن <b> و تاگی لینك <a> و تاگی وێنە <img> و تاگی <td> و ....... .

## نەخشە سازی و ڕێکخستنی ئێچ تی ئێم ئێل بەبەکارهێنانی دیڤ


## HTML Layout – Using DIV

تاگی دیڤ (دابەشکردن) لە جۆری ئاستی قالب (دارشتگە) Block Level ـــە، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بکرێتە هلگرێك بۆ هەلگرتن و ڕێکخستنی ناوەرۆکە کان و، بەش بەش کردنی رووکاری لاپەرەی سەرەکی و جێکردنەوە کۆمەڵەکان Groups تیایدا، بەبەکارهێنانی سی ئێس ئێس دەتوانین قالبێکی گەورە یان بچووك یان ..... بە گوێرەی پێویستی کارەکەمان دروست بکەین و ڕێکیشیانبخەین.


بۆ دانانی تاگ و دانەی دابەشکردن div دوو ڕێگەمان هەیە، و هەردوو ڕێگەکە وەك یەکە و هەمان کارمان بۆ ئەکات:

ڕێگەی یەکەم:

1. کلیك لەسەر لیستی خستنە ناو ((تیادانان)) Insert دەکەین.
2. کلیك لەسەر دیڤ div دەکەین.





3. ڕووکاری تایبەت بە دانانی دیڤ Insert div دەکرێتەوە و بەهۆیەوە پۆلێك class یان ئای دی یەك id بۆ دیڤەکە بناسینە و، کلیك لەسەر Ok بکە:




تێبینی :: بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی یاسایی نوێی سی ئێس ئێس New CSS Rule دەتوانین، سی ئێس ئێس ناوەکی Internal CSS بەکار بهێنین بۆ ڕێکخستن و جوانکاری و دیاری کردنی حەجم و ...... لەو دیڤەی کە دامانناوە، بەلام ئەم کارە هەلدەگرین بۆ بەشی دوواتر کە تایبەتە بە سی ئیس ئیس.

4. بەمەش دیڤێك زیاد دەبێت بۆ سەر لاپەڕەی هتملْ HTML Page.




ڕێگەی دووەم:

لە پەنیلی دانانەوە، کلیك لەسەر دیڤ div بکە لەناو کۆمەڵەی باو Commonدا و، بە هەلگرتن و گواستنەوە بیبەرە سەر لاپەڕەی هتملْ HTML Page و، پاشان وەك ڕێگەکەی پێشوو وایە:





ڕێگەی دووەم، بۆ زۆربەی خاڵەمانی تری هتملْ بەکاردێت بۆیە دووبارەی ناکەینەوە لە باسی ڤیدیۆ، کانڤاس، وێنە، خشتە، سەرە، و ..................... .

# دووەم// ڤیدیۆ:


# Video

وەك لە پێشتر باسمان کرد، پێویستە پێش وەختە ڤیدیۆ کەمان ئامادکردبێت و لە فولدەری ڤیدیۆ دا دامانابێت، پاشان دەی هێنینە ناو فایلی هتملً بەم شێوەیە:

1. کلیك لەسەر لیستی خستنە ناو ((تیادانان)) Insert دەکەین.
2. کلیك لەسەر HTML 5 Videoدەکەین.





3. پاشان تایبەتمەند ی یەکان دیاری دەکەین:




- ئای دی idبۆ دەنووسین ئەگەر بمانەوێت لە ڕێی سی ئێس ئیسەوە دەستکاری بکەین و جوانکاری بۆ بکەین.
- پانی W(width) بۆ دەنووسین بە پیکسلً .
- بەرزی H(Height) بۆ ئەنووسین بە پیکسلً.
- کلیك لەناو سنووقی پشکنینی بەردەم کۆنترۆلەکان Controls دەکەین ئەگەر بمانەوێت کۆنترۆلەکان دەر بکەوێت.

- کلیك لەناو سنووقی پشکنینی کارکردنی خۆیی Auto Play دەکەین ئەگەر بمانەوێت خۆی بکەویتە کار و ڤیدۆکە ببینین.
- کلیك لەناو سنووقی پشکنینی دووبارە بوونەوە Loopدەکەین ئەگەر بمانەوێت دووای تەواو بوون ی ڤیدیۆکە خۆی دووبارە دەست بکاتەوە بە کار .
- کلیك لەناو سنووقی پشکنینی بێدەنگی Mute دەکەین ئەگەر بمانەوێت ڤیدیۆکە بێدەنگ بێت.
- پێش لۆود Preload دیاری دەکەین.
- سەرچاوەی یەکەم Alt Source 1 و Alt Source 2 دیاری دەکەین تا لەکاتی نەکرانەوەی ڤیدیۆکەدا دەربکەون.




- بە هۆی خانەی سەرچاوەوە Sourceڤیدیۆکە بهێنە.
- بەهۆی خانەی Poster وینەیەك بهێنە ئەگەر دەتەوێ لە سەرەتای ڤیدیۆ کە و پێش کارپێکردنی دەربکەوێ.
- لە خانەی ناونیشان Titleدا ، ناونیشانێك بنووسە کە بە نزیك کردنەوەی ماوسەکە لێی دەرەکەوێت.
- لە خانەی نووسینی گەرانەوە Fallback text نووسینێك بنووسە بۆ کاتی گەرانەوەی ڤیدیۆکە.
- لە خانەی فلاشی گەراندنەوەش Flash Fall Back دەتوانیت فلاشێك دیاری بکەیت بۆ کاتی گەرانەوە.

تیبینی ::


مەرج نی یە هەموو تایبەتمەندییەکانی دیاری بکەیت، بەلام گرنگترینیان سەرچاوە Source و هێنانی ڤیدیۆکەیە و ئەوانەی تر زۆر جیگەی بایەخ نین و، بە نەبوونیشیان ، کارەکە جیبەجێدەبێت.

# سێهەم//كانڤاس

ئەم تاگە نوێیە بەكاردەهێنرێت بۆ مەبەستی كێشانی گرافیكس و، تەنها هەلگرێكە بۆ گرافیكس و، پێویستە سكریپیت (وەكو جاڤا سكریپت) بەكاربهێنرێت بۆ كێشانی گرافیكسەكە. كانڤاس رێگەی زۆری هەیە بۆ كێشانی رێڕەوەكان، سندوقەكان، بازنەكان، نووسین و، زیاد كردن و دانانی وێنە .


## دروستكردنی كانڤاس

1. كليك لەسەر ليستی دانان ((خستنە ناو )) Insertدەكەين.
2. كليك لەسەر كانڤاس Canvasدەكەين.




3. پەنجەرەی تايبەت بە كانڤاس چالاكەبێت و بەهۆيەوە :

- ئای دی id بۆ كانڤاسەكە دەنووسين.
- پانی width بە پيكسل بۆ كانڤاسەكە دەنووسين.
- بەرزی Height بۆ كانڤاسەكە دەنووسين :





دوواتر بە هۆی جاڤا سكريپت يان ..... كاری گرافيك دەكەين لە سەری.

# چوارەم// وێنە


# Image

بەهۆیەوە دوو جۆر وێنە دەهێنین، وینەی ئاسایی، یاخود وێنەیەك كاتێك سەهمی ماوسەكەی ببەینە سەر ببێت بە وێنەیەكی تر:


1. كلیك لەسەر خستنە ناو Insert دەكەین.
2. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Image و پاشان وێنە Image و كلیكی لەسەر دەكەین.





3. پەنجەرەی تایبەت بە هێنانی وێنە دەكرێتەوە و كلیك لەسەر ئەو وینەیە دەكەین كە دەمانەوێت دای بنێین و پاشان كلیك لەسەر كردنەوە Open دەكەین:



4. بەمەش وێنەکە دێتە ناو لاپەڕەی هتملّ و، بەشی تایبەت بە تایبەتمەندی وێنەش چالاکەبێت:





- نووسینی ئای دی id ئەگەر بمانەوێت.
- درووستکردنی نەخشە Map، بە بەکارهێنانی بەشی نەخشە.
- بەهۆی بەشی لینکەوە Link فایلێك لینکەکەین پێوەیی.
- بەهۆی بەشی ئامانجەوە target چۆنێتی کردنەوەی لینکەکە دیار ی دەکەین.
- بەهۆی بەشی ئەسڵییەوە Original وینە ئەسلییەکە دیاری دەکەین. ((پی ئێس دی)).
- ئەگەر پۆلمان هەبێت لە Class دا، دیاری دەکەین.
- بەهۆی بەشەکانی چاکسازی Edit ، گۆران و باشتر کردن ئەنجام دەدەین لە وێنەکەدا، وەك برین، روناکی، و .......... .
- پانی W(Width) و بەرزی وێنەکە Height (H) دیاری دەکەین و ئەگەر پێویست بوو ئەی گۆرین.
- لە خانەی ئالّت Alt نووسینێك ئەنووسین تا لەکاتی دەرنەکەوتنی وێنەکە نووسینەکە دەر بکەوێ.
- لە خانەی نناونیشان دا، ناونیشانێك Title دەنووسین، کاتێك سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر ئەو ناونیشانە دەرەکەوێ.




ئیستا جۆرێكی تری وێنە باس دەكەین، كە هێنانی دوو وێنەیە و كاتێك سەهمی ماوسەكەی دەبەینە سەر ئینجا وێنەی یەكەم دیار نامێنێ و دەبێت بە وێنەی دووەم:

1. كلیك لەسەر خستنە ناو Insert دەكەین.
2. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Image و پاشان وێنە Rollover Image و كلیكی لەسەر دەكەین.
3. كلیك لەسەر خستنە ناو Insert دەكەین.
4. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Image و پاشان وێنە Image و كلیكی لەسەر دەكەین.





5. پەنجەی تایبەت دەكرێتەوە و بە هۆیەوە هەڵبژاردنەكان ئەنجامدەدەین:




- لە خانەی ناوی وێنە Image Nameدا ناوێك بنووسە.
- لە خانەی وێنەی ئەسڵی Original Image وێنەیەك هەڵبژێرە كە یەكەم جار دەردەكەوێ.

- لە خانەی Rollover Imageدا، ئەو وێنەیە هەڵبژێرە کە کاتێك سەهمی ماوسەکەی دەبەیتە سەر دەرەکەوێت.
- لە خانەی نووسینی جێگرەوە Allternative Text نووسینێك بنووسەکە ئەگەر وینەکە دەرنەکەوت نووسینەکە دەر بکەوێت.
- لە خانەی لینك Link لینکێك بنووسە کە بە کلیك کردن لەسەر وینەکە ئەو لینکە بکریتەوە:




- کلیك لەسەر دووگمەی Ok بکە.

# پێنجەم//خشتە


# Table

بەهۆی ئەم دووگمەیەی بەشی دانان Insert دەتوانین هەر خشتەیەکمان بوویت بە ئاسانی درووستی بکەین و، بە گوێرەی پێویست بەکاری بهێنین:

- درووستکردنی خشتە:

- کلیك لەسەر خستنە ناو Insert دەکەین.
- سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر خشتە Table و کلیکی لەسەر دەکەین

- رووکاری تایبەت بە درووست کردنی خشتە دەکرێتەوە و لەم رووکارەوە بڕیار دەدەین لەسەر بەش و پێکهاتە و چۆنێتی خشتەکە و کلیك لەسەر  Ok دەکەین لە کۆتای دا:





1. لەبەشی ریزەکان Rowsدا، ژمارەی ریزەکان دیاری دەکەین، کە چەند دانە ریزمان پێویستە بۆ خشتەکە.
2. لەبەشی ستوونەکان Column ژمارەی ستوون ((عەموود)) دیاری دەکەین.
3. لە پانی خشتەدا Table Width پانی خشتە بە پیکسڵ یان ..... دیاری دەکەین.
4. لە ئەستوری چوار چێوە Border thicknessدا، ئەستوری چوار چێوە دیاری دەکەین.
5. پاشان بۆشایی نێوان ناوەرۆك و خانە Cell Pading و بۆشایی نێوان خانە Cell Spacing دیاری دەکەین.
6. سەرەی خشتە Heading هەڵدەبژێرین کە دەتوانین بۆی دانەنێین None، یان لای چەپ Left، یان لای سەرەوە Top، یان لەهەردوولاوە Both بێت.

7. ناونیشان Captionبۆ خشتەکە دەنووسین و، لەبەشی پوختە Sumaryش، ئەگەر پێویستی کرد، پوختە دەنووسین.

- زیاد و کەمکردنی بەشەکانی خشتە:

- کلیك لەسەر لیستی گۆڕانکاری بچووك Modify دەکەین.
- سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر خشتە Table.
- هەموو بەشەکانی تایبەت بە گۆرانی بچووك دەکرێتەوە و بەهۆیەوە دەتوانین زۆر گۆڕانکاری بکەین:




1. دیاری کردنی هەموو خشتەکە Select All.
2. بەیەککردنی چەند خانەیەکی دیاری کراو Merge Cells. واتە دەبێت ئەو خانانە دیاری بکەین کە دەمانەوێت بیان کەین بە یەك.
3. جیاکردنەوە و دابەش کردنی خانە بۆ چەند خانەی تر Split Cells.
4. دانانی ریزەخانەی ئاسۆیی Insert Rowز
5. دانانی ستوون Insert Column.

6. دانان و زیاد کردنی ریزەخانەی ئاسۆیی یان ستوون Insert Row Or Column.

7. سرینەوەی ریزەخانەی ئاسۆیی Delete Row. ئەو ریزە دەشریتەوە کە هیمای ماوسەکەی تیایە.

8. سرینەوەی ستوون Delete Column . ئەو ستوونە دەسریتەوە کە هێمای ماوسەکەی تیایە.

9. زیاد کردنی سپانی ریزەخانە Increase Row Span.

10.زیادکردنی سپانی ستوون Increase Column Span.

11.کەمکردنەوەی سپانی ریز Decrease Row Span.

12.کەمکردنەوەی سپانی ستوون Decease Column Span.

13.هەروەها چەند هەلبژاردن و کارێکی تر هەیە و دەتوانین بە هۆیەوە ئەنجامی بدەین.


## شەشەم//سەرە

## Head

بەهۆی ئەم بەشەوە لە لیستی دانان Insertدا، دەتوانین کارێك ئەنجامبدەیت کە بە کورتی باسیان دەکەم:

- مێتا Meta::تاگی مێتا زانیاری دابین دەکات لە بارەی دۆکۆمێنتی هتمڵ HTML Dpcument، ئەم زانیارییانەی مێتا پیشان نادرێت لەلایەن وێبگەرەوە Web Browser.دانەکانی مێتا بەتایبەتی بەکاردەهێنرێن بۆ وەسفکردن لاپەرە Page Description، وشەی سەرەکی Keyword، نووسەر Author ی دۆکۆمێنت.دووا گۆرانکاری و مێتا داتای تر.


1. کلیك لەسەر لیستی دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر سەرە Head.



3. پاشان سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر مێتا Meta و کلیکی لەسەر دەکەین:


- لەو رووکارەی کراوەتەوە نرخێك Value بۆ مێتا دەنووسین.
- لە خانەی ناوەرۆکیش Content، ناوەرۆکی مێتا دەنووسین.

4. کلیك لەسەر دووگمەی Okدەکەین.





- وشەی سەرەکی Keywords: ئەم وشە سەرەکییانە پێناسەدەکرێت و دەنووسرێت بۆ ئامێری گەران Search Emgine بۆ ئەوەی لە کاتی گەران بە هۆی گووگڵ،یاهوو، ..... بە ئاسانی ماڵپەرەکەی تۆش بدۆزریتەوە و بیتە بەردەست بەکار هێنە.

1. کلیك لەسەر لیستی دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر سەرە Head.





3. پاشان سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر وشەی سەرەکی Keywords و کلیکی لەسەر دەکەین، ئەم رووکارە دەکریتەوە و بەهۆیەوە زانیاری پێویست دەنووسین:





4. كليك لەسەر Okدەكەين.

- وەسف Description: پێناسە كردنى وەسفى لاپەڕەيە:

1. كليك لەسەر ليستى دانان Insert دەكەين.
2. سەهمى ماوسەكە دەبەينە سەر سەرە Head.




3. پاشان سەهمى ماوسەكە دەبەينە سەر وەسف Description و كليكى لەسەر دەكەين، ئەم ڕووكارە دەكريتەوە و بەهۆيەوە زانيارى پێويست دەنووسين، لە وەسفى سايتەكەدا:



4. کليك لەسەر Okدەکەين.


- ڤیوپۆرت Viewport: زیاتر بەکاردێت بۆ دەست بەسەراگرتنی لاکانی لاپەرەی وێب Web Page Layout، بۆ ئەو کاتانەی سایتەکە لە لایەن بەکارهینەرەوە بە هۆی مۆبایلەوە بەکاردێت. بە کليك کردن لەسەری ئەم دیرە کۆدە زیاد دەکات بۆ سایتەکە:

<meta name="viewport" content="width=device-width, initial-scale=1">

بەشی width=device-width تایبەتە بە دیاری پیشاندانی لاپەرە ، بە چاودێری کردنی شاشەی پیشاندانی ئامیرەکە، کە پشت دەبەستێت بە جۆری ئامیرەکە.

هەروەها بەشی initial – scale = 1 تایبەتە بە ئاستی گەورە کردن و بچوککردنەوە ((هێنانە پێشەوە و بردنە دواوە)) Zoom Level.

1. کليك لەسەر لیستی دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر سەرە Head.




3. پاشان سەهمی ماوسەکە دەبەینە ڤیو پۆرت View Port و کليکی لەسەرەکەین.

# حەوتەم//سکریپت

# Script


بەکاردێت بۆ هێنان و دانانی سکریپتێکی ئامادەکراو.

# هەشتەم// هایپەر لینك


# Hyperlink

ئەم بەشە بەکاردێت بۆ لینککردن و گرێدان لە نێوان نووسین ، یان وێنەیەك، لەگەڵ ناونیشانی سایتیك یان فایلێك یان ...... :

1. کلیك لەسەر لیستی دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Hyperlink و کلیکی لەسەر دەکەین.



3. ئەم رووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە:




- لە خانەی نووسین Textدا، ئەو نووسینە بنووسەکە دەتەوێت لەسەر رووی سایتەکە دەر بکەوێت، یان ئەگەر پێشتر نووسینەکەت نووسیوە، ئەوا دیاری Select بکە، پێش ئەنجامدانی ئەم 3 خالەی سەرەوە.
- لە خانەی لینک Linkدا، ناونیشانی ئەو سایتە بنووسە کە دەتەوێت لینك ببێت پێوەی.
- بەهۆی بگەری فایل Browse ئەو فایلە بهێنە کە دەتەوێت لینکی بکەیت پێوەی و بە کلیك کردن لەسەر لینکەکە فایلەکە بکرێتەوە.
- لە بەشی ئامانج دا، Target چۆنێتی کرانەوەی لینکەکە دیاری دەکەین.
- لە خانەی ناونیشان Titleدا، ئەو نووسینە دەنووسین کە دەمانەوێت بە نزیك کردنەوەی سەهمی ماوسەکە لە لینکەکە دەربکەوێت.
- هەرچی Access Key و Tab index بۆ ئەو کەسانە دادەنرێت کە کەم ئەندامییان هەیە یان تاقەتی بەکارهێنانی ماوسیان نی یە.

4. کلیك لەسەر دووگمەی Okدەکەین.


# نۆهەم//لینکی ئیمەیڵ

E-Mail Link

1. ئەو نووسینەی دەتەوێت لینك ببێت بە ئیمەیلەکەوە لەسەر لاپەرەی ویبەکەت Web Page بینووسە، پاشان دیاری بکە Select.

2. کلیك لەسەر Insert بکە.


3. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Email Link و کلیکی لەسەر بکە.




4. ئەم رووکارە دەکرێتەوە:

- لە خانەی نووسین Text ئەو نووسینە هەیە کە دیاریمان کردووە، خۆ ئەگەر پێشتر نووسینمان دیاری نەکردبێت ئەوا دەتوانین لێرەدا نووسینێك بنووسین تالەسەر رووکاری سایتەکە دەرکەوێت بۆ بەستەوەی ئیمەڵەکە پێیەوە.

- لە خانەی ئیمەیڵ Emailدا، ئیمەیلەکەت بنووسە.



5. کلیك لەسەر دووگمەی Ok دەکەین.

دەیەم//هیڵی ئاسۆیی

Horizontal Rule


بە کلیك کردن لەسەری هیلێکی ئاسۆیی لە شوێنی چالاکی ماوسەکەدا، دەکێشێت.

## یانزەهەم//بەروار


## Date

بەکاردێت بۆ دانانی بەروار:

1. کلیك لەسەر Insert دەکەین.
2. کلیك لەسەر Date دەکەین.



3. ئەمرووکارە دەکرێتەوە:




-


4. هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدە، بە گوێرەی پێویستی کارەی خۆت، پاشان کلیك لەسەر Ok بکە.

## دووانزەیەم// ئای فرەیم

## Iframe

بەکاردێت بۆ پێدانی لینێك Link بۆ ئەوەی بە شێوەی فرەیمێك دەربکەوێت لە سایتەکەدا.

1. کلیك لەسەر Insertدەکەین.
2. کلیك لەسەر Iframeدەکەین.



3. بەشی کۆد Code چالاك دەکەین و، سیفەتی تایبەتی بۆ تاگی Iframeادەنووسین:

```
<iframe src="http://www.hemnbarznji.blogspot.com">
<p> This Browser Does Not Support</p>
</iframe>
```

4. کاتێك لە ویبگەرێك Web Browserدا، سایتەکە دەکەیتەوە، ئەو لینکەی داتناوە دەبینرێت لە فرەیمێکدا.





تێبینی:: مەرج هەموو ویبگەرەکان All Browsers پاڵپشتی ئەم تاگ و دانەیە بکەن.

## سیانزەیەم// کارەکتەر

## Character

ئەم بەشەی لیستی دانان Insert List بەکاردێت بۆ دانانی هەموو کارەکتەرە پێویست و گرنگەکان، کە تەنها ناوی کارەکتەرەکە و، بەکارهێنانەکەی دەنووسین، بۆ دانانی هەر یەکێك لە کارەکتەرە پێویستەکان:

1. کلیك لەسەر Insertادەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Charcter و پاشان کلیك لەسەر هەر کارەکتەرێك بکە کە دەتەوێت :





- چونە سەر دێری تازە Line Break.
- بۆشایی بێ ئەوەی بچێتە سەر دێری تازە Non – Breaking Space.
- مافی پاراستن Copy Right.
- تۆمار کراو Registered.
- ترەید مارك Tradmark.
- پاوەن Pound.
- یەن Yen.
- یۆرۆ Euro.
- فاریزەی سەرەوەی لای چەپ Left Quote.
- فاریزەی سەرەوەی لای ڕاست Right Quote.

- ...... تاد.

# چواردەیەم//پێکهاتە

# Structure

گرنگترین دانە و تاگەکان لە خۆ دەگرێت و، زۆر گرنگە هەموویان بزانین و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە نموونەوە روون بکەینەوە:



# دابەشكردنی لاپەرە

# Page Division


دیڤ div: بۆ دابەشكردنی لاپەرە بەكاردێت بۆ چەند بەشێك و، لە بابەتەكانی پێشوودا، باسمان كرد.

# لیستی ڕێكنەخراو

# Unorderd List

بەكاردێت بۆ درووست كردنی لیستە ڕێكنەخراوەكان كە هیمایەك بەكاردەهێنرێت بۆ سەرەتای خالەكانی نووسینەكە، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێك نەخراوی واتە پاش و پێش خستن گرفتی نی یە.

1. كلیك لەسەر Insert بكە.
2. سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Structure و پاشان كلیك لەسەر Unorderd List:



3. دەبینین هێمایەك لە سەر رووكاری هتملّ دانراوە و، نووسینەكەت بنووسە:

- Web Programming

4. پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی Enterدا، بۆ نووسینی خالی دوواتر و، بەو جۆرە بەردەوام بە تا هەموو خالەكان دەنووسیت.

- Web Programming .
- Robotic Programming.

# لیستە رێكخراوەكان

# Ordered List

بەكاردێت بۆ درووست كردنی لیستە رێكخراوەكان كە ژمارە یەك (1)، یانی (ئەی) یان ..... بەكاردەهێنرێت بۆ سەرەتای خالەكانی نووسینەكە، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ رێك خراوی واتە پاش و پێش خستن گرفت درووست دەكات.

1. كلیك لەسەر Insert بكە.
2. سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Structure و پاشان كلیك لەسەر orderd List:
3. دەبینین ژمارە 1 لە سەر رووكاری هتملّ دانراوە و، نووسینەكەت بنووسە
4. پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی Enterدا، بۆ نووسینی خالی دوواتر و، بەو جۆرە بەردەوام بە تا هەموو خالەكان دەنووسیت.


1. Web Programming.
2. Robotic Programming.
3. Neural Programming.
4. Medical Programming.

# دانەکانی لیست

# List Item

بەکاردێت بۆ دانانی دانەی لیست List Item کە هەندێك کات پێویستمان پێی دەبێت بۆ ئەوەی دانەی لیست List Item بخەینە ناو دانەی لیستی List Item ترەوە.

1. کلیك لەسەر Insert بکە.
2. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Structure و پاشان کلیك لەسەر List Item و کلیکی لەسەر بکە.





3. دانەی لیست بنووسە List Item بە هۆیەوە و لەکوێ را پێویستت بە دانەی لیست بوو بەکاری بهێنە.

# سەرەی سایت


# Header

تاگی سەرە، Header بەکاردێت بۆ دیاری کردنی سەرە بۆ دۆکۆمێنت یان بە شێك، بەلام دەگونجێت لە دۆکۆمێنتێکدا، چەند سەرەیەکمان هەبێت

1. کلیك لەسەر Insertدەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Structure.
3. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Header و کلیکی لەسەر بکە.




4. لەو رووکارە نوێ یەی کراوەتەوە، ئای دی id یان پۆل Class بنووسە و، پاشان ئەگەر بتەوێت دەتوانیت بە هۆی بەشی یاسایی نوێی سی ئێس ئێس New CSS Rule تایبەتمەندی بۆ ئەم سەرەیە بنووسیت.




# ناونیشانی نووسین

# Heading

دەتوانین ئەونووسین و ناونیشانانەAddress ی هەمانە،بە شەش حەجمی جیاواز بینووسین و،بە ئارەزووی خۆمان کام حەجمەمان دەوێت هەڵیبژێرین و،حەجمەکانیش لە H1 بۆ H6:

1. کلیك لەسەر  Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر  Structure پاشان  Heading.
3. سەهمی ماو سەکە دەبەینە سەر هەر یەکێك لە ناونیشانەکان کە دەمانەوێت و کلیکی لەسەر ئەکەین.



# پەرەگراف

# Paragraph

ئەگەر بمانەوێت پەرەگرافێك بنووسین، ئەوا سوود لە بەشی پەرەگراف وەردەگرین لە ناوکورتە لیستی پێکهاتەکان Structureدا:

1. کلیك لەسەر Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر پەرەگراف Paragraph و کلیکی لەسەر دەکەین.
4. پاشان لەسەر رووکاری دیزاینی هتملْ HTML پەرە گرافەکە دەنووسین.

# ناڤیگەیشن

# Navigation

ئەم تاگە بەکاردێت بۆ پێناسەکردن و دروستکردنی لینکەکانی شریتێك ((مێنیو – Menu)) کە دەکەونە ناو شریتەکەوە و، بە هۆیەوە شریتێکی پەیوەندی دار بۆ سایتەکە درووست دەکەین.

1. کلیك لەسەر Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Navigation و کلیکی لەسەر دەکەین.
4. پاشان بەهۆی لینکەوە Link هەموو ئەوانە دادەنێن کە دەمانەوێت لە شریتی لیست Menu Bar دا هەبێت.

```
<nav>
<a href="/html/">HTML</a> |
<a href="/css/">CSS</a> |
<a href="/js/">JavaScript</a> |
<a href="/jquery/">jQuery</a>
```


</nav>

# سەرەکی

# Main

ئەم تاگە بەکاردێت بۆ دیاری کردنی هەموو ناوەرۆکی دۆکۆمینت ، بەلام پیویستە زیاتر لە یەك دانەی سەرەکی Main نەبیت لە دۆکۆمینتەکەدا.

1. کلیك لەسەر Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر سەرەکی Main و کلیکی لەسەر بکە.



# لاكان

# Aside

ئەم تاگە بەكاردێت بۆ دیاری كردن و پێناسەكردنی شریت و بەشەكانی تەنیشت و لاكانی راست و چەپی سایت و، یەكێكە لە تاگە گرنگ و زۆر بەكارهاتووەكان

1. كلیك لەسەر Insert دەكەین.
2. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Aside و كلیكی لەسەر دەكەین.

# وتار

# Article

ئەم تاگە بەكاردێت بۆ دیاری كردنی سەربەخۆ و، ناوەرۆكەكان خۆیان و وتار و بابەتەكان .

1. كلیك لەسەر Insert دەكەین.
2. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر وتار Article و كلیكی لەسەر بكە .

# بەش ((پارچە))

# Section

ئەم تاگە بەكاردێت بۆ پێناسەكردنی بەشێكی دۆكۆمێنت، واتە پارچەیەك لە لاپەرەی هتملْ، جا لەوانەیە ئەم پارچەیە پەرەگراف Paragraph یان سەرەی نووسین Heading یان ..... لە خۆ بگرێت.

1. كلیك لەسەر Insert دەكەین.
2. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەكە دەبەینەسەر بەش Section و كلیكی لەسەر دەكەین.

# ژێره

# Footer

ئەم تاگە بەکاردەهێنرێت بۆ درووست کردن و دیاری کردنی ژێره بۆ دۆکۆمێنت و لاپەرە، یان بۆ بەشێك، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم تاگە زانیاری لەبارەی نووسەر و، مافی پاراستن و ، زانیاری پەیوەندی کردن و ..... لە خۆ دەگرێت

1. کلیك لەسەر Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ژێره Footer و کلیکی لەسەر دەکەین.


# فیگەر


# Figure

تاگی فیگەر <figure> بەکاردێت بۆ دیاری کردنی خودی ناوەرۆك، بەهۆی وێنە و دایەگرام و ..... . ئەگەر ناوەرۆکی فیگەرەکەش پەیوەندی هەبێت بە رۆشتنی سەرەکی دۆکۆمێنتەکەوە، ئەوا شوێنەکەی پشت نابەستێت بە شێوە و رۆشتنی سەرەکی دۆکۆمێنتەکەوە. ئەگەر لاشبرێت هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر دۆکۆمێنتەکە.

تاگی ناونیشانی فیگەریش <figcaption> پێناسەی ناونیشانی تاگی فیگەر دەکات.

1. کلیك لەسەر Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Structure .
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فیگەر Figure و کلیکی لەسەر دەکەین.







# هتملٚ پێنج

# HTML 5

# پانزەیەم//میدیا

# Media

میدیا لە وێب دا، بریتییە لە دەنگ Sound، مۆزیك Music، ڤیدیۆ Video، و ئەنیمەیشن Animation.




بەهۆی چەند تاگ و تەکنەلۆژیا و بەرنامە و شێوازێکەوە دەتوانین جۆرەکانی میدیا ئاما بکەین و، دای بنێین لە ناو فایلی هتمڵ HTML Fileدا.

## وێنەی جوڵاو

## Edge Animate Composition

بە بەکارهێنانی بەرنامەی Adobe Edge Animatedوێنەی جولاو درووست دەکەین بە پاشگری oam و لە ڕێگەی ئەم بەشەی ئەدەب دریمەویڤەرەوە دەیهێنینە ناو فایلی هتمڵ HTML و بەکاری دەهێنین.

1. کلیك لەسەر دانان Insertدەکەین.
2. کلیك لەسەر میدیا Media دەکەین.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Edge Animate Composition و کلیکی لەسەر دەکەین.
4. ڕووکاری تایبەت بە کردنەوەی وێنەجولاوەکە دەکرێتەوە و ئەو فایلی oam ی ئامادەت کردووە دیاری بکە و کلیك لەسەر کردنەوە Open بکە.

# ڤیدیۆ

# HTML 5 Video

بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین ڤیدیۆ زیاد بکەین بۆ فایلی هتمڵ HTML File، بەڵام چەند جۆرێکی دیاری کراوی ڤیدیۆ قبوولّ دەکات، ئەوانیش : OGG و MP4 و، M4V و، WEBM و OGV و 3GP. وەك لە بابەتەکانی پێشتر باشی هێنانی ڤیدیۆمان کردووە و لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

1. کلیك لەسەر دانان Insertدەکەین.
2. کلیك لەسەر میدیا Media دەکەین.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر HTML 5 Video کلیکی لەسەر دەکەین. هەڵبژاردن و تایبەتمەندییەکان بەهۆی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکانەوە دەبێت کە لە ژێرەی پەرەکەدا Pageکراوەتەوە، لە پێشتر روونمان کردۆتەوە.

# دەنگ

# HTML 5 Audio


بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین دەنگ زیاد بکەین بۆ فایلی هتمڵ HTML File، بەڵام چەند جۆرێکی دیاری کراوی دەنگ قبوولّ دەکات، ئەوانیش : OGG و WAV و MP3.

1. کلیك لەسەر دانان Insertدەکەین.
2. کلیك لەسەر میدیا Media دەکەین.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دەنگ Audio کلیکی لەسەر دەکەین، هەڵبژاردن و تایبەتمەندییەکان بەهۆی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکانەوە دەبێت کە لە ژێرەی پەرەکەدا Page کراوەتەوە،وەك تایبەتمەندییەکانی ڤیدیۆ وایە بۆیە دووبارەی ناکەینەوە.

# سویش فلاش

# Flash SWF

1. کلیك لەسەر دانان Insertدەكەین.
2. کلیك لەسەر میدیا Media دەكەین.
3. سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Flash SWF و، کلیكی لەسەر دەكەین.
4. رووكاری تایبەت بە كردنەوەی فایلەكە دەكرێتەوە و ، بەهۆیەوە فایلەكە دیاری دەكەین و پاشان كلیك لەسەر كردنەوە Open دەكەین.
5. دەبینین فایلەكە دادەنرێت لە سەر لاپەرەی هتملّ HTML و بەشی تایبەتمەندییەكانیش لە خواری لاپەرەكە چالاك دەبێت و، دەتوانین تایبەتمەندییەكان هەلبژێرین و دەستكارییان بكەین. وەك چۆن لە باسی ڤیدیۆ دا خستمانە روو.




# ڤیدیۆی فلاش

# Flash Video


یەکێك لە شێوەکانی تر ی بلاو کردنەوەی ڤیدیۆ لە ویبسایت بریتی یە لە فایلی فلاش FLV، ئەمەش بە دوو ڕێگە دەکرێت، یان ڕاستەوخۆ ڤیدیۆکە دەهینین، یان لینکی ڤیدیۆکە دەهێنین، واتە لە یوتووبەوە وەری دەگرین یان لە هەر سایتێکی ترەوە.

1. کلیك لەسەر دانان Insertدەکەین.
2. کلیك لەسەر میدیا Media دەکەین.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر Flash Video و، کلیکی لەسەر دەکەین.
4. ڕووکاری تایبەت بە هینانی فایلەکە دەکرێتەوە :



- لە بەشی جۆری ڤیدیۆ دا Vodeo Typeدا، جۆری ڤیدیۆکە دیاری دەکەین، کە ئایا راستەوخۆ ڤیدیۆ بهێنە ناو هتملّ و سایتەکەمان ، یان لە رێکەی لینگی ڤیدیۆکەوە بیهێنینە ناو هتملّ ی سایتەکەمان.
- ئەگەر جۆری یەکەم هەلبژێرین :

- لە خانەی بگەڕەوە Browse ڤیدیۆکە دیاری دەکەین و هەلیدەبژێرین.
- لە بەشی سکین Skinدا، دیاری دەکەین کە شێوەی دووگمەکانی ((کارپێکردن، کوژندنەوە، دەنگ و ....)) چۆن بێت و ، چەند شێوازێکی تیایە و بە ئارەزاووی خۆمان شێوەیەك دیاری دەکەین.
- بەرزی Height و پانی Width دیاری دەکەین و بە گوێرەی پێویست دەینووسین.
- ئەگەربمانەوێت ڤیدیۆکە خۆی دەست بکات بەکار کردن کلیك لەناو سنووقی پشکنینی Check Box ی بەردەم Auto Play دەکەین.
- ئەگەربمانەوێت ڤیدیۆکە بگەڕیتەوە سەرەتاو دەست پێبکاتەوە دووای تەواو بوونی، ئەوا کلیك لەناو سنووقی پشکنینی بەردەم Auto Rewindدەکەین.




- ئەگەر بمانەوێت لە رێگەی لینکەوە ڤیدیۆیی فلاش بهێنین ئەوا جۆری دووەم هەلەبژێرین لە جۆری ڤیدیۆ دا Video Type، هەلبژاردن و تایبەتمەندییەکان وەکو جۆری یەکەم وایە جگەلەوەی لە خانەی یو ئار ئێلّی راژەکار Server URLدا، لینکەکە دادەنێین. ئەم جۆرە کەمتر بەکاردێت.

5. کلیك لەسەر Ok دەکەین و دەبینین فایلەکە دادەنرێت لە سەر لاپەڕەی هتمڵ HTML و بەشی تایبەتمەندییەکانیش لە خواری لاپەرەکە چالاك دەبێت و، دەتوانین تایبەتمەندییەکان هەڵبژێرین و دەستکارییان بکەین. وەك چۆن لە باسی ڤیدیۆ دا خستمانە روو.

# شانزەیەم//فۆرم

# Form


فۆرم Form لە گرنگترین بەش و پێکهاتەکانی ماڵپەرە و بەشێك لە پێکهێنەرەکانی فۆرم بە جیا و لە لاپەرەکانی تریشدا بەکاردەهێنرێت جگە لە لاپەرەی فۆرم، بۆیە زۆر گرنگە هەموو بەش و پێکهاتەکانی بزانین و، بەکاریان بهێنین، کە لێرەدا تەنها بۆ نەخشە سازی بەکاریان دەهێنین و، گرێدانیان لەگەڵ بنکەی زانیاری Database و کاری بەرنامەسازی لەسەر کردنیان هەڵدەگرین بۆ کتێبی ((دروستکردنی سایت بە دریمەوەیڤەر سی سی 2014)) کە تیایدا پهپ PHP و جەی کیوری و جاڤا سکریپت گرنگی پێدەدەین.

## فۆرم

## Form

تاگی فۆرم بە کاردەهینرێت بۆ دروست کردنی فۆرم Form بۆ ئەوەی فۆرمی پەیوەندی Contact Form یان فۆرمی زانیاری Information Form یان فۆرمای تۆمارگە Registration Form یان .... تیادا دروست بکەین.

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش فۆرم دروست دەبێت.





## نووسین

## Text

نووسین Text بەکاردەهێنرێت بۆ دانانی سنووقی تایبەت بە نووسین، دەتوانین گرێی بدەین لەگەڵ ستوونێکی دیاری کراوی بنکەیەکی زانیاری Database.

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر نووسین Text و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش نووسین درووست دەبێت.
4. ناونیشانەکەی دەگۆڕین بەو ناونیشانەی خۆمان دەمانەوێت.
5. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.




تایبەتمەندی نووسین Text کە لە پەنجەرەی تایبەتمەندی Propertiesدا، کراوەتەوە دیاری دەکەین، بە گوێرەی پێویست و ، دەتوانین ئەو تایبەتمەندییانەش بگۆڕین کە خۆی دیاری کراوە:

- ناو Name.
- حەجم Size.
- زۆرترین درێژیی Max Length.
- ناونیشان Title و فۆرم Form و ....... .

# نامەی ئەلیکترۆنی

# E-Mail

بەکاردێت بۆ دانانی خانە و سنووقی تایبەت بە نووسینی نامەی ئەلیکترۆنی ، بەهەمان شێوە دەتوانرێت لەگەڵ ستوونی تایبەت بە ئیمەڵ E-Mail Column گرێی بدەین لە ناو بنکەیەکی زانیاری دا.

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.

3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ئیمەیڵ Emain و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی ئیمەیڵ دروست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# تێپەڕ وشە

# Password

ئەگەر بمانەوێت بەش و سنووقی تایبەت بە وشەی نهێنی و تێپەرە وشە Password دروست بکەین لە فۆرمێکدا، ئەوا سوودی لێوەردەگرین، جیاوازی لەگەڵ نووسین Text یش ئەوەیە کە نووسینەکەی ناوی پیشان دات و دیکاتە هێما.

1. کلیک لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر تێپەرەوشە Password و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی تێپەرەوشە دروست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.




# ناونیشانی ماڵپەڕ

# URL

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی ناونیشان دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ناونیشانی ئینتەرنێت URL و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی URL درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.





# تەلەفۆن

# Tel

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی تەلەفۆن Tel دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.

3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر تێل Tel و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Tel درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.




## گەڕان

## Search

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە گەڕان Search دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:


1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر گەڕان Search و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی URL درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# ژمارە

# Number

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی ژمارە Number دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ژمارە Number و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Number درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.




# ماوە

# Range

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی ماوە Range دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.

3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ماوە Range و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Range درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.




## رەنگ

## Color

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی رەنگ Color دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر رەنگ Color و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Color درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# مانگ

# Month

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی مانگ Month دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر مانگ Month و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Month درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# هەفتە

# Weak

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی هەفتە Weak دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر هەفتە Weak و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Weak درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# بەروار

# Date

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە نووسینی بەروار Date دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر بەروار Date و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Date درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# کات

# Time

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە کات Time دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر کات Time و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Time درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# بەروار کات

# Date Time

ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە بەروار و کات Date Time دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر بەروار کات Date Time و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Date Time درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.


بەروار کات ی ناوچەیی

Date Time Local


ئەگەر بمانەوێت سنووقی تایبەت بە بەروار و کاتی ناوچەیی Date Time Local دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ناونیشانی ڕەنگ Date Time Local و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش خانەی Date Time Local درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

هەموو فۆرنەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە تا ئیستا ، لە شێوەی نەخشە سازی دا



هەموو فۆرمەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە لە ویبگەر Web Browserدا



# رووبەری نووسین

# Text Area

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە رووبەری نووسین Text Area دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ناونیشانی رەنگ Text Area و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Text Area درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# دووگمە

# Button

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە دووگمە Button دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دووگمە Button و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Button درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# دووگمەی ناردن

# Submit Button

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە دووگمەی ناردن Submit Button دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دووگمەی ناردن Submit Button و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Text Area درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

دووگمەی رێکخستنەوە

Reset Button

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە دووگمەی رێکخستنەوە Reset Button دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دووگمەی رێکخستنەوە Reset Button و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Reset Button درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# فایل

# File

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە بگەر و هێنانی فایل File Browse دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فایل File و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی File درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# دووگمەی وێنە

# Image Button

ئەگەر بمانەوێت دووگمەی وێنە Image Button دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دووگمەی وێنە Image Button و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Image Button درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# شاردنەوە

# Hidden

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە شاردنەوە Hidden دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر شاردنەوە Hidden و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Hidden درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# دیاری کردن ((هەلبژاردن))

# Select

ئەگەر بمانەوێت بەشی تایبەت بە رووبەری نووسین Select دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

5. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
6. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
7. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر دیاری کردن Select و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Select درووست دەبێت.
8. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

# دووگمەی رادیۆیی

# Radio Button

ئەگەر بمانەوێت دووگمەی رادیۆیی Radio Button دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر رادیۆ بەتن Radio Button و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Radio Button درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.


# گرووپی رادیۆیی

# Radio Group


ئەگەر بمانەوێت گرووپی رادیۆیی Radio Group دابنێین لەسەر فۆرمەکە، ئەوا سوودی لێوەردەگرین و بەکاری دەهێنین:

1. کلیك لەسەر دانان Insert دەکەین.
2. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فۆرم Form.
3. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر گرووپی رادیۆ Radio Group و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش بەشی Radio Group درووست دەبێت.
4. ئەگەر بمانەوێت لە ژێریدا شتێکی تر زیاد بکەین ئەوا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enterدا، بۆ ئەوەی سەهمی ماوسەکە بێتە دێری دوواتر و، لە ژێری دا بەشێکی تری فۆرمەکە دابنێین.

فۆرمەکە لە حاڵەی نەخشەسازی دا



فۆرمەکە لە ویبگەر Web Browserدا بۆ نموونە گووگڵ کرۆم



# سنووقی پشکنین

# Check Box

بۆ دانانی سنووقی پشکنین سوودی لیوەردەگرین، ئەگەر پێویستمان بوو.

# گرووپی سنووقی پشکنین

# Chech Box Group

بۆ دانانی کۆمەڵێك لە سنووقی پشکنین پێکەوە بەکاری دەهێنین.

# کۆمەڵە بووار


# Field Set

ئەگەر پێویستمان بە کۆمەڵە بووار بوو، ئەوا بەکاری دەهێنین.

# ناونیشان

# Label

بۆ نووسینی ناونیشان ، بەکاری دەهێنین و سوودی لیوەر دەگرین.



# بەشی حەوتەم

# سی ئێس ئێس

# CSS

پێشەکی:

سی ئێس ئێسCSS ،کە کورتکراوەی **C**ascading **S**tyle **S**heets ـــــــــە ،بۆمەبەستی ڕێکخستن و، دەست بەسەراگرتنی لاپەڕەکانی وێب Web Pages و،بەکارهێنانی ستایل و مۆدێلەکان بە ئاسانترین شێوە سودی لێوەردەگیرێت و،بەکاری دەهێنین،وەلێ پێویستە شارەزایمان هەبێت لە بنەماکانی HTML لێیان تێبگەین.

لە سادەترین پێناسەدا،دەتوانین بڵێین:میکانیزم و هۆکارێکی سادەیە بۆ زیادکردنی ستایل و شێوەکان (وەکو: فۆنت – حەجم – ڕەنگ - .....) بۆ لاپەڕەکانی ئینتەرنێت Web pages.لەم کتێبەدا لەبارەی هەموو نەوە Version و ئاستەکانیLevel سی ئێس ئێسەوە زانیاری پێویست هەیە و،هەموو بەشەکان ڕوونکراوەتەوە و، هەریەك لە سی ئێس ئێسی یەك و سی ئێس ئێسی دوو و، سی ئێس ئێسی سێ کە دووایین نەوەی سی ئێس ئێسە و ،زۆر شتی نوێی تیادا زیادکراوە.

## سی ئێس ئێس CSS چییە؟

کورتکراوەی **C**ascading **S**tyle **S**heetsـــە و، زمانێکی سادەیی نەخشەسازی و ، سادەکردن و ئاسان کردنی لاپەرەکانی ویبە و، بەکاردێت بۆ پێناسەکردنی ستایل و مۆدێلەکان بۆ پیشاندانی دانەکانی HTML، وە ستایڵەکان زیادکران بۆ HTML4.0 بۆ چارەسەرکردنی هەندێك کێشە و گرفت.ستایلی شیتە دەرەکییەکان External Style sheets دەتوانن کردارێکی زۆر ئەنجام بدەن و،پاشەکەوتی بکەن،ئەم ستایل شیتە دەرەکییان لەناو فایلێکدا و،بە پاشگری css. خەزن دەکەین.

بە بەکارهێنانی سی ئێس ئێس ، دەتوانین دەست بەسەر رەنگی نووسین دا، بگرین، شێوەی فۆنتەکان و بۆشای نێوان پەرەگرافەکان و، چۆنێتی و حەجمی ستوونەکان دیاری بکەین، هەروەها دەتوانین شوینی دانەکان و تەکان و پێکهاتەکان کۆنترۆڵ بکەین، لەگەڵ ئەوەی کە باکگراوەندەکان وێنەبن یان رەنگ ، هەروەها چەندین شێوە و کاریگەری تریش.

# سوودەکانی سی ئێس ئێس

# Advantage of CSS

بەکارهێنانی سی ئێس ئێس لە دروست کردنی لاپەرەکانی ویبدا، زۆر سودی هەیە، هەم بۆ دروستکەری سایتەکە و، هەم بۆ بەکارهێنەری سایتەکە، کە بەکورتی گرنگترین سوودەکانی لە چەند خاڵێکدا، دەخەینە روو:

1. گەرانەوەی کات بۆ دروست کەری سایت و کات بەفیرۆنەدان: دەتوانرێت یەك جار سی ئێس ئێس بنووسرێت و، دوواتر چەندین جار بەکاربهێنرێتەوە، لەناو لاپەرەکانی ویب کە بە ئێچ تی ئێم ئێلْ نووسراون و دروست کراون، هەروەها دەتوانرێت شێوە و مۆدیلەکان بۆ دانەیەکی(تاگیکی) ئێچ تی ئێم ئێلْ پێناسە بکرێت و، پاشان جی بەجێبکرێت بەسەر هەمان تاگ لە لاپەرەی تری ویب و بۆ هەموو لاپەرەکان بەکاربهێنرێت.
2. کرانەوەی لاپەرەکان خێراترە: ئەگەر سی ئێس ئێس بەکاربهێنرێت ئەوا هەمیشە هەموو تایبەتمەندی و سیفەتەکانی تاگی ئێچ تی ئێم ئێلْ HTML Tag Attribute پێویست ناکات، نووسینی یاسایەکی سی ئێس ئێس بەتەنها و، جیبەجێکردنی بەسەر هەموو تاگەکاندا، وا دەکات کۆدێکی کەم بنووسرێت و، لاپەرەکان بەخێرایی داونلۆود دەبن و دەکرینەوە.
3. لەگەڵ زۆربەی ئامێرەکاندا گونجاوە و ئەو ماڵپەرانەی بە سی ئێس ئێس ریکدەخرین و شێوە و مۆدیلەکانیان بۆ دروست دەکریت، بە زۆربەی ئامێرەکان دەکرینەوە و سەیر دەکرێن.
4. ستانداردی ویبی جیهانییە.
5. باشترین شێوە و مۆدیلەکانە بۆ ئێچ تی ئێم ئێلْ.

# کێ سی ئێس ئێسی دروستکر

# Who Create CSS?

سی ئێس ئێس دروستکراوە و درێژە بە مانەوەو بەرەوپێش بردنی دەدرێت لەلایەن کۆمەلێك لە خەڵك لە W3Cدا، کە پێیان دەوترێت کۆمەلەی کارکردنی سی ئێس ئێس.

# نەوەكانی سی ئێس ئێس

# CSS Versions

تا هەنووكە چەند نەوەیەكی سی ئێس ئێس بڵاوكراوەتەوەو، یەكەم نەوە كە ئاستی یەكە Level 1 و بە سی ئێس ئێسی یەك CSS 1 ناسراوە، لە ساڵی 1996دا، بڵاوكرایەوە، بەلاّم نەوەی دووەم كە بە سی ئێس ئێس دوو CSS 2 ناسراوە لە ساڵی 1998 دا بڵاوكرایەوە، كە لەسەر نەوەی پێش خۆی ( سی ئێس ئێسی یەك) بنیاتنراوە، پاشان سی ئێس ئێسی سێ بڵاوكرایەوە، كە هەنووكە لەبەردەست دایە و، دەتوانین بلێین زۆر جوانكاری و كارئاسانی تێداكراوە لەچاو نەوەكانی تردا، بەلاّم تارادەیەك گرفتی گونجاندنی هەیە لەگەڵ وێبگەرە جیاوازەكان Browser و زۆر جار بۆ وێبگەرێك كۆدێك بەكاردێت و بۆ وێبگەرێكی تر كۆدێكی تر، بۆ جێبەجێكردنی هەمان كار.

كۆمەڵەی W3C لە ساڵی 2009دا، دەستیان كرد بە مسۆدەی سی ئێس ئێس ی چوار CSS 4، بەلاّم ئەم نەوەیە ناگونجێت و پاڵپشتی ناكرێت لەلایەن وێبگەرە گەورە و بڵاوەكانەوە.

# ڕستەسازی سی ئێس ئێس

# CSS Syntax

لە سادەترین پێناسەكردن دا ، دەتوانین بلێین یاسای ڕستەسازی سی ئێس ئێس پێكدێت لە دوو بەشی سەرەكی ،ئەوانیش:

1. Selector:دیاری كەر،یان هەڵبژێرەر دەگرێتەوە،كە بەهۆیەوە ئەوە دیاری دەكەین كەئەم تایبەتمەندی و سیفەتانە تایبەتن بە چی بەشێكی وێب سایتەكە، بۆنمونە تایبەت بێت بە ڕستەكانی ناونیشان heading Statement،یان هەموو لاشەی وێب سایتەكە Web Site Body،یان پەرەگراف Paragraph، یان ..... .
2. Declaration:ئەم بەشەی ڕستە سازی كە لەنێوان دوو كەوانەی گەورەدا {.....}دەینووسین ، بۆ دیاری كردنی سیفەت و تایبەتمەندییەكانProperties بەكاری دەهێنین و،لانی كەم یەك سیفەت و تایبەتمەندی تیادا دەناسێنین و، دوونوقتەی لەسەریەك (:) یش لەكۆتای ییەوە دادەنێین بۆئەوەی

بەهۆیەوە نرخ Value بدەین بەو سیفەت و تایبەتمەندییە ، هاوکات دەتوانین زیاتر لە سیفەت و تایبەتمەندییەك بنووسین و،بە فاریزی نوقتەدار semicolon لەیەکتریان جیابکەینەوە.

بڕوانە نمونەکە:

```
body
{
background-color:#d0e4fe;
}
```

شیکردنەوەی نمونەکە:

لەم نمونەیەدا ،دیاری کەر و هەڵبژێرەرەکە Selector بریتییە لە body و، سیفەت و تایبەتمەندییەکە بریتییە لە رەنگی زەمینە و پشتەوەی بۆدی Background Color Of Body.

# جۆرەکانی هەڵبژێرەر (دیاری کەر)

# The Type Selectors

هەلبژێرەر و دیاری کەرەکان بە پێی جۆری بەکارهێنانیان دەکرێن بە چەند جۆرێکی سەرەکییەوە، کە بەکورتی و بە نمونەوە باسی هەریەکێك لەو جۆرانە دەکەین:

## یەکەم: هەلبژێرەری گشتی

## Universal Selector

لە جیاتی دیاری کردن و هەڵبژاردنی دانە و تاگێکی جۆرێکی تایبەتی بەکاردێت، هەلبژێرەرێکی گشتییە و بۆ هەموویەتی:

```
* {
  color: #000000;
```

}

## دووەم: هەلبژێرەری نەوە

## Descendant Selector

بەکاردێت بۆ ئەوکاتەی دەمانەوێت شێوە و شێوازێك ، جیبەجێبکەین تەنها بەسەر بەشێکی دانە و تاگێك دا، کاتێك ئەم دانە و تاگە دانراوە بەشێکی دانە و تاگێکی تردا، بۆنمونە ئەم کۆدەی خوارەوە نووسینی شێوە و ستایلێکە بۆ ئەو تاگانەی ئی ئیم <em> کە تەنها لەناو تاگی یو ئێڵ <ul> دا، دادەنرێت:

```
ul em {
  color: #000000;
}
```

## سێهەم: هەلبژێرەری مناڵ

## Child Selector

ئەم دیاری کەر و، هەلبژێرەرە، تارادەیەکی زۆر وەکو هەڵبژێرەری جۆری دووەم (دووەم: هەلبژێرەری نەوە) وایە ، بەلاّم لە کرداردا جیاوازە، لە نمونەیەی خوارەوەدا بەتەواوی روونکاوەتەوە،کە هەر پەرەگرافێك منالبێت و بەشێك بێت لە تاگی بۆدی بەشێوەی راستەو خۆ ئەوا ئەو ستاییلّ و شێوازە وەردەگرێت، بەلاّم ئەو پەرەگرافانەی دەکەونە ناو تاگی دیڤ <div> یان تاگی <td> ئەوا ئەو ستایلەیان بەسەردا جیبەجێنابێت.

```
body > p {
  color: #000000;
}
```

## چوارەم :هەلبژێرەری ئای دی

## ID Selector

ئای دی لە سی ئێس ئێس دا، بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی کارئاسانی و،کەمکردنەوەی و،بەکارنەهێنانەوەو، دووبارە نەکردنەوەی کۆدەکان،کە بە # دەست پێدەکات و،بەهۆیەوە دەیناسێنین Define تا لەو شوێنەی پێویستمانە بەکاری بهێنین ، بڕوانە نمونەکە:

```
#test
{
text-align:right;
color:blue;
}
```

ئێمە لەم نونەیەدا،ئای دییەکمان دروست کردووە و،تیایدا دوو سیفەت و تایبەتمەندیمان نووسیوەو،نرخمان داوەتێ، ئەوانیش:

- دیاری کردنی ئاڕاستەی دەق (نووسین) text-align کە نرخی value ڕاستمان داوەتێ right.
- سیفەت و تایبەتمەندی ڕەنگ color کە ڕەنگی شینمان blue داوەتێ.

ئێستا ئەگەر ئەم ئایدییە لەهەر شوێنێکدا بەکاربهێین ئەوا ئاراستەی نووسینەکەی لە ڕاستەوە دەبێت و ڕەنگەکەشی شین دەبێت،بۆنمونە:

```
<p id=”test”> Sllaw Chonn</p>

<h1 id=”test”>Bexêr Hatn </h1>
```

## پێنجەم: دیاریکەری پۆل

## Class Selector

پۆلیش لە سی ئێس ئێس دا، بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی کارئاسانی و،کەمکردنەوەی و،بەکارنەهێنانەوەو، دووبارە نەکردنەوەی کۆدەکان،کە بە نوقتە (.) دەست پێدەکات و،بەهۆیەوە دەیناسێنین Define تا لەو شوێنەی پێویستمانە بەکاری بهێنین ، بڕوانە نمونەکە:

```
.test
{
text-align:right;
color:blue;
}
```

ئێمە لەم نونەیەدا،پۆلێکمان دروست کردووە،کەهەمان نمونەکەی ئادییە و کردوومانە بە پۆل و،تیایدا دوو سیفەت و تایبەتمەندیمان نووسیوەو،نرخمان داوەتێ، ئەوانیش:

- دیاری کردنی ئاڕاستەی دەق (نووسین) text-align کە نرخی value ڕاستمان داوەتێ right.
- سیفەت و تایبەتمەندی ڕەنگ color کە ڕەنگی شینمان blue داوەتێ.

ئێستا ئەگەر ئەم پۆلە لەهەر شوێنێکدا بەکاربهێین ئەوا ئاراستەی نووسینەکەی لە ڕاستەوە دەبێت و ڕەنگەکەشی شین دەبێت،بۆنمونە:

```
<p class="test"> Sllaw Chonn</p>

<h1 class="test">Bexêr Hatn </h1>
```

تێبینی:

ئەگەر بمانەوێت ئەو ئای دی یان پۆلەی دروستی دەکەین تایبەت بێت بە بەشێکی دیاری کراوی وەکوو پەرەگراف ئەوا دەتوانین لە پێش (#) و (.) بنووسین پی P و پاشان (#)و(.) و ناوی ئای دی و پۆل ، بڕوانە نمونەکان:

## نمونەی ئای دی ID

```
P#test
{
text-align:right;
color:blue;
}
```

## نمونەی پۆل Class

```
p.test
{
text-align:right;
color:blue;
}
```

## شەشەم: دیاریکەری ئەدگار

## Attribute Selector

دەتوانرێت ستایلەکان بەسەر دانەکانی ئێچ تی ئێم ئێلّ HTML Elementدا، جێبەجێبکرێت لەگەڵ سیفەتی تایبەتی (ئەدگاری) دیاری.وەکو لەم نمونەیەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە کە دانەکانی داغلّ کردن input elements جۆری سیفەتی تایبت (ئەدگار) ی هەیە لەگەڵ نرخی نووسین :

```
input[type="text"]{
  color: #000000;
}
```

## بەکۆمەڵکردنی یاساکانی ستایلەکان

## Grouping Styles Rules

دەتوانین چەند تایبەتمەندی وچەند نرخێك بۆ ستایلّ و، شێوازێك بۆ دانەیەك بنووسین، وەك لەم نونەیەی خوارەوە روونکراوەتەوە:

```
h1 {
color: #36C;
font-weight: normal;
letter-spacing: .4em;
```

```
margin-bottom: 1em;

text-transform: lowercase;

}
```

## بەکۆمەڵکردنی هەڵبژێرەرەکان

## Grouping Selectors

**دەتوانین ستایلێك بەسەر چەند هەڵبژێرەر و دیاری کەرێك دا، جیبەجیبکەین، ئەویش بە جیاکردنەوەی دیاریکەرەکان لەیەکتری بەهۆی فاریزەوە، بروانە ئەم 2 نمونەیەی خوارەوە:**

**نمونەی یەکەم:**

```
h1, h2, h3 {

color: #36C;

font-weight: normal;

letter-spacing: .4em;

margin-bottom: 1em;

text-transform: lowercase;

}
```

**نمونەی دووەم:**

```
#content, #footer, #supplement {

position: absolute;

left: 510px;

width: 200px;

}
```

# ڕێگەکانی بەکارهێنانی سی ئێس ئێس

# Using CSS

ئێمە وتمان سی ئێس ئێس بەکاردەهێنین بۆ جوانکاری و ڕێکخستن و کارئاسانی و،پێویستیشە بنەماکانی HTML بزانین هەتاوەکو سی ئێس ئێس بەکاربهێنین لە ناویدا،یان لەگەڵی دا،بۆ یە دووای ئەوەی زانیمان سی ئێس ئێس چییە و،چۆن پۆل Class و ئای دی ID دروست دەکەین، پێویستە ڕێگەکانی بەکارهێنانی سی ئێس ئێس بزانین کە سێ ڕێگە و شێوەیە،ئەوانیش:

1-مۆدیل و شێوەی نێوان تاگەکانی HTML،کە پێی دەڵێن مۆدیلی نێوان دێڕەکان Inline Style.

نمونەی سی ئێس ئێسی نێوان دێڕەکان:

```
<p style="color:red;margin-left:25px">Hello, Welcome.</p>
```

لەم شێوەیەدا،سیفەت و تایبتمەندی مۆدیل styleلەنێوان تاگەکانی HTMLدا، دەنووسین و یەکسانی دەکەین بەو تایبەتمەندی و نرخانەی کەدەمانەوێت و،دەبێت هەموو تایبەتمەندی و نرخەکان لەنێوانە کۆمای سەرەوە Double Quotation دا، بنووسین و،لەنێوان تایبەتمەندی Property و نرخەکەی Value دا، دوونوقتەی لەسەر یەك (:)دەدەنێین،بڕوان نمونەکە:

```
<p style= “color:red;”>
```

هەموو دوو تایبەتمەندییەك و نرخەکەشی بە فاریزەی نوقتەدا (;)واتە semicolon لە یەکتر جیادەکەینەوە، بڕوانە نمونەکە:

```
<p style="color:red;margin-left:25px">
```

2- مۆدیل و شێوەی ناوەکی کەلەنێوان تاگی کردنەوەو سەرەتای هێد <head> و تاگی کۆتای و داخستنەوەی هێد </head>دا،دەینووسین لە کۆدی HTMLدا،کە پێی دەڵێین مۆدیلی ناوەکی Internal Style Sheet.

**نمونەی مۆدێلی ناوەکی:**

```
<head>
<style type="text/css">
hr {color:sienna;}
p {margin-left:20px;}
body {background-image:url("background.gif");}
</style>
</head>
```

لەم شێوەیەدا،تاگی مۆدیل styleلەنێوان تاگی کردنەوەو سەرەتای هێد< head> و تاگی داخستنەوەو کۆتای هێد </head> دا، دەنووسین و ،لەناو تاگی کردنەوەی Open Tagستایڵ <style>دا،ئەمە type="text/css" دەنووسین،کە ئاماژەیە بۆ بوونی سی ئێس ئێسی ناوەکی و،پاشان هەموو ئەو سیفەت و تایبەتمەندی و نرخانە دەنووسین کە دەمانەوێت تایبەتی بکەین بەهەر بەشێکەوە،بەم شێوەیە:

- ناوی ئەو تاگ و بەشە بنووسە کەدەتەوێت سیفەت و تایبەتمەندی و نرخەکانیانی بەسەردا جێبەجێبکەین، وەکو پەرەگراف P،یان ناونیشان و سەردێڕ h1،یان هەموو لاشەی لاپەڕەکە body.

-کەوانەی گەورە }.

-تایبەتمەندی Propertyو نرخەکە و،فاریزەی نوقتەداریش لە کۆتایدا.

```
body

{

Background-coloe:skyblue;

}
```

3- مۆدیل و شێوەی دەرەکی  کە لەدەرەوەی کۆدی HTML و لە فایلێکی سی ئێس ئێس دا دروستی دەکەین وبەهۆی ئەم دێڕەی خوارەوە ،کە لەنێوان تاگی کردنەوەو سەرەتای هێد <head> و تاگی کۆتای و داخستنەوەی هێد </head>دا،دەینووسین لە کۆدی  HTMLدا،کۆدی HTMLو فایلی CSSـــــــەکە پێکەوە دەبەستین و گرێیان Link دەدەین،و بەم جۆرەش دەڵێن مۆدیلی دەرەکی  External Style Sheet.

ئەم دێڕە بەکاردەهێنین بۆ گرێدان و پێکەوە بەستنی فایلی سی ئێس ئێس و HTML:

```
<head>
<link rel="stylesheet" type="text/css" href="ناوی فایلی سی ئێس ئێس.css" />
</head>
```

سەرنج و تێبینی لە سی ئێس ئێس دا

Comment in CSS


سەرنج و تێبینییەکان لە سی ئێس ئێس دا لەنێوان /*.......*/ دەنووسرێت:

/*This is a comment*/


## دروستکردنی فایلی سی ئێس ئێس

## Create CSS File

1. کلیك لەسەر فایل  Fileدەکەین.
2. کلیك لەسەر نوێ  Newدەکەین.



3. ئەم رووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە و تیایدا کلیك لەسەر سی ئێس ئێی CSS دەکەین و، کلیك لەسەر Create دەکەین.





## تایبەتمەندی لاپەرە بەهۆی سی ئێس ئێسەوە

## Page Properties with CSS

دووای ئەوەی فایلی هتمڵ HTML، دروست دەکەین، دەتوانین تایبەتمەندی لاپەرە دابنێین بە هۆی سی ئێس ئێسەوە، بەم جۆرە:


1. کلیك لەسەر گۆرانکاری بچووك Modifyدەکەین.
2. کلیك لەسەر تایبەتمەندی لاپەرە Page Properties دەکەین .



3. لەبەشی لای چەپی ئەو ڕووکارەی دەکرێتەوە:


یەکەم: کلیك لەسەر (CSS)) Appearance)دەکەین:

- فۆنتی لاپەرە Page Font: لەم بەشەدا جۆری فۆنت Font Type و، شێواز فۆنت Font Style و ئەستووری فۆنت Font Weightدیاری دەکەین.
- لەبەشی حەجم Sizeدا، حەجمی فۆنت دیاری دەکەین.
- لەبەشی ڕەنگ Colorدا، ڕەنگی نووسین دیاری دەکەین.
- لەبەشی ڕەنگی پشتەوە Background Colorڕەنگێك بۆزەمینە و پشتەوەی لاپەرەکە دیاری دەکەین.
- لەبەشی وێنەی پشتەوە Background Image وینەیەك دەکەین بەشی پشتەوەی لاپەرەکە ئەگەر بمانەوێت، هەروەها لە دووبارە بوونەوەدا Repeat شێوەی دووبارە بوونەوەی وێنەکە دیاری دەکەین.
- چوار دەور Margin بۆ هەر چوار لای لاپەرەکە دیاری دەکەین، ڕاست Right، چەپ Left، سەرەوە Top، خوارەوە Left.





دووەم:: ئەگەر دەتەوێت تایبەتمەندی بدەی بە لینکەکان ئەوا کلیك لەسەر لینکەکان Links (CSS) بکە:

- فۆنتی لینك Link Font: لەم بەشەدا جۆری فۆنت Font Type و، شێواز فۆنت Font Style و ئەستووری فۆنت Font Weightدیاری دەکەین.
- لەبەشی حەجم Sizeدا، حەجمی فۆنت دیاری دەکەین.
- لەبەشی ڕەنگی لینك Link Color ڕەنگی لینك دیاری دەکەین.
- لەبەشی Rollover Link دیاری دەکەین کە چ ڕەنگێك وەربگرێت لینکەکە کاتێك سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر .
- لەبەشی لینکە سەردان کراوەکان Visited Links، ڕەنگێك هەڵەبژێرین تا لینکەکان ئەو ڕەنگە وەربگرن دووای سەردان کردن.
- لەبەشی لینکی چالاك Active Link ڕەنگێك دیاری دەکەین بۆ ئەو لینکەی چالاکە.
- لەبەشی خەت هێنان بە ژێر لینك Underline Styleدا، شێوەی خەت هێنان بە ژێر لینکا دیاری دەکەین:





سێهەم:: ئەگەر دەتەوێت سیفەتی تایبەتی بۆ سەرە و ناونیشانی نووسین دیاری بکەیت، لە لای چەپ ڕەکارەکەی پێشوو و لەبەشی پۆلێن Categoryدا، کلیك لەسەر Heading (CSS)بکە:

- فۆنتی ناونیشان Heading Font: لەم بەشەدا جۆری فۆنت Font Type و، شێواز فۆنت Font Style و ئەستووری فۆنت Font Weightدیاری دەکەین.
- پاشان هەر ناونیشانە Heading ڕەنگی خۆیی بۆ دیاری بکە.




چووارەم: بۆ گۆڕینی ناونیشان و .... کلیك لەسەر Title/Encoding بکە لە بەشی پۆلێن Category

ڕووکارەکەی پێشوو، بە گوێرەی پێویست بەشەکان بگۆڕە:




# ڕێسایی نوێی سی ئێس ئێس


## New CSS Rule

لەبەشی پێشوودا باسمان لە چۆنێتی دانانی دیڤ Div کرد، بۆ دابەش کردنی لاپەرە و، لە کاتی درووستکردنی دا، دەتوانین بەسوود وەرگرتن لە یاسایی نوێی سی ئێس ئێس دیڤەکە ڕێك بخەین، بۆ نموونە:

1. دووا ی ئەوەی دیڤ div ڕائەکێشینە سەر لاپەرەی هتمڵ HTML ڕووکارێکی تایبەت بە دیڤ دەکرێتەوە و، ئای دی ID یان پۆل Class ی بۆ ئەنووسین .
2. پاشان كلیك لەسەر New CSS Ruleدەکەین.





3. ڕووکارێکی نوێ دەکرێتەوە و كلیك لەسەر Ok بکە.
4. پاشان ڕووکاری تایبەت بە دانانی ڕێسا و تایبەتمەندی سی ئیس CSS Rule Definition for #headerدەکریتەوە، بەهۆیەوە هەر تایبەتمەندی و ڕیسایەکمان بوێ دای دەنێین، ئیمە لیرەدا هەمووی ڕیسا و تایبەتمەندییەکان ڕوون دەکەینەوە، بەڵام مەرج نی یە هەمووی بەکار بهێنین:



له لای چەپ رووکارەکەی سەرەوە، ستوونی پۆلێن Category هەیە و، یەك یەك هەموو بەشەکان باس دەکەین:

یەکەم// نووسین Type:





- خیزانی فۆنت Font – Family: بەهۆیەوە جۆری فۆنت دیاری دەکەین کە دەمانەوێت پێی بنووسین، لەو دانەیەی Element کە ریساکەی بۆ دیاری دەکەین.
- حەجمی فۆنت Font – Size: بۆ دیاری کردنی حەجمی فۆنتی هەر نووسینیك لەم دیڤەدا.
- ئەستوری فۆنت Fot-Weight: بۆ دیاری کردنی ئەستووری فۆنتی هەر نووسینێك لەم دڤەدا.
- شێوازی فۆنت Font – Style: بۆ دیاری کردنی شێوازی فۆنت .
- جۆرێتی فۆنت Font – Varent: بۆ جۆرێتی فۆنت دیاری کردن بەکاردێت.
- بەرزی دێر Line Height: بۆ دیاری کرنی بەرزی دێرەکان بەکاردێت.
- گۆرینی نووسین Text Transform: بۆ گۆرینی نووسین بەکاردێت بۆ ئەوەی یەکەم پیتی هەر وشەیەك گەورە بێت Capitalize، یا هەمووی بچووك بێت Lowercase، یان هەمووی گەرە بێت Uppercase، یان هیچیان None.
- دیکۆری نووسین Text Decoration: بەهۆیی ئەم بەشەوە دیکۆری نووسین دیاری دەکەین:

| مەبەستی بەکارهێنان | نرخ |
|---|---|
| هیلێك لەسەرو نووسینەکەوە دەکێشێت | overline |
| هیلێك بەناوەڕاستی نووسینەکەدا دەکێشێت. | line-through |
| هیلێك بە ژێر نووسینەکەدا دەکێشێت. | underline |
| نووسینەکە دەردەکەوێت و نامێنێ بەبەردەوامی، ئەم نرخە لەیەن وێبگەرەکانی Web Browserوەکو IE, Chrome, or Safari پیەوە قبوڵناکرێت. | blink |
| واتە هیچ دیکۆرێکی نەبێت. | none |

- ڕەنگ Color: ڕەنگێك بۆ نووسین هەلەبژێرین.

## دووەم// پشتەوە Background:

بەهۆی پۆلێنی پشتەوە Background دەتوانین هەموو تایبەتمەندی و یاسا و ریسای تایبەت بە پشتەوەی دیڤەکە یان هەر دانەیەکی تر ڕێك بخەین و دابنێین:



# یەکەم:ڕەنگی پشتەوە

# Background - color

ڕەنگی پشتەوە Background-color:بەکاردێت بۆ ڕەنگکردنی پشتەوەی لاپەرە یان دیڤ یان .... وێب ،یان ڕەنگکردنی پشتەوەی پەرەگراف و سەردێڕەکان

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان (ماناکەی) |
|---|---|
| Color-Name | ناوی ڕەنگ وەکو سور red |
| rgb(x,x,x) | نرخی ڕەنگەکان،وەکو (255,0,0)rgb |
| Hexa-Number | ژمارەی هێکسا وەکو #rrggbb |
| transparent | ڕەنگی باکگراوەند ڕوون و شەفاف دەبێت و ،بەشێوەیەکی هەمیشەی ئەم نرخەی هەیە ئەگەر خۆمان نەیگۆڕین. |
| Inherit | بەشێوەیەکی بۆماوەی لەبەش و شوێنێکی ترەوە ڕەنگی باکگراوەندی بۆ دەمێنێتەوە. |

## دووەم: وێنەی پشتەوە

## Background-image

وێنەی پشتەوە Background-image:دەتوانین لەجێگەی ڕەنگ، وێنەیەك بکەین بە زەمینە و باکگراوەند و لەپشتەوەی نووسینەکان و لاپەڕەکان و دیڤ و .... دای بنێین،و بەهەرسێ شێوەکەش (ناوەکی – دەرەکی – نێوان دێڕەکان) بەکاردێت،

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان (ماناکەی) |
|---|---|
| url('*URL*') | یوئارئێلێکە بۆ وێنەکە،ڕێڕەوە Path. |
| none | هیچ وێنەیەك نەبێت بە باکگراوەند. |

| | |
|---|---|
| inherit | باكگراوەند بە شێوەی بۆ ماوەی بێت. |

## سێهەم:دووبارەکردنەوەی باكگراوەند

## Background-Repeat

دەتوانین ئەو وێنەیەی پشتەوە Background-Image کە لەخاڵی (دووەم)دا،دامانناباچەند شێوەیەك دووبارەی بکەینەوە،ونرخی جیاوازی پێبدەین ،بەم شێوەیە:

1.دوو بارەکردنەوەی وێنە لەباری ئاسۆیی یان شاوڵی .

یاخود دوو بارەکردنەوەی وێنەی پشتەوە بە بێ دیاری کردنی ئاسۆیی و شاوڵی،یان بەشێوەیەکی بۆ ماوەیی ، یاخود ڕێگەنەدان بە دوو بارەکردنەوە ،وەکو لە خاڵی 2دا باسکراوە،کەواتە بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی دووبارەکردنەوەی وێنەی پشتەوە ئەم نرخانە Values وەردەگرێت:

| نرخ (Value) | بەکارهێنان |
|---|---|
| repeat | دووبارەکردنەوە بە شێوەیەکی ئاسایی |
| repeat-x | دووبارەکردنەوە بە گوێرەی ئێکس |
| repeat-y | دووبارەکردنەوە بە گوێرەی وای |
| no-repeat | دوو بارەنەکردنەوە |

2.ڕێگەنەدان بە دووبارەکردنەوەی وێنەی پشتەوە،بە هۆی No-Repeate.

# چوارەم:شوێنی باکگراوەند

# Background-Position

دیاری کردنی شوێنی ئەو وێنەیەی کە کردوومانە بە باکگراوەند Background Image Position ،بەهۆی یەکێك لەم نرخانەی خوارەوە دەبێت کە دەیدەین بە بە شوێنی باکگراوەند background-position،وەکو لەم دێڕە دا ڕوونکراوەتەوە:

دەتوانین بۆ دیاری کردنی شوێنی وێنەکە ،هەریەکێك لەم نرخان Values بەکاربهێنین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| Left top | لای چەپ لەسەرەوە | Right top | لای ڕاست لەسەرەوە |
| Left center | لای چەپ لە ناوەڕاست دا | Right center | لای ڕاست لە ناوەڕاستدا |
| Left bottom | لای چەپ لە خوارەوە دا | Right bottom | لای ڕاست لە خوارەوەدا |
| Center center | لەناوەڕاست دا | Center top | لەناوەڕاست لای سەرەوە |
| X% Y% | نرخی Xو Y | Center bottom | لەناوەڕاست دالای خوارەوە |
| Inherit | بەشێوەی بۆ ماوەی | Xpos ypos | شوێنی xو y |

## پێنجەم:هاوپێچکردنی باکگراوەند

## Background-Attachment


دەتوانین بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە،هاوپێچکردنی وێنەی باکگراوەند دیاری بکەین،کە ئایا باکگراوەندێکی نەجولاوبێت و تەنها لەوشوێنەدا بێت کەدامنناوە (fixed)و بەهاتنەخوارەوەی نووسین و بەشەکانیش هەرلەجێگەی خۆی بێت

| مەبەستی بەکارهێنان | نرخ Value |
|---|---|
| وێنەکە جیگیر دەبێت لە شوێنی خۆیدا و بەهاتنە | fixed |

| | |
|---|---|
| | خوارەوە یان چونە سەرەوە لە جێگەی خۆی دا دەبێت. |
| scroll | وێنەکە جێگیرنابێت و ئەگەر زۆر بێینە خوار یان بچینەسەر ئەوا وێنەکە دیا نامێنێت. |

سێهەم//بلۆك :Block

بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین هەموو بە کۆمەڵە کردن و بلۆکەکان ئەنجام بدەین لە سی ئیس دا، بە بێ ئەوەی کۆد نووسی بکەین و، خۆی کۆدەکەمان بۆ ئەنووسێت:




بۆشای نێوان وشەکان

Word – Space

ئەم تایبەتمەندییە بەکاردێت بۆ زیاد و کەم کردنی بۆشای نێوان وشەکان و،دەست بەسەراگرتنی ئەو بۆشاییە.

ئەم تایبەتمەندییە سێ نرخی هەیە ،ئەوانیش:

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| normal | بۆشایی نێوان وشەکان ئاسایی دەبێت و،ئەمەش نرخێکی جێگیرە Default Value. |
| length | بۆشای نێوان پیتەکان بە سانتیم،یان پۆینت،یان پیکسڵ یان ..... دادەنێین و،زیاد وکەمیان دەکەین. |

## بۆشای نێوان پیتەکان

## Letter – Spacing

- ئەم تایبەتمەندییە بەکاردێت بۆ زیاد وکەم کردنی بۆشای نێوان پیتەکان
- تایبەتمەندی پیتەکان بەسێ شێوە نرخ وەردەگرێت،کە ئەمانەن:

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| normal | بۆشای نێوان پیتەکان ئاسایی بێت و،ئەمەش نرخێکی هەمیشەییە Default value |
| *length* | دیاری کردنی بۆشای نێوان پیتەکان بە پیکسڵ یان ...... .دەشتوانین نرخی سالب (-) بەکاربهێنین. |

## ڕێککردنی ستونییانە

## Vertical – Align

- بۆڕێککردنی ستونییانە ی نووسین و وێنەکان و گونجاندنیان پێکەوە،دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە بەکاربهێنین بەم شێوەیە ، ئەم تایبەتمەندییە چەند نرخێکی هەیە،وەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| text-top | بۆ ئەوەی نووسینەکە لەسەرەوە بێت. |
| text-bottom | بۆ ئەوەی نووسینەکە لەخوارەوە بێت. |

| | |
|---|---|
| length | بۆ بەرزکردنەوە یان هێنانە خوارەوە،و یەکەکانی پیکسلً و .... بەکاردەهێنین و،نرخی سالبیش وەردەگرێت. |
| top | سەرەوە |
| middle | لە ناوەڕاستدا دەبێت. |
| bottom | لە خوارەوەدا دەبێت. |
| baseline | بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێت و ئەم نرخە،نرخی هەمیشە ییە Default Value |
| sub | ڕێککردنەکە بە پێی ژێرە دەبێت. |
| super | ڕێککردنەکە بە پێی سەرە دەبێت. |
| % | بەرزکردنەوە یان هێنانە خوارەوە بەڕێژەی سەدی و بە پێی بەرزی هێڵەکان – Line heightدەبێت و نرخی سالبیش وەردەگرێت. |

## لای نووسین

## Text – Align

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە دەتوانین دیاری بکەین،کە نووسینەکەمان لە چی لایەکی لاپەڕەکە،یان چی لایەکی ئەو بەشەی نووسینی تیادادەنێین ، دابنێین،کە بەگشتی لای چەپ leftو لای ڕاست right و ناوەڕاست centerو پڕاوپڕی لاپەڕەیان بەشەکە justify و بۆماوەی دەگرێتەوە،وەکو لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| نرخ | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| left | لای چەپ |
| right | لای ڕاست. |
| Justify | نووسینەکە پڕاو پڕ دەبێت،واتە دێڕەکان لەیەك خاڵەوە دەستپێدەکەن و لەیەك خاڵدا کۆتاییان دێت. |

| | |
|---|---|
| center | لە ناوەڕاست دا دەبێت |
| inherit | بەشێوەیەکی بۆماوەی لای نووسینەکە دیاری دەکرێت کە لە بەشێکی تر یان دانەیەکی ترەوە Element بۆی ماوەتەوە. |

بەجێهێشتنی بۆشای لەسەرەتا دا

Text – Indent

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە بۆشایی لەسەرەتای پەرەگرافەکاندا دادەنێین بەبەکارهێنانی ئەم دێڕەی خوارەوە

ئەم تایبەت مەندییە 3 نرخ وەردەگرێت،وەکو لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| *length* | دانانی بۆشایی لەسەرەتادا بەشێوەی پیکسڵ یان پۆینت یان سانتیمەتر یان ...... . |
| *%* | دانانی بۆشایی لەسەرەتادا بەشێوەی ڕێژەی سەدی . |

بەجێهێشتنی بۆشای لەسەرەتا دا

Text – Indent

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە بۆشایی لەسەرەتای پەرەگرافەکاندا دادەنێین بەبەکارهێنانی ئەم دێڕەی خوارەوە:

```
p
{
text-indent:50px;
}
```

ئەم تایبەت مەندییە 3 نرخ وەردەگرێت،وەکو لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| *length* | دانانی بۆشایی لەسەرەتادا بەشێوەی پیکسڵ یان پۆینت یان سانتیمەتر یان ...... . |

| | |
|---|---|
| دانانی بۆشایی لەسەرەتادا بەشێوەی ڕێژەی سەدی . | % |

## بۆشایی

## White – Space

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە دەتوانین بۆشاییەکانی نێوان وشەکان و دێڕەکان و چۆنییەتی نووسینەکان لە ڕووی بۆشاییەوە بگۆڕین و ،بەهۆی ئەم شێوەیەوە ئەو کارە دەکەین، ئەم تایبەتمەندییە چەند نرخێك وەردەگرێت وەکو:

-normal:بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێت و ئەم نرخە هەمیشەیی و جێگیرە Default Valueوهەموو نوسینەکە بە دووای یەکدا دێت.

-nowrap:نووسینەکە بەدووای یەکدا دێت تا کۆتای لاپەڕەکە و پاشان دێتە سەر دێری تازەو بەو شێوەیە.

-pre:نووسینەکە وەکو خۆی و لە ناو کۆدەکەدا چۆنە ،بەوشێوەیەش لەناو لاپەڕەکانی وێب دا دەردەکەوێت.

هاوکات pre-lineوpre-wrapوinheritیش بەکاردێت.

## پیشاندان

## Display

تایبەتمەندی پیشاندان display property تایبەتە بەوەی چۆن دانەکان Elements پیشان بدەین،و دەتوانین بەهۆیەوە دانەکان بشارینەوەو پیشانیان نەدەین hidden کە هیچ شوێنێك Space لەسەر ڕووبەری لاپەڕەی وێب Web page داگیرناکات و شوێنەکەشی دیارنابێت، بەبەکارهێنانی ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

```
h1.hidden {display:none;}
```

## دیاربوون

## Visibilty

تایبەتمەندی دیاربوون یان لەبەرچاوبوون Visibilty Property ، وەك تایبەتمەندی پیشاندان بۆ شاردنەوەی دانەکان hidden Element بەکاری دەهێنین،بەلاّم لەوەدا لەتایبەتمەندی پیشاندان Display

Property جیادەبێتەوە کەلەسەر ڕووی لاپەڕەی وێب Web page شوێن space داگیردەکات و بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت،بەبەکارهێنانی ئەم ڕستەیە:

```
h1.hidden {visibility:hidden;}
```

## قاڵب

## Block

دانەی قاڵب یان لە قاڵب دراو Block Element ئەو دانەیەیە،کە هەتاوەکو پانی و ماوەی چالاك width available هەبێت داگیری دەکات و،توانای بەکارهێنانی هەموو پانییەکەی هەیە،نومنەی دانەی قاڵب Block Element زۆرە وەکو <p> و<div> و <h>:

<h1>

<h2>

<div>

<p>

## دێڕێك

## Inline

دانەی دێڕ Inline Element هەموو ئەو دانانە دەگرێتەوە کە بە پێی پێویستی دانەکە شوێن و پانی داگیر دەکات width as necessary، نمونەی ئەم جۆرە دانانە وەکو: <a> و<span>:

<a>

<span>

## گۆڕین لە نێوان Block و Inline دا

وەك لە باسی هەردوو بەشی قاڵب Block ودانەی دێڕ Inline Element دا،باسمان کرد،جیاوازی لەنێوان ئەو دوو جۆرەی دانەکان دا هەیە،بەڵام دەتوانین بیان گۆڕین و دانەی قاڵب Block Element بکەین بە دانەی دێڕ Inline Element و بە پێچەوانەشەوە دانەی دێڕ Inline Element بگۆڕین بۆ دانەی قاڵب Block Element،بۆنمونە گۆڕینی دانەی li وەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا دیارە:

```
<html>
<head>
<style type="text/css">
li{display:inline;}
</style>
</head>
<body>

<p>List Item:</p>

<ul>
<li>Homepage</li>
<li>About us</li>
<li>Article</li>
<li>Gallery</li>
</ul>

</body>
```

```
</html>
```

لەم نمونەیەدا دانەکانی لیست list item بەشێوەی دانەی دێڕ Inline Element پیشان دەدرێت و، ئەمەش بەزۆری بۆ دروست کردنی ڕیزە دووگمەی ئاسۆیی Menu سودی لێوەردەگیرێت.

List Item:

Homepage About us Article Gallery

وەك ئاماژەمان پێدا ،بە پێچەوانەشەوە دەتوانین دانەی دێڕ Inline Element بگۆڕین بۆ دانەی قاڵب Block Element، بڕوانە نمونەکە:

```
<html>
<head>
<style type="text/css">
span
{
display:block;
}
</style>
</head>
<body>

<h2>Rose</h2>
```


```
<span>Roses are red, The sky is blue, the world is wounderfull, And so are you</span>

<span>18/12/2010</span>


</body>

</html>
```

بڕوانە وێب سایتەکە:




چوارەم//سنووق Box:

هەموو دانەکانی HTMLدەکەونە ناو چوارچێوەیەکەوە،بۆیە پێویستە بزانین ناوەرۆك و بۆشای نێوان ناوەرۆك و لێوارەکان و،چوارچێوەوچواردەورچییە و لەچی پێك دێت،و زانیاری لەبارەیانەوە بزانین.

لە سی ئێس ئێسCSS یشدا،مەبەست لە Box Model نەخشە سازی Design و، بلاَوکردنەوەو خستنەبەرچاوەو،شێوەی ڕێکخستنە Lay-out.

لەم وێنەیەدا،بەشەکانی Box Model ڕوونکراوەتەوە:



## بەرزی و پانی

## Dimension

دانـان و چەسـپاندنی بـەرزی و پـانی بـۆ هـەموو دانـەکانی سـی ئـێس ئـێس CSS Element ئـەنجام دەدرێت،بەهۆی چەند تایبەتمەندییەك و نرخەکانیانەوە،کە زۆر بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین،چونکە لەبەشەکانی پێشوودا باسی بەرزی و پانی هەر دانەیەك Element – مان کردووە:

### بەرزی

### Height

بەکاردێت بۆ دانان و چەسپاندن و جێگیرکردنی بەرزی دانەکان Elementبە بەکارهێنانی Height:

دەتوانین بە 3 شێوەی جیاواز نرخ بدەین بە بەرزی دانەکە، کە ئەمانەن:

| نرخ Value | وەسفکردن |
|---|---|
| auto | بەرزییەکەی ئۆتۆماتیکی بێت و هیچ بەرزییەکی دیاری کراوی پێنادەین. |
| length | پێدانی نرخ بە پێی ژمارەیەك بە پیکسڵ،یان سانتیم یان ... . وەکو:150px و بەو شێوەیە. |
| % | پێدانی نرخ بە ڕێژەی سەدی. |

### پانی

### Width

بەکاردێت بۆ دانان و چەسپاندن و جێگیرکردنـی پـانی دانـەکان Width of Element بـە بـەکارهێنانی Width، دەتوانین بە 3 شێوەی جیاواز نرخ بدەین بە پانی دانەکە، کە ئەمانەن:

| نرخ Value | وەسفکردن |
|---|---|
| auto | بەرزییەکەی ئۆتۆماتیکی بێت و هیچ بەرزییەکی دیاری کراوی پێنادەین.بەڵکو بگەر Browser خۆی پانی پێدەدات و ئەمەش نرخێکی هەمیشەیی و جێگیرە |

| | |
|---|---|
| | .Default Value |
| length | پێدانی نرخ بە پێی ژمارەیەك بە پیکسڵ،یان سانتیم یان ... . وەکو:150px و بەو شێوەیە. |
| % | پێدانی نرخ بە ڕێژەی سەدی. |

## لەسەر ڕوو

## Floating

لە Floatingدا،دانەکان Element دەتوانن پاڵ بەیەکترەوە بنێن بۆ لای چەپ leftیان ڕاست right، بەمەش ڕێگە بە ڕیزبوونی دانەکان Elements دەدرێت بە دەوری یەکتری دا.ئەم تایبەتمەندییە Property زۆر پێویستەو،زۆریش بەکاردێت بەتایبەتی لەگەڵ وێنە Imageدا.

تایبەتمەندی Floating ئەم نرخانە وەردەگرێت:

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| left | لە لای چەپەوە بە دووی یەك دا ڕیزدەبن. |
| right | لە لای ڕاستەوە بەدووای یەك دا ڕیز دەبێت. |
| none | نرخی هەمیشەیی و جێگیرە Default. |

## تایبەتمەندی Clear

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە Clear Property دەتوانین یەکێك لەلاکانی ئەو دانەیەی تایبەتمەندی Floating ی بەسەردا جێبەجێکراوە بەبەتاڵی دابنێین و هیچی لەتەنیشتەوە ڕیزنەکەین و دانەنێین،یان هەردوو لای ، ئەم تایبەتمەندییە ئەم نرخانە وەردەگرێت

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| left | لە لای چەپەوە بەتاڵ دەبێت |

| | |
|---|---|
| right | لە لای ڕاستەوە بەتاڵ دەبێت. |
| both | لەهەردوو لای دا دانە ڕیزنابێت و بەتاڵ دەبێت لای ڕاست و چەپی. |
| none | نرخی هەمیشەیی و جێگیرە Default. |

## چواردەور

## Margin

بەهۆی تایبەتمەندی چوار دەورەوە Margin دەتوانین چوار دەور بۆ هەموو دانەکان Elements دیاری بکەین، دەتوانین بە 3 شێوەی جیاواز نرخ بدەین بە چوار دەور کە ئەمانەن:

| نرخ Value | وەسفکردن |
|---|---|
| auto | پێدانی نرخ بە شێوەیەکی خۆیی auto value. |
| length | پێدانی نرخ بە پێی ژمارەیەك وەکو:4px و بەو شێوەیە. |
| % | پێدانی نرخ بە ڕێژەی سەدی. |

## بۆشایی نێوان چوارچێوە و ناوەڕۆکی دانەکان

## Padding Element

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە دەتوانین بۆشایی Space لە نێوان ناوەڕۆك Content و چوارچێوە ی Border دانەکان دا ،دابنێین،یان ئەم بۆ شاییە زیاد و کەم بکەین،و ئەم تایبەتمەندییە padding property ڕووبەریکی دیاری کراو،کە خۆمان دەیدەینێ دادەنێت بە دەوری ناوەڕۆکی دانەکان دا و،ئەم بۆشاییە بە ڕەنگی پشتی دانەکە Background Element کاریگەر دەبێت و،هەمان ڕەنگی دەبێت

# پێنجەم//چوار چێوە Border:

دەتوانین چوارچێوە Border بۆ هەریـەکێك لەدانـەکان Element دروسـت بکـەین و،ئـەم چوارچـێوەیەش جوانییەك بە دانەکان دەبەخشێت و،لەیەکتریشیان جیادەکاتەوە و،دەتوانین شێوەی جیاوازی بۆ هەڵبژێرین و، ڕەنگ و کاریگەری جیاوازیشی پێبدەین.

| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| none | هیچ چوارچێوەیەکمان نەبێت. |
| hidden | چوارچێوەکە بشارێتەوە. |
| dotted | چوارچێوەکە شێوەی خاڵ خاڵ (نوقتە نوقتە)ی هەبێت. |
| dashed | چوارچێوەکە شێوەی داش (هێڵی پچڕ پچڕ) ی هەبێت. |
| solid | چوارچێوەکە شێوەی هێڵێکی باریکی هەبێت. |
| double | چوارچێوەکە شێوەی هێڵی دووانی هەبێت. |
| groove | شێوەیەکی سێ دووری جوان بە چوارچێوەکە دەبەخشێت بە پێی ڕەنگی چوارچێوەکە. |
| ridge | شێوەیەکی سێ دووری جوان بە چوارچێوەکە دەبەخشێت بە پێی ڕەنگی چوارچێوەکە. |
| inset | شێوەیەکی سێ دووری جوان بە چوارچێوەکە دەبەخشێت بە پێی ڕەنگی چوارچێوەکە. |
| outset | شێوەیەکی سێ دووری جوان بە چوارچێوەکە دەبەخشێت بە پێی ڕەنگی چوارچێوەکە. |

## پانی چوار چێوە

## Border Width

دەتوانین پانی چوارچێوەکەمان زیاد و کەم بکەین و،بە پێی Border Widthبەهۆی پانی چوار چێوەوە پێویست دەستکاری بکەین و بیگونجێنین

| Value نرخ | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| thin | چوارچێوەکە ئەستوور دەبێت. |
| medium | پانی چوارچێوەکە ناوەند دەبێت. |
| thick | پانی چوار چێوەکە کەم و تەنك دەبێت. |
| length | دیاری کردنی پانی چوار چێوە بە پیکسلّ یان ..... . |

رەنگی چوار چێوە


Border-color

تایبەتمەندی رەنگی چوار چێوە بەکاردێت بۆ پێدانی رەنگ و رەنگکردنی هەموو چوار چێوەکە

| Value نرخ | مەبەستی بەکارهێنان (ماناکەی) |
|---|---|
| Color-Name | ناوی رەنگ وەکو سور red |
| rgb(x,x,x) | نرخی رەنگەکان،وەکو rgb(255,0,0) |
| rgb(x%, x%, x%) | رێژەی سەدی رەنگەکان rgb(100%,0%,0%) |
| #rrggbb | ژمارەی هێکسا وەکو #ff0000 |

# شەشەم//لیست :List

لەم بەشەدا دەتوانین جۆری شێوەی لیست List Style Typeدیاری بکەین، یاخود وێنە بهێنین بۆ لیست List Style Image هەروەها شوێنی شێوەی لیست List Style Position دیاری بکەین.




## حەوتەم//شوێنپێدان Positioning:

تایبەتمەندی دانان لەشوێن و جێگەدا position Property، ڕێگە بە بەکارهێنەردەدات دانەکان Element لە جێگە و شوێنی خۆیدا دبنێین، دانەیەك Element بخەینە پشت دانەیەکی ترەوە،یان دانەکان لە ڕاست right و چەپ left و سەرەوە top و خوارەوە bottom دابنێین.

ئەم دانانانە بە پێی چوار ڕێگە Method ی جیاواز بەئەنجام دەگات کەهەریەکە و بەشێوەیەکی جیاواز کارمان بۆ دەکات و لە جێگەیەك دا بۆ مان دادەنێت:

شێوەی دانانی جێگیر

Static Posotioning

ئەم جۆرەی دانان Positioning جێگیرە و نرخی هەمیشەیی و نەگۆڕە Default value کە بگەڕەکان Browser کاری پێدەکەن و،لەم بارەدا تایبەتمەندییەکانی ڕاست Right و چەپ Left و سەر Top و خوار bottom هیچ کاریگەرییەکیان نابێت.

شێوەی دانانی نەگۆڕ

Fixed Positioning

لەم جۆرەدا دانەکان Element شوێن و جێگەیان جێگیردەبێت و ،ناگۆڕێت.بەلاّم دەگونجێت دانەی تری بچێتەسەر و ،پێکداچوون Overlap ڕوودات.

## شێوەی دانانی پەیوەندیدار

## Relative Positioning

ئەم تایبتمەندییە Property بەکاردێت بۆ دانانی دانەکان Element Positioning و ،ئەم دانانە پەیوەندی دارە Relativeبە شوێنەکەیەوەو، دەتوانین بەهەر چوارلادا(ڕاست – چەپ – سەرەوە – خوارەوە)دا بیجولێنین لە شوێنە ئاساییەکەی خۆیدا لای ببەین ،و بەپێی جولاّندن و گۆڕانەکە شوێنەکەی دیاری بکەین.

## شێوەی دانانی تەواو

## Absolute Positioning

شێوەی دانانی تەواو (دروست) Absolute Positioning بریتییە لەو شێوەی دانانە کە بە گوێرەی ئەو نرخانەی دەیدەین بە هەر چوارلای دانەکە(ڕاست – چەپ – سەرەوە و خوارەوە) ، دانەکە دادەنێت لەناو لاپەڕەی ئینتەرنێت Web page دا ،و لەناو کۆدی HTMLدا ،ئەو دانەیەی (شێوەی دانانی تەواو- Absolute positioning) وەردەگرێت ، لەهەر شوێنێکدا بینووسین گرنگ نییە و، بەپێی ئەو نرخی (ڕاست ،چەپ ،سەرەوەو خوارەوە)ی داومانەتێ دانەکە Element دادەنێت،نەك بە پێی نووسینی دانەکە Element لەناو کۆدی HTMLدا، بۆنمونە لە کۆدی HTMLدا ،هەر دانەیەك Element لە پێشتر بنووسرێ ئەوا لەناو لاپەڕەی وێبیشدا لە پێشتر دەردەکەوێت،بەلاّم ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەی پێ بدرێت ئەوا بەپێی نرخی چواردەورەکەی (ڕاست،چەپ،سەرەوە،خوارەوە) لەناو لاپەڕەی وێبدا دەردەکەوێت،نەك بە پێی نووسینی لەناو کۆدی HTMLدا

## چونەسەریەك و بەیەکداچوونی دانەکان

## Elements Overlaping

کاتێك شێوەی دانانی دانەکان Element Positioning جێبەجێدەکەین،لەوانەیە دانەکان بچنەسەریەك و ،بەیەکداچوون ڕوبدات،چونکە ڕۆشتنی دانەکان Flow Element بەشێوەی ئاسایی Normal نابێت ،

بەڵکو بەپێی (شێوەی دانانی دانەکان Element Positioning) دەبێت،بۆیە بۆچارە سەرکردنی ئەم گرفتە تایبەتمەندی زێت z-index property دانراوەو

ئەگەر تایبەتمەندی z-index property بەکارنەهێنین ،ئەوا کام دانەیە Element دوواهەمین دانەبێت کە دانراوە، لەسەرەوە دەردەکەوێت و،بە پێچەوانەوە بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە خۆمان وادەکەین کام دانەیەمان بووێت ئەوەیان لەسەرەوە دەربکەوێت.


## تایبەتمەندییەکانی  شێوەی دانان

## Positioning Properties

1-خوارەوە bottom:ئەم تایبەتمەندییە بەکاردێت بۆ چەسپاندن و پێدانی نرخی لێوار ی چواردەوری خوارەوە بۆ سندوقی شێوەی دانان و،بە 3 شێوەش نرخ وەردەگرێت،کە ئەمانەن:

| نرخ Value | وەسفکردن |
|---|---|
| auto | بەرزییەکەی ئۆتۆماتیکی بێت و هیچ بەرزییەکی دیاری کراوی پێنادەین.بەڵکو بگەر Browser خۆی پانی پێدەدات و ئەمەش نرخێکی هەمیشەیی و جێگیرە .Default Value |
| length | پێدانی نرخ بە پێی ژمارەیەك بە پیکسڵ،یان سانتیم یان ... . وەکو:150px و بەو شێوەیە. |
| % | پێدانی نرخ بە ڕێژەی سەدی. |

2-بڕین و قرتاندن Clip:ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ شێوەی دانانی تەواو(دروست)  Absolute Positioning دا، بەکاردێت و،بەهۆیەوە بەشێك لەسەرەوە یان خوارەوە یان ڕاست یان چەپی ئەو دانەیە the element دەقرتێنێت




سەر ڕێژبوون Overflow:بریتییە لە زیادبوونی حەجمی زانیارییەك لە چاو حەجمی ئەو شوێنەی کە دەمانەوێت تێیدا دایبنێین، بۆنمونە دەمانەوێت زانیارییەك (نووسین،....) لەناو تاگێك دا دایبنێین وحەجمی تاگەکە(پانی و بەرزی) دیاری کراوە (وەکو دیڤ) و،زانیارییەکەش لەحەجمەکە (پانی و بەرزی) زیاترە،بۆیە سەر ڕێژبوون Overflow ڕوودەدات، ئەگەر سەر ڕێژبوون ڕووی دا،ئەوا پێویستە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی کێشە و ناڕوونی لەو دانەیەی Element کە ئەم سەر ڕێژبوونەی تێدا دروست بووە،ئەم کێشەیەش بەبەکارهێنانی ڕستەی سەر ڕێژبوون Overflow Statement چارەسەر دەکرێت

تایبەتمەندی سەر ڕێژبوون Overflow Propertyئەم نرخانە وەردەگرێت:


| نرخ Value | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| visible | لەبەر سەر ڕێژبوون overflow قرتاندن و برین clipنییە ، بۆیە زیادەکە لەدەرەوەی سنوری سنوقی دانەکە Element Box دەردەکەوێت. |
| hidden | ئەوبەشەی زیادەیە دەیشارێچتەوەو،دەرناکەوێت. |
| scroll | سکرۆڵ دروست دەکات و،بەهۆیەوە ئەو بەشەشی کە زیادەیە دەبینین. |

| | |
|---|---|
| auto | وەکو Scroll وایە |
| inherit | نرخی سەر ڕێژبوون بە شێوەیەکی بۆ ماوەی دەبێت و،لەبەش و دانەکانی ترەوە وەری دەگرێت. |


## هەشتەم//دریژکراوە Extention:

لەم بەشەدا، گرنگترین شت هێمای ماوسەکەیە، بۆیە تەنها گرنگی بەم بەشە دەدەین و روونی دەکەینەوە، شێوەی سەهمی (هێمای) ماوس Cursor:بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە شێوەی سەهمی ماوسەکە دیاری دەکەین،کە چەند شێوەیەکی دیاری کراومان هەیە وەکو هێمای دەست،یان چاوەڕوانی،یان ..... ،بەبەکارهێنانی ئەم ڕستەیە:

دەتوانین هەریەکێك لەم نرخانە بەکاربهێنین:

| نرخ Value | وەسفکردن |
|---|---|
| URL | سەهەمەکە بەشێوەی \| دەبێت. |
| auto | هەمیشەیی Default.بگەڕەکە دایدەنێت. |
| crosshair | بەشێوەی + دەبێت. |
| default | بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەبێت. |
| e-resizer | شێوەی پارچەهێڵکی ئاسۆی دەبێت کە هەردوو سەری سەهمە  |
| Help | شێوەی سەهمێك و نیشانەی پرسیاردەبێت. |
| Move | شێوەی سەهمی گواستنەوە و جوڵە  |
| n-resize | پارچە ڕاستە هێڵێکی ستوونی هەردوو سەری سەهمە  |
| Ne-resize | پارچەسەهمێکی لاری هەردووسەرەکەی سەهمە. |
| Nw-resize | وەك ne-resizeوایە،تەنها شێوەی لارییەکەی پێچەوانەیە. |

| | |
|---|---|
| Pointer | شێوەی دەستێك دەبێت. |
| Progress | شێوەی سەهمێك كە نیشانەیەكی چاوەڕوانی لەسەرە. |
| s-resizer | پارچە ڕاستە هێڵێكی ستوونی هەردوو سەری سەهمە  |
| Se-resizer | پارچەسەهمێكی لاری هەردووسەرەكەی سەهمە. |
| Sw-resizer | وەك se-resizeوایە،تەنها شێوەی لاربیەكەی پێچەوانەیە. |
| text | شێوەی سەهمی نووسین وەردەگرێت |
| w-resize | شێوەی پارچە ڕاستەهێلێكی ئاسۆی دەبێت كە هەردوو سەری سەهمە |
| Wait | شێوەی هێمای چاوەڕوانی وەردەگرێت. |




## نۆهەم//گواستنەوە Transition:

تایبەتمەندییەکانی ئەم بەشە تایبەتە بە گواستنەوە و ماوەی گواستنەوە و دوواکەوتن و ...... .

## دەهەم//زمان Language:

گرنگترین بەشی زمان ، ئاراستەی نووسینە کە ئایا نووسینە راست بۆ چەپ بێت RTL یان چەپ بۆ راست بێت LTR، هەروەها دەکرێت یونی کۆدیش هەلبژێرین بەهۆیەوە.




کلیك لەسەر Ok دەکەین و دەچێتەوە سەر رووکارەکەی تر و جارێکی تریش کلیك لەسەر Ok دەکەین و بەمەش دسقەکە درووست دەبێت :




# گۆڕينى تايبەتمەندى


# Change Property

دوواى ئەوەى ديڤێك يان ... درووست كردوو و ويستمان گۆران كارى لە تايبەتمەندييەكانى دا بكەين، ئەوا:


1. كليك لەسەر ئەو دانەيە، ديڤ يان .... دەكەين كە دەمانەوێت تايبەتمەندييەكانى بگۆڕين.
2. لەبەشى نەخشە سازى سى ئيس ئيس CSS Design كليك لەسەر ناوى ستايلەكە دەكەين:




3. لەبەشى ديارى كەرەكان Selectors كليك لەسەر ئەو ديارى كەرە دەكەين كە دەمانەوێت تايبەتمەندييەكانى بگۆڕين:




4. لە بەشى تايبەتمەندييەكان گۆڕانكارى لە تايبەتمەندييەكانا دەكەين بە بەكارهێنانى كليك و نووسينى نرخەكان:




تێبینی ::

- بۆ زانینی وردەکاری تایبەتمەندییەکان بروانە بابەتی یاسای نوێ ی سی ئێس ئێس New CSS Rule ، بابەتی پێشتر.
- تایبەتمەندییەکان لە چەند گرووپێکدا دابەش کراون وەکو گرووپی لاکان Layout، نووسین Text، چوار چێوە Border، پشتەوە Background، سێبەری سنووق Box Shadow.

## دانان و زیادکردنی تایبەتمەندی دووای دانانی دانەکان

## Adding Properties of CSS AfterAdding Element

ئەگەر دیڤێك یان دانەیەکمان زیاد کردوو و دواتر بریارمان دا تایبەتمەندی پێبدەین، ئەوا دووای ئەوەی لە تاگی دانەکەدا ئای دی یان کلاسێك دەنووسین، ئەم هەنگاوانە جیبەجێ ئەکەین:




```
<!doctype html>
<html>
<head>
<meta charset="utf-8">
<title>About Us</title>

</head>


<body>
<div id=header>Content for New Div Tag Goes Here
</div>
```




1. لە بەشی نەخشە سازی سی ئێس ئێس CSS Designerدا، کلیك لەسەر هێمای + دەکەین و، پاشان کلیك لەسەر Deffine in Pageدەکەین:



2. لەبەشی دیاری کەر دا کلیك لەسەر هێمای + دەکەین و ئای دی یەکە دەنووسین و پەنجە دەنێین بە دووگمەی ئینتەر  Enterدا، یاخود کلیك لەسەر ئەو دانەیە ((دیڤ یان ..... )) دەکەین لە جیاتی نووسینی ئای دی و خۆی ئای دییەکەمان بۆ دەنووسێت و، ئیمە تەنها  Enterدەکەین :




3. بەهەمان شێوەی پێشوو، تایبەتمەندی دەدەین بەو دانەیە (دیڤ یان ....) بەهۆی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکانەوە.




# زیادکردنی سی ئیس ئیس دەرەکی و بەکارهێنانی


# Adding External CSS then Writing Code or Adding Properties

دووای ئەوەی لەسەرەتای ئەم بەشەدا باسی درووستکردنی سی ئیس ئیس CSSمان کرد، ئیستا باس لە زیاد کردنی ئەو سی ئیسە و دانانی تایبەتمەندییەکان دەکەین:

1. لە پەنیلی نەخشە سازیی سی ئیس ئیس CSS Designدا کلیك لەسەر هێمای + بکە.
2. پاشان کلیك لەسەر Attach Existing File بکە ئەگەر پێشتر فایلی سی ئیس ئیسەکەت درووست کردووە، بەلام ((ئەگەر پێشتر درووستت نەکردووە کلیك لەسەر Create New CSS File بکە – ئیمە درووستمان کردووە)).




3. کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکانی هینانی سی ئیس ئیسی دەرەکی External CSS بکە، واتە لینك Link یان هینانە ناوەوە Import، من کلیکم لەسەر Link کردووە، پاشان بەهۆی بەشی بگەڕەوە Browse فایلەکە دیاری بکە.




4. کلیك لەسەر Okدەکەین.
5. بەهەمان شێوەی ڕێگەکەی پێشوو تایبەتمەندی بۆ کلاس و ئای دییەکان دادەنێین.

# پرۆژەکان


# Projects

# کردنەوەی بەرنامەکە و درووستکردنی سایتێکی نوێ

# Open Dreamweaver & Create New Website


## یەکەم// کردنەوەی بەرنامە  Open Program:

6. کلیك لەسەر دووگمەی دەستپێکردن  Start بکە.
7. کلیك لەسەر بەرنامەی دریمەوەیڤەر سی سی  Adobe Dreamweaver CC 2014بکە.
8. پاش کەمێك چاوەروانی بەرنامەکە دەکرێتەوە.





## دووەم// درووستکردنی ماڵپەڕێکی نوێ  Create New Site:


5. کلیك لەسەر ماڵپەڕ  Site بکە.
6. کلیك لەسەر ماڵپەڕی نوێ  New Site بکە.



7. پاشان لەو رووکارە نوێ یەی کراوەتەوە، لە خانەی ناوی ماڵپەڕ Site Name دا، ناوێك بۆ سایتەکەت بنووسە و، لە خانەی فۆڵدەی شوێنی سایت Local Site Folder ئەو شووێن و فۆڵدەرە دیاری بکە، کە دەتەوێت سایتەکەی تیا دابنێیت.





8. کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت Save بکە. بەمەش لە لای راستی بەرنامەکەوە، ناوی فۆڵدەرەکەی درووستمان کرد، لە بەشی فایلەکان دەردەکەوێت.




# دروستکردنی فۆڵدەرەکان و فایلەکان

6. لە بەشی فایلەکان Filesدا، کلیکی راست لەسەر فۆڵدەری سەرەکی سایتەکە بکە.




7. پاشان ئەگەر دەتەوێت، فۆڵدەر Folder دروست بکەی، کلیك لەسەر فۆڵدەری نوێ New Folder بکە، ئەم فۆڵدەرە ناو بنێرەوە بۆ وێنەکان images، تا هەموو وێنەکانی سایتەکەی تیا دابنێین.




8. فۆڵدەرێکی تر بۆ سی ئیس ئیس CSS دروست دەکەین. هەروەها بە گوێرەی پێویست فۆڵدەری تر دروست دەکەین بە هەمان رێگە.

9. کلیکی راست لەسەر فوڵدەی سی ئێس ئێس css folder کە درووستمان کردووە، بکە و پاشان کلیك لەسەر فایلی نوێ New File و ناو و پاشگراکەی بکە بە styls.css و پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەر دا، بۆ جێگیر کردنی ناوەکەی .


10. پاشان کلیك لەسەر HTML بکە، لەو رووکارەی بەردەست تە بۆ درووستکردنی لاپەرەی سەرەکی و پاشان کلیك لەسەر فایل File بکە و دواتر کلیك لەسەر Save بکە و بە ناوی index.html پاشەکەوتی بکە:




تیبینی :: ئەگەر ئەو رووکارەی سەرەوەت لابردبوو، بەردەست نەبوو، بە دوو ریگەی تر دەتوانین لاپەرەی سەرەکی index.html و فایلی تری هتمل HTML درووست بکەین:

## ریگەی یەکەم::

8. کلیك لەسەر دووگمەی فایل File دەکەین، پاشان کلیك لەسەر ...Newبکە:




9. ئەم رووکارەی خوارەوە دەکریتەوە و لە ستوونی جۆری لاپەرە Page Type جۆری ئەو لاپەرەیە دیاری بکە ((هتمڵ HTML)) کە دەتەوێت.


10. له ستوونی لاکان Layoutدا، یەکێك له جۆرەکان هەلبژێرە، یان کلیك لەسەر None بکە و هیچ هەلمەبژێرە.

11. له بەشی دۆك تایپ DocTypeدا، نەوەی هتمڵ HTML دیاری بکە، بۆ نموونە هتملی پێنج HTML5.

12. له بەشی لاکانی سی ئیس ئێس CSS Layoutدا، ئەو فایلی سی ئێس ئێسەی CSS درووستمان کردووە زیادی بکە بۆ سەرە Add to Head یان فایلێکی نوێ Create New File درووست دەکەین، یاخود لینکی دەکەین بەو فایلەوە کە ئیستا هەیە Link to Existing File.


13. له بەشی هاوپێچکردنی فایلی سی ئێس ئێس Attach CSS Fileدا، دووگمەی هاوپێچکردنی سی ئێس ئێس هەیە کە وینەی زنجیریکە و بەهۆیەوە ئەو فایلەی دەمانەوێت لینکی دەکەین لەگەڵ ئەو فایلە هتمڵHTML ـــەی درووستی دەکەین.

14. له کۆتای دا کلیك لەسەر دووگمەی درووستکردن Createدەکەین.




## ڕێگەی دووەم::

4. لە بەشی فایلەکان Files لە لای چەپ بەرنامەکە و لە سەرەوە ، کلیکی ڕاست لەسەر ناوی سایتەکە بکە .




5. کلیك لەسەر فایلی نوێ New File بکە.




6. ناوی فایلە دروست بووەکە بگۆڕە بە insex.html و پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەر Enterدا.

تێبینی::

کاتێك ئەم ریگەیە بەکار ئەهێنین ئەوا پێویست بە پاشەکەوت کردنی سەرەتایی Save ناکات و خۆی پاشەکەوتی دەکات.


# کردنەوە، پیشاندانەکان و دانان

# Open, Preview and Insert


## یەکەم// کردنەوە Open:

دووای ئەوەی فایلی هتملّ index.html مان درووستکرد ئەگەر دامان خستبیتەوە، ئەوا بە یەکێك لەم دوو ریگەیە دەیکەینەوە :

ریگەی یەکەم:: لە بەشی فایلەکان Filesدا، دووانە کلیك لەسەر هتملّ index.htmlدەکەین:




ڕێگەی دووەم:: کلیك لەسەر لیستی فایل File دەکەین پاشان کلیك لەسەر کردنەوە Open دەکەین:





پاشان بەهۆیەی بەشی کردنەوە وە ئەو فایلەی دەمانەوێ دیاری دەکەین و دوواتر کلیك لەسەر دووگمەی کردنەوە Open دەکەین.

تیبینی::

دەتوانین کە کلیکمان لەسەر فایل file کرد، پاشان کلیك لەسەر کردنەوەی فایلە تازەکان Open recent بکەین و پاشان کلیك لەسەر فایلە تازەکە بکەین تا بکریتەوە.

## دووەم// پیشاندانەکان Preview::

دووای ئەوەی لاپەرەکەمان کردەوە، دەتوانین بەچەند جۆرێك لاپەرەکان پیشانبدەین، کە هەر پیشاندانە و بۆ مەبەستێك بەکاردێت و، جیاوازیش لە شێوەی پیشاندانەکان دا هەیە:




- کۆد Code: پیشاندان بە شێوەی کۆد، ئەم پیشاندانە بۆ ئەوەیە راستەوخۆ کۆد بنووسین.
- جیا ((دووانی)) Split: پیشاندانی دووانی بۆ ئەوەیە هەم کۆد پیشان بدات و هەم شێوەی نەخشە سازی و بەمەش ئەو کارەی بە کۆد نووسین دەیکەین لە نەخشە سازی دەیبینین.
- نەخشە سازی Design: پیشاندانی شێوەی نەخشە سازی بۆ ئەوەیە کە لە رێگەی هەلگرتن و گواستنەوە ((راکێشان)) ی بەشەکانەوە کار بکەین و کۆد نەنووسین.
- راستەوخۆ Live: پیشاندانی راستەو خۆ بۆ ئەوەیە کە بزانین کاتی بلاوکردەوەی سایتەکەمان چۆن دەردەچێت لە ناو وێبگەر Web Browser و بەشێوەی راستەو خۆ، کاتێك کلیك لەسەر ئەم شێوەیە دەکەین دوو شێوەی تر، چالاك دەبێت، ئەوانیش کۆدی راستەو خۆ Live Code و Inspect، هەروەها دووگمەکانی بۆ پێشەوە Forward و بۆ دوواوە Back و نوێکردنەوەش Refresh زیاد دەبێت.
- پیشاندان لە وێبگەر Preview/debug in Browser: ئەم جۆرەی پیشان دان سوودی لێوەر دەگیرێت بۆ ئەوەی کارەکەمان لە وێبگەری گووگڵ کرۆم Google Chrome یان هەر وێبگەرێکی تر Web Browser پیشان بدەین.
- ناونیشان Title : بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین ناونیشانی سایتەکەمان دابنێین، یان بیگۆرین ئەگەر دامان نابوو، کە راستەوخۆ لە ناو کۆدەکەدا دای دەنێت لە تاگی سەرە Headدا و، لە شریتی ناونیشانی Title Bar وێبگەر Web Browser دەردەکەوێت.
- بەریوەبردنی فایل File Management: ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ کردنەوەی چەند بەشێکی تایبەت بە بەریوەبردنی فایل.

## سێهەم// کۆد نووسی Writing Code::

شێوەی پیشاندانی کۆد Code، یان دووانی Split چالاك دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین کۆد بنووسین، بۆ نموونە دیڤێك <div id="header"> دەنووسین:





بەرنامەکە کار ئاسانی تەواو ئەکات بۆ کۆد نووسین و، کاتێك دەمانەوێت تاگی دیڤ بنووسین، ئەوا دووای نووسینی < و پاشان خۆی هەموو تاگەگانمان بۆ دەخاتە روو، کاتێك پیتی دی d دەنووسین هەموو ئەو تاگانە دەهیلێتەوە لە پیشاندانەکەدا،کە بە دی d دەستپێدەکات، پاشان ئای دی ID یان کلاسێکی دەدەینێ، و دای دەخەینەوە >، هەروەها کە هێمای > دەنووسین بۆ داخستنەوە تاگەکە و پاشان هێمای / ئەوا بەرنامەکە خۆی تەواو کەرەکەی div> دەنووسێت.

# زیاد کردنی شیتی ڕێکخستن


# Adding Style Sheet

دووای ئەوەی کە کۆدمان نووسی، دیڤێکمان زیاد کرد و، ئای دی ID سەرەمان Header پێدا، ئێستا پێویستە ، چۆنێتی نووسینی کۆدی سی ئێس بۆ ئەم کۆدی هتملْ HTMLـە، فێر ببین بۆ جوانکاری و ڕێکخستن.

ئێستا کاتێك سەیری بەشی سی ئێس ئێس CSS Designerدەکەین لە پەنجەرەکانی Windows تەنیشتی لای ڕاست دا، دەبینین هیچ ستایلێك Style Sheet زیاد Add نەکراوە بۆ هتمل HTML، بۆیە یەکەم هەنگاو دەبێت ستایلْ شیتێك زیاد بکەین:




1. کلیك لەسەر هێمای + دەکەین لە پەنجەرەی تایبەت بە نەخشە سازی سی ئێس ئێس CSS Design:





2. پاشان یەکێك لەو سێ هەڵبژاردنەی هەیە، بە گوێرەی پێویست هەڵدەبژێرین:

- دروستکردنی فایلێکی نوێ ی ستایلْ Create A New CSS File.
- هاوپێچ کردنی فایلێکی سی ئێس ئێس ی ئامادە کە پێشتر دروستمان کردووە Attach Existing CSS File.
- پێناسەکردنی لە لاپەرەدا Define in Page.

3. ئێمە دووەم هەڵبژاردن بەکار دەهێنین و کلیکی لەسەر ئەکەین. چونکە لە هەنگاوەکانی پێشوو دا، فایلێکی سی ئێس ئێس CSS File مان درووست کرد.

4. پاشان لەو رووکارەی دەکرێتەوە کلیك لەسەر گەران  Browser دەکەین بۆ هێنانی ئەو فایلەی دەمانەوێت زیادی بکەین، دوواتر دیاری دەکەین کە زیاد کردنەکە بە شێوەی Add As لینك Link یان هێنانە ناوەوە Import.
5. لە کۆتایدا کلیك لەسەر دووگمەی Okدەکەین.




## نووسینی کۆد بۆ دیاری کەر

## Write Code to Selector

کاتێك تاگی دیڤمان نووسی، یەکێك لە دیاری کەرەکانمان دایە کە ئای دی بوو، هەروەها ناومان نا سەرە header ئیستا بۆ ئەوەی کۆد بۆ ئەو سەرەیە بنووسی، لە پەنجەرەکانی تەنیشتی و، لە پەنجەرەی نەخشە سازی سی ئێس ئێس دا، کلیك لەسەر ئەو فایلی سی ئێس ئێسە دەکەین کە لینکمان کرد، پاشان :

1. لە ناو کۆدەکە دا، کلیك لەسەر ناوی ئەو ئای دی یە بکە دەتەوێت کۆدی بۆ بنووسیت.
2. پەنجەرەی دیاری کەرەکان Selectors Windowsدا، کلیك لەسەر هێمای + بکە.
3. بەمەش لەناو فایلی سی ئێس ئێسەکە CSS File شێوەی نووسینی کۆدی ئای دی بۆ ئای دی سەرە زیاد دەبێت :


#header {

}

## دیاری کردن و نووسینی تایبەتمەندی


## Properties

ئیستا بەهۆی پەنجەرەی تایبەتمەندییەوە، هەر تایبەتمەندییەکمان بوویت دیاری دەکەین و نرخی پێدەدەین، بۆ ئەوەی کۆدەکەیمان بۆ بنووسێت بۆ ئەو بەشە:





بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت پانی Width دیاری بکەین، ئەوا کلیك لەسەر ئۆتۆ auto دەکەین لەبەرامبەر پانی Width دا، و دەیگۆڕین بە پیکسڵ px و پاشان نرخی 800ی دەدەینێ. چونکە دەمانەوێت هەشت سەد پیکسڵ پانبێت.

پاشان بۆ بەرزی height، دەیکەین بە 200 پیکسڵ.




پاشان ئەگەر دەتەوێت ئەم بەشەی دروستمان کردووە ببێتە سەرەیەك لە ناوەراستی سایتەکەدا، ئەوا چوار دەری ئەو دیڤە بکە بە ئۆتۆ auto، لە پەنجەی تایبەتمەندییەکانەوە Properties Window:




## زیاد کردنی وێنە بۆ سەرە

## Adding Image to Header

لە هەنگاوەکانی پێشوودا، باسی درووست کردنی فوڵدەری وێنە Image Folderمان کرد، بۆ ئەوە بوو وێەکانی تیا دابنێین و، ئەو وینەی سەرەیەی ئامادەت کردووە بە حەجمی دیاری کراو، لەو فولدەرەدا دای بنێ و، پاشان :



به هەڵگرتن و گواستنەوە Drag & Drop وێنەکە هەلبگرە و بیگوێزەرەوە بۆ سەر ئەو دیڤەی درووستمان کردووە و بەمەش سەرەی سایتەکەمان Header of Site درووست کرد:




## دروست کردنی شریتی لیستەکان

## Create Menu Bar

دووای ئەوەی سەرەی سایتەکەمان درووست کرد، ئێستا شریتی لیستەکان Menu Bar درووست دەکەین، جارێکی تر دەگەڕێینەوە بەشی کۆد، بۆ نووسینی تاگی پێویست بۆ کارەکەمان:

یەکەم// تاگی ناڤ دەنووسین و ئای دی ناڤ باری پێدەدەین:


```
<div id="navbar"> </div>
```

پاشان:


1. وەك لە پێشووتر باسمان کرد، دیاری کەرێك زیاد دەکەین بۆ فایلی سی ئیس ئیسەکە.
2. بە هۆی پەنجەرەی تایبەتمەندییەوە، تایبەتمەندی دیاری دەکەین:
 - پانی 800 پیکڵ.
 - چوار دەور Margins: راست و چەپ ئۆتۆ.
3. پاشان لەبەشی دیزاینەوە ئەوانەی دەمانەوێت ببنە بەشێك لە لیستەکە دەینووسین:




بەهۆی بەشی تایبەتمەندی یەکان Properties دەستکاری تایبەتمەندی هتملّ HTML یان CSS دەکەین:




4. هەرکام لە Home، About، Contact و ...... دیاری دەکەین و، بەهۆی بەشی لینك Link لە پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان لە خواری لاپەرەکەوە، یەك یەك لینکیان دەکەین بە لاپەرەکانی ترەوە:




بەمەش شریتی مینیوومان درووستکرد و هەموو لینکەکانمان کرد:





# دیقی وێنە

# Image Div

ئیستا دەمانەوێت لە ژێر شریتی مینیو Menu Bar ی سایتەکەدا، دیڤێك زیاد بکەین، بۆ دانانی وێنەیەك کە سەهمی ماوسەکەی ببەینە سەر ببێتە وێنەیەکی تر.

1. دیڤێك رائەکێشین بۆ ژێر دیڤی دووەم.
2. ئای دی ImageRollover پێ دەدەین.
3. تایبەتمەندی پانی 800 و بەرزی 200، و چورچێوەی Maaring ئۆتۆ Auto بۆلای راست و چەپ، بۆ ئەوەی بکەوێتە ناوەراست و بکەوێتە ژێر دیڤەکەی تر.
4. کلیك لەسەر دانان Insertدەکەین.
5. سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر وێنە Image و، پاشان Rollover Image.

6. دوو وێنە دیاری دەکەین، کە وینەی یەکەم ئەسڵی یە و لەکاتی کردنەوەی سایت دەرەکەوێ و، وێنەکەی تر لەکاتی کلیك لەسەر کردن دەرەکەوێ.




## دیڤی ناوەرۆك و ژێرە

## Content and Footer Div

بەهەمان شێوەی دیڤەکانی پێشوو ، دیڤی ناوەرۆك و ژێرە بەهەمان شێوە و ڕێگەی پێشوو، درووست دەکەین و، بەمە سایتێکی دروست بووە و، دەتوانیت بەکاری بهێنیت.

**بۆ زیاتر فێربوون پێویستە پرۆژەکانی ((درووست کردنی ئەلبووم، درووست کردنی مینیو بار، سلاید شۆ و ..... لابێت)).**

**بەرهەمەکانی داهاتوو، جاڤا، سی شارپ، ئۆ ئۆپی بە جاڤا، پی ئێچ پی، ئەی ئیس پی دۆت نێت ..... چاوەڕوان بن.**



View publication stats